عەزیز نەسین

# بیرەوەریی دوورخراوەیەک
## چاپی سێیەم

عبدالله حسن‌زاده
کردوویە بە کوردی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوی کتێب:   بیرەوەریی دوورخراوەیەک
بابەت:          ڕۆمان
نووسەر:      عەزیز نەسین
مترجم فارسی:    ڕضا همراه

وەرگێڕی کوردی:        عبدالله حسنزاده
نۆرەی چاپ:  سێیەم
ئەژمار: ١٠٠٠  دانە
نرخ:              دینار
ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی گشتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشەکی بۆ چاپی یەکەم

ساڵی ۱۹۷۷ کاتێک "گێلە پیاو"ی عەزیز نەسینم کردە کوردی، هەرچەند زۆر بەوە دڵخۆش بووم کە توانیبووم لەماوەی تەنیا مانگێکدا ئەو داستانە جوان و نایابە بێنمە سەر زمانی شیرینی کوردی، بەڵام ترس و نیگەرانی لە دوو شت هەموو گیانی داگرتبووم:

یەکیان ئەوە بوو کە "بە فلسم دەگوت فەتاح بەگ" و چاپی کتێبێکی ۳۰۰ – ۴۰۰ لاپەڕییش باخەڵی گەرمی دەویست. بۆیە دەترسام ڕەنجبەخەسار دەرچم و ئەو بەرهەمە شیرینە هەرگیز بە زمانی کوردی نەکەوێتە بەر دەستی خوێنەرە خۆشەویستە هاوزمانەکانم. دووەمیشیان ئەوە بوو کە دەترسام نەمتوانیبێ ئەو تاموچێژەی لە داستانەکەدا هەیە بێنمە نێو وەرگێڕانە کوردی‌یەکە و بەو کارە نەکەهەر خۆم لەلای خوێنەری کورد خوێنتاڵ و ڕەزاگران کردبێ، بەڵکوو لە نرخی کاری نووسەرێکی گەورەی وەک عەزیز نەسینیشم کەم کردبێتەوە.

خواوراستان پاش چەند مانگێک دەرووی خێرم لێ‌کرایەوە و "دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی" لە "وەزارەتی ڕۆشنبیری و هونەر"ی کۆماری عێراق (کە زۆر سوپاسی دەکەم)، ئەرکی چاپکردنی کتێبەکەی وەئەستۆ گرت و بەمە لایەنی یەکەمی نیگەرانی‌یەکەم بەرۆکی بەردام. بەڵام لایەنی دووەم هەروا و بەزیادەوەش دڵی دەگوشیم.

هەتا لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ۱۹۷۸دا کتێبەکە کەوتە بەر دەستی خوێنەران. هەر مەپرسە چەند دڵخۆش بووم کە دیتم بە ماوەیەکی یەکجار کورت نوسخەی لە بازاڕدا نەما و ئەوانەی زوو فریای کڕینی نەکەوتبوون لە کەسانی دیکەیان وەردەگرت و دەیانخوێندەوە.

سوپاسی زۆرم بۆ ئەدیب و ڕووناکبیرە بەڕێزەکان کە بەڕاستی منەتباریان کردم. بەشێکی زۆر لە خوێنەرە زانا و خاوەن‌نەزەرەکان گەورەیی‌یان کرد و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"دەستخۆش"یان پێگوتم و تەنانەت هێندێکیان بە نووسین لە ڕۆژنامەکانیشدا ئەم هەڵوێستەیان نواند.

هەرلەو کاتەدا زۆر لە دۆستە ئەدیبەکانم پێیان گوتم دەبووایە پێشەکییەکی بۆ بنووسی و دانەری کتێبەکە بە خوێنەران بناسێنی. با نەیشارمەوە کە پێش دەرچوونی کتێبەکەش هێندێ کەس پێشنیاری نووسینی ئەو پێشەکییەیان پێکردم، بەڵام لەبەر چەند هۆیەک و لە هەمووان گرنگتر ئەوە کە پێموابوو عەزیزنەسین لەوە ناسراوترە پێویستیی بە ناساندن هەبێ، ئەو پێشەکی‌یەم نەنووسی.

ئەو پێشوازی‌یە گەرمەی لە "گێلە پیاو" کرا لەلایەک و هاندانی ئەدیب و نووسەرە کوردەکان لە لایەکی دیکە پاڵیان پێوە نام کە ئەو داستانەی ئێستاش لەبەر دەستە (بیرەوەریی دوورخراوەیەک" لە فارسی‌یەوە بکەمە کوردی و ئەو ڕاستی‌یەش کە بۆم دەرکەوەت بەپێچەوانەی بۆچوونی پێشووم، زۆرکەس هەن نەک‌هەر هیچشتێک لەبارەی عەزیز نەسینەوە نازانن بەڵکوو یەکەمجاریانە ناویشی دەبیسن، هانی دام کە ئەمجارەیان هەرچەند داستانەکە بۆخۆی بەسەرهاتی ماوەیەک لە ژیانی نووسەرە، دیسانیش پێشەکی‌یەکی بۆ دابنێم.

لێرەدا بۆئەوەی پێشەکی‌یەکە هەم زانیاریی ڕاستودروستی لەبارەی نووسەرەوە تێدا بێ و هەم ئەویش وەک داستانەکە خۆی شیرن و بەتاموخوێ بێ، وام بە باش زانی کورتەی پێشەکی‌یەک کە نووسەر بۆ یەکێک لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی خۆی نووسیوە بکەمە کوردی و سەرەتای چاپی کوردیی ئەم داستانەی پێ بڕازێنمەوە.

وەرگێڕ

١٩٧٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## داستانی ژیانی خۆم

باوکم کە لە ئەنەدۆڵ گەورە بووە، و وا دیارە بۆ دروستکردنی من ناچار بووە ئەو ڕێگا دوورو درێژە ببڕێ، زەماوەندی کردوە.

لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی کات و شوێن بە دەست خۆم نەبوو، ساڵی ١٩١٥ لە ڕۆژە خوێناوییەکانی یەکەم شەڕی جیهانیدا لە مەڵبەندێکی دەوڵەمەندنشینی ئەستەمبووڵ، واتە لە دوڕگەی هیبلی لەدایکبووم.

ئەم دوڕگەیە هاوینەهەواری دەوڵەمەند و خواپێداوەکانی تورکیایە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوانیش بەبێ هەژار و نەدارەکان کاروباریان بۆ ناڕوا، هێندێ بنەماڵەی هەژاری وەک مەمانانیش دێننە لای خۆیان و لە بەرامبەر کارێکی زۆر سەخت و دژواردا ژیانێکی "نەمر نەژی"یان بۆ دابین دەکەن.

لەم قسانە وا تێمەگەن کە خۆم بە بێشانس دەزانم. بەپێچەوانەوە، شانازی دەکەم کە لە بنەماڵەیەکی هەژاردا چاوم هەڵێناوە کە ٩٠%ی گەلی ئێمە پێکدێنن. ناویان نام "نصرت" و ئەم وشەیەش لە عەڕەبیدا بەمانای ”یارمەتیدەر"ە. گۆیا ئەمن یارمەتیدەرێک بووم کە خوا دابوومی بە دایکوبابم. ئەم ناوە زۆریش لەجێی خۆیدا بوو، و لەکاتێکدا دایک و بابم هیچ هیوایەکیان بە ژیانی خۆیان و من نەبوو، پشتیان بە کەرەمێ خوای بەستبوو.

ئەگەر بۆتان باس بکەم چۆن چوار برام لە بەرامبەر برسیەتی و تینووەتیدا بەچۆکدا هاتن و یەک لەدوای یەک ماڵئاواییيان لەم جیهانە خواست تێدەگەن کە ئەمن لە ژیاندا چەندە گیانسەختم. بەپێچەوانەی ئەو گیانسەختییەی من، دایکم پاش ٢٦ ساڵ ژیان بۆئەوەی خەڵکی دیکە و بەتایبەتی چینی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵەمەند و خواپێداوەکان پتر و باشتر بژین، عومری درێژی بۆ ئێوە بەجێ‌هێشت. وەک دەزانن بازرگانەکان لە وڵاتانی سەرمایەداری و نووسەرەکان لە وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا تارادەیەک حاڵیان باشە، واتە ئەو کەسانەی دەزانن ژیان چۆن دەبێ ئەگەر نووسەر بن لە وڵاتی سۆسیالیستی دەژین و ئەگەر بازرگانیش بن وڵاتی سەرمایەداری هەڵدەبژێرن.

جا بزانن ئەمن چەند گەمژە بووم کە لەکاتێکدا تەمەنم دە ساڵ پتر نەبوو، لە وڵاتێکی وەک تورکیا کە هەر لەسەرەتاوە سەرمایەداری‌یەکی تێکەڵپێکەڵی هەبوو، هەوای بوونەنووسەر لە کەللەی دام. لە هەمووی خۆشتر ئەوەیە لە تەواوی بنەماڵەکەمان‌دا کەسێک نەبوو خوێندنەوە و نووسین بزانێ.

بابم وەک هەموو باوکێکی دیکە کە خێرخوازی منداڵەکانیانن ڕووی تێ‌کردم و گوتی:

–بابە گیان! لەئێستاوە زەوقی خۆت لە ڕێگایەکدا وەکار بخە کە بتوانی نانێکی نەمرنەژیی لێ پەیدا بکەی. ئەگەر بە قسەی من دەکەی، هەوای نووسەری و شاعیری –کە بێجگە لە ژانەسەر و بێ‌بەشی بەرهەمێکیان نیە– لە مێشکی خۆت دەربکە. بەدبەختی لەوەدا بوو کە هێشتا قەڵەم و کاغەزم بەدەستەوە نەگرتبوو، چارناچار ناردیانمە قوتابخانەی سەربازی.

لە سەرانسەری ژیانمدا ئەوەی ویستوومە بیکەم بۆم نەلواوە و ئەوەی کردووشمە دوایە بەدڵم نەبووە.

لەکاتێکدا دەمەویست ببمە نووسەر بوومە سەرباز. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە ئەودەم منداڵە دەستکورتەکان تەنیا ڕێگایان ئەوە بوو بە شێوەی شەووڕۆژی لە قوتابخانەی سەربازی بخوێنن.

ساڵی ۱۹۳۳ قانوونی دانانی ناوی بنەماڵە (لەقەب، شۆرەت) لە تورکیا جێبەجێ کرا و هەمووکەس ناچار بوو ناوێکی بنەماڵە بۆخۆی دابنێ.

لەبەر ئەوەش کە هەڵبژاردنی ناوی بنەماڵە ئازاد بوو، هەر زوو گرێ‌دەروونی و کەموکوڕی‌یەکانی هاونیشتمانان دەرکەوتن.

چاوچنۆکترین و کوێرنانترین کەسی ئێمە ناوی "دەستبڵاو"، ترسەنۆکترین کەسی ئەم جیهانە ناوی "دلێر" و تەمبەڵترین بنیادەمی سەر زەوی ناوی "چالاک"ی بۆ بنەماڵەکەی هەڵبژارد.

لە هەمووی گرنگتر، مامۆستاکەی ئێمە کە بەحاڵەحاڵ دەیزانی ئیمزای خۆی بکا، ناوی بنەماڵەی خۆی کردە "خەتخۆش".

ئەودەمیش هەروەک ئێستا هێندێکەس هەوڵیان دەدا بە دانانی ناوێکی ئورووپایی، پێگەیشتوویی خۆیان نیشان بدەن. بەڵام ئەمن کە حەزم نەدەکرد بەشم لەو ناوە ئورووپایی‌یانەدا هەبێ ناوی "نەسین" وەک ناوی بنەماڵە بۆخۆم دیاری کرد.

ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە کاتێک خەڵک بەو ناوە بانگم دەکەن هۆشم بێتەوە بەر و بزانم لە دەوروبەرم چدەگوزەرێ.

ساڵی ١٩٣٨ بوومە ئەفسەری سوپا، واتە لەڕاستی‌دا ناپلیۆنێکی دیکە لەدایک بوو. هەموو ئەفسەرێکی لاو خۆی بە ناپلیۆنێک دەزانێ، جا هێندێکیان پاش ماوەیەک ئەم نەخۆشی‌یەیان لەکۆڵ دەبێتەوە و هێندێکیشیان دەگەڵ خۆیانی دەبەنە بن گڵ...

ڕاست لەو وەختەدا کە ئەفسەرێکی لاوی ٢٣–٢٤ ساڵە بووم تووشی ئەو نەخۆشی‌یە هاتم. هەموو ڕۆژێ لە بەیانی‌یەوە هەتا ئێوارێ دنیام دەگرت و لەسەر نەخشەی جیهان هێندێ خەت و نیشانەم دەکێشانەوە. دووسێ ساڵی تەواو ئەو نەخۆشی‌یە ئازاری دام و دوایە بەتەواوی بەری دام.

وەختێک منداڵ بووم لە کاتی یاریی منداڵانەدا ڕۆڵی نووسەرم یاری دەکرد. چونکە لەنێو سوپادا لە بەشی ئیدارە و پیادە و زرێپۆش و ئەو جۆرە شتانەدا باسێک لە بەشی نووسەری و شتی وا نەبوو، ساڵی ١٩٤٤ دەستم لە کار کێشایەوە و لە سوپا چوومە دەر. بەڵام هێندێکەس هەبوون لە دوای ئەوەی دەبوونە ژەنەڕاڵ دەستیان دەدایە کاری نووسین و شێعردانان و لە خۆیان بەولاوەهەموو کەسیان گێژ دەکرد. ئاخر خوا دەزانێ کابرا پاش پەنجا ساڵ تەمەن چۆن دەتوانێ شێعر دابنێ یان وتار بنووسێ.

هەر ئەوکاتە کە ئەفسەر بووم دەستم بە نووسین کرد و لەبەر ئەوەی نەم-دەتوانی وتارەکان بە ناوی خۆمەوە بڵاو بکەمەوە، بە ناوی باوکمەوە (عەزیز نەسین) بڵاوم دەکردنەوە.

ئەم ناوە خوازراوە بە ماوەیەکی کەم بەتەواوی جێگای ناوە ئەسڵی‌یەکەم (نصرت نەسین)ی گرتەوە و ناوەکەی خۆم لەبیر خەڵک چۆوە.

ئەودەم بە منیان دەگوت "نووسەری لاو". باوکم بە ڕیشی سپی و پشتی چەماوەوە لە دایرەیەک کاری دەکرد، هیچ کەسیش ئەوی بە (عەزیز نەسین) قبووڵ نەبوو. تەنانەت جاروبار ئەو مەسەلەیە هێندێ گیروگرفتیشی بۆ ساز دەکرد و بە کورتی هەتا مابوو نەیتوانی ئیسپاتی بکا کە ناوی عەزیز نەسینە...

ئەمنیش وەک زۆربەی نووسەران کاری ئەدەبیم بە شێعر دەست پێکرد. نازم حیکمەتی مەزنمان ئەو کاتەی مانی لە خواردن گرتبوو شێعرەکانی منی خوێندبۆوە و گوتبووی:

—شێعری خەراپ دەڵێ، خەریکی نووسین بێ باشترە.

ئەم قسە بەنرخانەی نازم حیکمەت ئەو هەستەیان لە مندا بزواند کە نەکا ئێرەییم پێبەرێ!!...

دیارە دەبێ بڵێم دوایە کە شێعر و شاعیریم وەلا نا، لەبەر ئەوە بوو کە زۆرم حورمەتی شێعر لەلایە و دەمەوێ تێکی نەدەم.

بەداخەوە ئێستا زۆر شاعیرمان هەن کە لەبەر ئەوەی حورمەتی شێعریان لەلا نیە هەروا لەسەر شێعردانان دەڕۆن.

ئەم قسانەم لەبەر خۆم نین، چونکە هەر بەو ڕادەیە کە لە نووسیندا سەرکەوتووم لە شێعر و شاعیریدا ناسەرکەوتووم.

دیارە شێعرەکانی من لەبەر ئەوە ناوبانگیان دەردەکرد کە زۆرجار ناوی ژنێکیان لە بن دەنووسرا کە لەڕاستیدا ناوی خوازراو (مستعار)ی من بوو. تەنانەت بەو ناوە خوازراوەوە کە ناوی ژنێک بوو زۆر نامەی ئاشقانەشم پێدەگەیشتن...

هەر لە منداڵییەوە حەزم لە نووسینی داستانی درامایی و هەستبزوێن دەکرد. بۆیە یەکەمین داستانم لەو بوارەدا نووسی و دامە ئەنجومەنێک. سەرۆکی ئەنجومەن کە دیار بوو بابەتەکانی نووسین باش لێکناکاتەوە، لەجیاتی ئەوەی هۆنهۆن بگری قاقا پێکەنی و گوتی:

—ئافەرین، دیسان لەوجۆرە چیرۆکانەمان بۆ بێنە.

ئێستاش کە ئێستایە ئەو دەردە بەرۆکی بەرنەداوم. زۆربەی داستانەکانم کە بۆیەم نووسیون خەڵکی بگریەنن، ئەوانیان وەپێکەنین خستوە و بەوجۆرە منیان وەک گەپنووس بە خەڵک ناساندوە. کەچی ئێستاشی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ بێ بۆخۆم نازانم بەڕاستی گەپنووسی چیە!.. تەنیا دەتوانم بەو ڕادە کەمەی لێیدەزانم شتێکتان لەوبارەیەوە بۆ باس بکەم. دیارە ئەمن وردەوردە بوومە گەپنووس و زۆرجار کە دۆست و برادەرەکانم لێمدەپرسن گەپنووسی چۆن هونەرێکە، کورتوکرمانجی عەرزیان دەکەم گەپنووسی سەختترین جۆری نووسەرییە.

ساڵی ١٩٤٥ بەیارمەتیی دەوڵەتی ئەوکات و بەدەستی دەستەیەک لە خەڵک کە ئێمە پێیان دەڵێین (تویژاڵک) ڕۆژنامەکەم کە ناوی تان (TAN) بوو داخرا و پاش ئەوە نەمتوانی لە هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەک کارێک بۆخۆم پەیدا بکەم. ناچار بووم بە زیاتر لە ٢٠٠ ناوی خوازراو نووسینی جۆربەجۆر بدەم بە گۆڤار و ڕۆژنامەکان. نووسینەکانم ئەودەم زیاتر شێوەی سەروتار، ڕیپۆرتاژ، نوکتە و ڕۆمانی عیشقی و پۆلیسی بوون.

ناوە خوازراوەکانم هەر ئەوەند بڕیان دەکرد کە سەرنووسەرانی گۆڤار و ڕۆژنامەکان نەیاندەزانی هی منن و کاتێک پێیان دەزانی ناچار دەبووم ناوێکی تازە بۆخۆم دابنێم.

با ئەوەش بڵێم کە زۆر لەو ناوە خوازراوانەم هەڵەی گەورەگەورەیان لێ شین دەبۆوە. بۆ نموونە وتارێکم بە ناوێکی خوازراوی فەڕانسەییەوە بڵاو کردەوە، لەماوەیەکی کەمدا ناوبانگی دەرکرد و وەک نموونەیەکی هونەری گەپنووسیی فەڕانسە لە پێشانگایەکدا خوێندرایەوە.

هەروەها وتارێکم بە ناوێکی خوازراوی چینییەوە نووسی کە ئەویش وەک نموونەیەکی گەپنووسیی وڵاتی چین لەقەڵەم درا.

دیارە لەو ماوەیەدا کە نەمدەتوانی بە داهاتی نووسینەکانم خەرجی ماڵ- ومنداڵەکەم دابین بکەم، دوکانی بەقاڵی و خواردەمەنی و وێنەگری و ئەوجۆرە شتانەم کردەوە و جارێکیش بوومە حیسابداری کۆمپانیایەک. بەڵام بەداخەوە تێگەیشتم ئەوانە کارێک نین ئەمن بتوانم نانیان لێپەیدا بکەم.

لەسەر هێندێک لە نووسینەکانم پێنج ساڵونیو گیراوم کە شەش مانگی لەسەر وتارێکی توند بوو کە کە لەبارەی مەلیک فارووق پادشای میسر و سەرۆکی وڵاتێکی دیکەوە بڵاوم کردبۆوە. ئەوان بەهۆی باڵیۆزەکانیانەوە شکاتیان لێکردم و بەگرتیان دام.

لە ژنەکەی پێشووم دوو منداڵ و لەوەی ئێستاشم دوو منداڵم هەن کە تێکڕا دەکاتە چوار.

کاتێک ساڵی ١٩٤٧ بۆ یەکەمجار گیرام پۆلیس لە ماوەی شەش ڕۆژ لێکۆڵینەوەدا لێی‌دەپرسیم:

ئەو کابرایە کە نووسینەکانی بەو هەموو ناوە خوازراوە بڵاو دەبنەوە کێیە و ناوی چیە؟ ئەودەم باوەڕیان نەدەکرد کە بۆخۆم دەیان‌نووسم.

کەچی دووساڵ دواتر مەسەلەکە پێچەوانە بۆوە. بەو مانایە کە هەر شتێک بە ناوی خوازراوەوە بڵاو کرابایەوە پۆلیس بەسەر منی‌دا دێنا و بەوجۆرە ناچار بووم بە هەزار زەحمەت ئیسپات بکەم کە فڵانە نووسینی من نیە و فیسارە وتار ئەمن نەم‌نووسیوە.

تەنانەت لەسەر وتارێک کە هێندێ کەس بە دوژمنایەتی شایەتی‌یان دابوو هی منە پۆلیس ١٦ مانگی ڕەبەق دە بەندیخانەی پەستاوتم.

کاتێک یەکەمجار ژنم خواست بەبن شمشێری ڕووتی دۆستە ئەفسەرەکانم‌دا تێ‌پەڕیم، بەڵام وەختێک ژنی دووهەمم خواست لەپشت میلەی ئاسنینی بەندیخانەوە ئەڵقەی دەزگیرانەتیمان کردە دەستی یەکتر... خۆ ئێستا تێ- گەیشتن کە نووسەری ئەوەندە پیشەیەکی گرنگیش نیە!...

پێش ئەوەی بچمە بەندیخانە پیاوێکی لەڕولاواز بووم، بەڵام لەبەر ئەوەی لە بەندیخانە کارم تەنیا خواردن و خەوتن بوو زوو قەڵەو بووم.

ساڵی ١٩٥٦ لە پێشبڕکە (مسابقە)ی گەپنووسان‌دا کە لە ئیتاڵیا ڕێک- خرابوو بەشدار بووم و میداڵیای زێڕم بردەوە. لەو ڕۆژە بەدواوە هەموو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە کە پێشتر ئامادە نەبوون بە ناوی خۆم بابەتم بۆ بڵاو بکەنەوە، ئامادەیی خۆیان بۆ ئەو کارە ڕاگەیاند.

بەڵام زۆری پێ‌نەچوو کە سەرلەنوێ ناوی منیان لە ڕۆژنامەکان سڕیەوە و ناچاریان کردم کە ساڵی١٩٥٧ جارێکی دیکە میداڵیای زێڕ بەرمەوە. پاش ئەوە دیسان ناوم کەوتەوە نێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.

ساڵی ١٩٦٦یش لە پێشبڕکەی گەپنووسان‌دا کە لە بولگاریا ساز کرا بەشدار بووم و ژوشکی زێڕینم بردەوە کە بۆ نەفەری یەکەم دانرابوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆرکەس پێیان سەیرە کە تا ئێستا توانیومە دووهەزار چیرۆک بنووسم. بەڵام هیچ سەیر نیە، ئێستا دە سەر خێزانم هەیە، ئەگەر بیست سەر خێزانم هەبایە لە سەداسەد تا ئێستا زیاتر لە چوار هەزار چیرۆکم دەنووسی.

ئێستا (ساڵی ١٩٦٧ –وەرگێر) تەمەنم ٥٢ ساڵە و ٥٣ کتێبم هەیە. بێجگە لەوە، ٤٠٠٠ لیرە قەرزدارم و ٤ منداڵ و نەوەیەکم هەن و حاڵی حازر بەتەنیا دەژیم.

نووسینەکانم بە ٢٣ زمان و کتێبەکانم بە ١٧ زمانی زیندووی دنیا تەرجەمە کراون. شانۆنامەکانم لە ٧ وڵات نیشان دراون.

تەنیا دوو شتم لە هەمووکەس دەشارمەوە. یەکیان ماندووبوون و ئەوی دیکەشیان تێگەیشتنم.

لەچاو تەمەنم گەنجتر دیارم و با هۆیەکەشتان پێبڵێم:

لەبەر ئەوەی کارم زۆرە پێم ناکرێ بژیم و هەروەک خۆم دەمێنمەوە.

ئەگەر جارێکی دیکە بێمەوە سەر دنیا ئەو کارانەی لە ژیانی پێشووەدا کردوومن زۆرتر و باشتر بەجێیان دەگەیەنم.

ئەگەر کەسێکم دیبایە کە قەت نەمرێ ئەمنیش نەدەمردم. بەڵام وەک دەزانن کەسێکی وا لە دنیادا نیە و خەتای منیش نیە چونکە ئەمنیش وەک هەموو ئەو خەڵکە ڕۆژێک دەمرم.

ئینسانەکانم لەڕادە بەدەر خۆش دەوێن و جاری وا هەیە لەبەر تامەزرۆیی زۆر، ڕقم لێیان هەڵدەستێ.

هێشتا داستانی ژیانی من تەواو نەبووە، بەڵام دەزانم خوێنەرە خۆشەویستەکانم حەز لە درێژدادڕی ناکەن. بۆیە لێرەدا لێیدەبڕمەوە و دڵنیاشم کە ناتوانم بزانم ئەم داستانە لەکوێ تەواو دەبێ.

عەزیز نەسین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شاری بوورسا

ئەم کتێبەی لەبەر دەستتاندایە داستان و ئەفسانە نیە. هێندێ بیرەوەریی تاڵ و شیرینن کە بەسەر نووسەری کتێبەکە هاتوون.

لەسەر نووسینی هێندێ ڕاستەقینە دەربارەی ژیانی ئینسانەکان و قامک-دانان لەسەر هێندێ لەو دەردە کۆمەڵایەتیە پڕشوورەییانە کە تووشی خەڵک بوون نووسەری ئەم داستانە دوور دەخەنەوە بۆ "بوورسا". بۆ ئەوەی لە کاتی خوێندنەوەی داستانەکەدا "بوورسا" بۆ ئێوە بێگانە نەبێ، مێژوولکەیەکی کورتی ئەم شارەتان دەخەمە بەرچاو.

بوورسا یەکێک لە شارە کۆنەکانی تورکیایە کە کەوتۆتە بەشی شیمالیی دەریای "مەڕمەڕە". ئەم شارە یەکێک لە ئیمپەڕاتۆرییەکانی زەمانی زوو کە ناوی پوورسیا بووە دروستی کردوە و ناوی خۆی لەسەر داناوە.

ساڵی ١٣٢٦ی زایینی ماوەیەک پێتەختی ئیمپەڕاتۆریی عوسمانی بووە و تا ئێستاش زۆر شوێنەواری مێژوویی ئەو سەردەمە لەو شارەدا ماون.

لەبەر ئەوەی زۆر سەرچاوەی ئاوی گەرمی هەن هەموو ساڵێ ژمارەیەکی زۆر جیهانگەڕ سەر لەو شارە دەدەن و دەڵێن شاژنە بیزانس بۆ چاری نەخۆشیی ڕۆماتیزم ماوەیەک لەو شارە ماوەتەوە. هەروەها لەبەر ئاووهەوای سارد و سەهۆڵبەندانێک کە هەیەتی زستانان شوێنی خلیسک و وەرزشە زستانییەکانە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو ساڵێ ڕۆژی حەوتەمی نەورۆز بە بۆنەی بیرەوەریی ڕزگاربوونی ئەو شارە لەژێر دەستی یۆنانییەکان ڕێوشوێنی جەژن و ئاهەنگگێڕان لە بوورسا بەڕێوە دەچێ و تەواوی خەڵکی شار بە وردودرشتەوە ماوەی حەوتوویەک لەم جەژنەدا بەشدار دەبن.

ئەمانە ئەو شتانەن کە موسافیر و جیهانگەڕەکان لەم شارەدا دەیانبینن. بەڵام ئەوەی نووسەر لەم داستانەدا دەیخاتە بەر چاوی ئێوە زۆر لەمانە قووڵتر و سەرنجڕاکێشترە.

*

## چاوەڕوانیی گەورەپیاوێک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەتای کار زۆر سەیر بوو. ئەو پاسەی من و دوو پۆلیسی چاوەدێری منی هێنایە بوورسا لە دەروازەی شار ڕاوەستا. خەڵک کۆبوونەوەیەکی گەورەیان ڕێکخستبوو.

مەئموورەکان نەیاندەهێشت پاسەکان بچنە نێو شار. لە جەمسەری ئیسفاڵت (قیلەتاو)ەکە لە پاس دابەزیین. دەستم لە کەلەپچەدا بوون. هەموو کەلوپەلەکەمم دە پەتوو (بەتانی)یەکی کۆنەوە پێچابوو. ماڵی ئاوەدان بێ، یەکێک لە پۆلیسەکان یارمەتیی دام و شتوومەکەکانی بەکۆڵێدا دام. لەبەر ئەوەی دەستم کەلەپچە کرابوون، بە هەزار زەحمەت دەمتوانی بە سەری پەنجەکانم کۆڵەکەم ڕابگرم.

پۆلیسەکانیش تفەنگەکانیان خستە سەر شانیان، یەکیان لەلای ڕاستم و یەکیان لەلای چەپم وەڕێ کەوتین.

هەتا ئەو ڕۆژە بوورسام نەدیبوو، کاتێک چلپەنجا هەنگاو چووینە نێو شار دیتم هەموو جێیەک چراخانە، پێش دوکانەکان ئاڵایان لێدرابوو، و کاغەز و چرای ڕەنگاوڕەنگ بە پەنجەرەکانەوە هەڵاوەسرابوون.

منداڵە قوتابییەکان لەمبەرئەوبەری شەقام ڕیزیان بەستبوو. پشتەوەی منداڵەکان سەر شۆستە (پیادەڕێ)یەکە ئەوەندە قەڵەباڵغ بوو دەرزیت هەڵاویشتبا نەدەکەوتە سەر زەوی.

هەتا دەچووینە پێشتر شلووقتر دەبوو. ڕوو بە یەکێک لە پۆلیسەکان کە بەویژدانتر بوو گوتم:

–بەقوربانت بم بە کۆڵانێکی چۆڵمدا بەرن... بە نێو ئەو قەڵەباڵغییەدا باش نیە...

پۆلیسەکە سیخورمەیەکی چاکی دە کەلەکەم کوتا و گوتی:

–یاڵڵا برۆ قسەی زیادی مەکە!...

لە چواردەوری پەیکەرێک کە لە نێوەڕاستی مەیدانەکە بوو، بەرزەوێژی گەورەگەورەیان دانابوون و سروودی دەهەمینساڵیان بە هەموو لایەکدا بڵاو دەکردەوە: "لە ماوەی دە ساڵدا ١٥ ملیۆن لاومان دروست کرد". زۆر ماندوو بووم و کۆڵەکەشم زۆری ئازار دەدام. ئەمجار ئاوڕم دایەوە و بە پۆلیسەکەی دیکەم گوت:

براله، دەستم دە کەلەپچەدان و کۆڵیشم بەکۆڵەوەیە، تفەنگەکانی ئێوەش لەسەر پێن و خۆ ماشەڵڵا گوللەش بە خەتەر نادەن! ئەگەر بە باڵانیش بفڕم ناتوانم لەدەست ئێوە دەرباز بم. بە قوربانی چاوتان بم، لەکۆڵ ئەم شلووقی-یەم بکەنەوە، با بە کۆڵانێکی چۆڵدا بڕۆین.

ئەمیان هەر متەقی لێوە نەهات، وەک سەگیشی چاو لێنەکردم!!

لە نێوەڕاستی شەقامەکە تاقێکی گەورە لێدرابوو.

کاتێک لە تاقەکە نیزیک بووینەوە، دەستەی مۆسیقا دەستی کرد بە مارشلێدان. دەهۆڵکوتەکە ماشەڵڵا دەستومەچەکێکی سەیری هەبوو، وەختێک کوتکی لە دەهۆڵەکەی دەدان خوێن لە دەماری بنیادەمدا دەهاتە کوڵ. فایدەی چی کەلەپچەم لە دەستدا بوو، و نەمدەتوانی پەل ببزێوم.

نەمدەزانی ئەو مۆسیقا و ئاڵا و چراخانە بۆچیە، خۆ بە پێشوازی منەوە نەهاتوون! کاتێک دەستەی مۆسیقا دەستی بە مارشلێدان کرد پۆلیسەکان خۆیان پێنەگیرا چوونە نێو ڕیزی ڕێژەکە (مسیرة) و منیشیان دەگەڵ خۆیان برد!

ئەمن لەشەرمان کەمێک دوا کەوتم، لە پشتمەوە یەکێک هاواری کرد: "ڕێک بن". لەپێش ئێمەوە دەستەی وەرزشوانان تێدەپەڕی، هەر تاقمێک کە تێ-دەپەڕی، سەیرکەرەکان چەپڵەیان بۆ لێدەدا. گوتم:

"ئەوەی پێناوێ، گۆم هەتا قووڵ بێ مەلەی خۆشترە، ئێستا کە خەڵکی بوورسا حەز دەکەن من بناسن با بە ئارەزووی خۆیان بگەن. وەختێک ڕێگایەکی دەربازبوون نیە دەبێ ئەمنیش شووی لێهەڵکێشم".

بە ئاهەنگی مۆسیقا لە نێوەڕاستی پۆلیسەکاندا کەوتمە ڕێ. دەهۆڵ دەی-کوتا 'گرم.. گرم.. گرم..." ئێمەش پێمان بە زەویدا دەدا "ڕمب... ڕمب...ڕمب" ئاگام لە پۆلیسەکان نەبوو، بەڵام بۆخۆم وا بەگەرمی پێم بە زەویدا دەدا دەتگوت لە فەتحی ئەستەمبوول گەڕاومەتەوە!

لەنیو پیادەڕێیەکەوە گوێم لە دەنگی چەند کەس بوو دەیانگوت "ئێستا دێ".

کاتێک نۆرەی ئێمە هات و گەیشتینە نێو ئاپۆرایەکە زۆر بەگەرمی چەپڵەیان بۆ لێداین.

هێندێکیش ئەوەندە بەقەو پێدەکەنین دەنگی مۆسیقاکەی تێدا ون دەبوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە شوێنی ڕێژەکەدا تێپەڕیین، قاچەکانم لەبەر ماندوویی خەریک بوو بتەقن!

ئارەق بە مووغەرەی پشتمدا دەهاتە خوار.

یەکێک لە پۆلیسەکان گوتی:

–باش تێپەڕیین ها؟

ئەوی دیکەیان گوتی:

–بەڵێ... زۆر بەزەوقەوە بەشداری ڕێژەکە بووین!

دوایە تێگەیشتم ئەو ڕۆژە قەرار بووە یەکێک لە گەورەپیاوەکان لە ئەنکەرەوە بێتە بوورسا.

فەرقی چیە، ئەوان لەبەر کاری زۆر! بۆیان نەکرا تەشریفیان بێ، ئەمن بێکار لە ئەستەمبووڵەوە هاتم و گەیشتنی من بە شاری بوورسا جەژنێکی گەورە و شادمانیی گشتیی لەگەڵدا بوو!

*

## جەنابت لە کوێ بووی...؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەیشتمە مەرکەزی پۆلیس... فەرماندە لەوێ نەبوو، ئەوانی دیکەش نەیاندەتوانی وەرم بگرن! وەختێک کۆڵەکەم دانا نەختێک حەسامەوە... ئەگەر ئەم کەلەپچەیەشیان لە دەستم کردبایەوە ئیدی غەمێکم نەدەبوو.

لە پاسەکەدا کە دەهاتین سەرپەنجەکانم خوێنیان تێدا داوەستابوو، بە پۆلیسەکانم گوت: "توخوا کەمێک کەلەپچەکەم شل بکەنەوە". بەڵام ئەو بێ-ویژدانانە نەختێکی دیکەشیان توند کرد!

ڕاستە بە پۆلیسەکانیان گوتبوو: "لێی وریا بن ڕانەکا"، بەڵام دەتگوت گەورەترین تاوانی مێژووم کردوە!

تەنانەت ڕێگایان نەدەدا بۆ پێویستترین کارم بچمە ئاودەستخانە... کردیانمە ژوورێکەوە و پۆلیسەکان بەرامبەرم دانیشتن، لە چاخانەیەکەوە کە لە تەنیشت ناوەندی پۆلیس بوو دەنگی ڕادیۆ دەهات، ئاوازێکی خۆش لە ڕادیۆوە بڵاو دەبۆوە، لە قوژبنێک دانیشتم کەوتمە بیرکردنەوە: 'ئای زەمانە... ئای چارەنووس... چەند بەپێچوپەنای".

هەر نەبێ ڕێگایان دابام سەرێکی ئاودەستخانە بدەم زۆر باش دەبوو.

لای ئێوارێ فەرماندە هات، هەرکە چاوم بە فەرماندە کەوت وەک ئاوێکی ساردم پێدا بکەن: "بەهجەت هوە"ی کۆنە هەواڵی خۆم بوو.

بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی قوتابخانە بەبەر چاومدا تێپەڕین. مامۆستایەکی جوگرافیامان هەبوو منداڵەکانی زۆر ئازار دەدا... ڕۆژێکیان ئەم بەهجەتەی بانگ کردە بن تەختەڕەشە. نەخشەی ئورووپا بە دیوارەکەوە بوو. مامۆستا پێیگوت:

– سنوورەکانی ئورووپا باس بکە.

بەهجەت وەڵامی دایەوە:

–لای ڕاستی ئەڵمانیا... لای چەپی دەریایە... پشتەوەی بریتانیایە و خوارەوەشی دەریایە.

مامۆستا پرسی:

–خۆر لە کوێوە هەڵدێ و لە کوێوە ئاوا دەبێ؟

بەهجەت سەری لە پەنجەرە بردە دەرێ و گوتی"

لەسەر حەیدەر پاشا هەڵدێ و لەسەر ماتیا ئاوا دەبێ.

مامۆستا گوتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–بنووسە ئاو.
بەهجەت لەسەر تەختەڕەشە نووسی "ئاو".
مامۆستا تووڕە بوو، و گوتی:
–گەوجە، مەبەستم فۆڕموولی ئاوە.
بەهجەت وەک کەرێک لە قوڕ چەقیبێ یەقێکی هاتەوە بەر. مامۆستا خۆی تەباشیری هەڵگرت و نووسی $H_2O$ و گوتی بیخوێنەوە بزانم دەبێتە چی، بەهجەت نەیتوانی بیخوێنێتەوە، مامۆستا فۆڕموولەکەی ساکارتر کردەوە و نووسی HOH گوتی ئەمجار بیخوێنەوە.
بەهجەت خوێندیەوە "هوە". لەو ڕۆژەوە ناومان نا "بەهجەت هوە".
وەختێک "بەهجەت هوە"م دی بەخۆم نەبوو پێکەنینم هات. بۆ لای چووم و دەستە کەلەپچەکراوەکانم بۆ لای درێژ کرد...
بەڵام ئەو هەروەک قەتی نەدیبم ڕووی کردە پۆلیسەکان و پرسی:
–ئەمە کێیە؟
–دوورخراوەیە... لە ئەستەمبووڵەوە هێناومانە.
دۆسیەکەمی وەرگرت، وەسڵ (رسید)ی گەیشتنی ئیمزا کرد، دایە دەستیان و گوتی خوا حافیزتان بێ.
لە دڵی خۆمدا گوتم "وەختێک ئەوان ڕۆیشتن خۆم لێ ئاشکرا دەکا و یارمەتیم دەدا. بەڵام هەروەک دوژمنی بابەکوشتەم بێ مەئموورێکی بانگ کرد و فەرمانی پێ دا زۆر وریای من بن. نەوەک ڕابکەم!! پاشانیش بەسپایی بە مەئموورەکەی گوت: ئەمە زۆر خەتەرە ها! نەکەن لێی خافڵ بن.
چەند ساڵ دواتر کە وەزعم باش بوو، زۆرکەس حەزیان دەکرد لەگەڵم ببنە ئاشنا، ڕۆژێکیان ئەم کاک بەهجەتەم لە ئەستەمبووڵ دیتەوە... ئەو ڕۆژە دەسبەجێ ناسیمی! هاتە پێشەوە و دەستی کردە ئەستۆم ماچم بکا، بەڵام ئەمن بە شێوەیەک کە هەرگیز لە من ناوەشێتەوە پاڵێکم پێوە نا و گوتم " ئەتۆ کێی!! ئەمن تۆ ناناسم"!
خوایە زۆر شوکور... ئەتۆ چەند گەورەی و ئێمەی ئادەمیزاد چەند خافڵین...

بۆ بەیانی بە دۆسیەکەمەوە بردیانمەوە مەرکەز... ئەفسەرێکی بەساڵداچوو کە دۆسیەکەمی وەرگرت وا دیار بوو دەمناسێ، تەماشایەکی سەر تا پێمی کرد و بە سووکایەتیپێکردنەوە گوتی:

–قوڕمساغ، چما بنیادەم قات بوون کە ئەتۆ دەتەوێ ئەم وڵاتە ڕزگار بکەی؟

گوتم:

–قوربان، ئەمن شتی وام نەگوتوە.

پەیکەری ئەتاتورک لەسەر پەنجەرەیەک دانرابوو، دەستی بۆ ڕاداشت و گوتی:

–ئەو کاتەی ئەو وڵاتی ڕزگار دەکرد، ئەتۆ لە کوێ بووی؟

لەبەر ئەوەی دەبوو وەڵامێکی بدەمەوە، گوتم:

–ئەودەم ئەمن منداڵێکی پێنج شەش ساڵە زیاتر نەبووم... جەنابت لە کوێ بووی؟

*

## هەموو شتێک ئەندازەی هەیە

بۆ ئەوەی بزانن ئەفسەری پۆلیس بۆچی وا توندم لەگەڵ دوا پێویستە نەختێک وەزعی خۆمتان بۆ باس بکەم... پانتۆڵێکم دەپێدا بوو لەبەر فرەوانی دەتگوت دوو "هۆڕ"ن لێکبەستراون.

باڵتۆیەکی گەبەردینم لەبەردا بوو، شاقەلەکانی "ماڵوو"یان بەدوادا دەکردم. سەردەستەکانیم نوشتاندبوونەوە. کراسەکەم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان سپی بوو! لەبەر چڵکوچەپەڵ ڕەنگی قاوەیی گرتبوو. سەریشم لەبندا تاشرابوو. قسەی خۆمان بێ لە زەماوەندێڕا نەدەهاتمەوە! و سەروسەکوتی زیندانی-یەکیش لەوە باشتر نابێ.

ناردیانم بۆ لێکۆڵینەوە. لێکۆڵەر پرسی:

—پیاوکوژی؟

—نەخەیر جەناب.

—تریاکفرۆشی؟

—نەخەیر.

—دزی؟

—نەخەیر.

لەوەی کە هیچکام لەو تاوانانەم نەکردبوو، تووڕە بوو. هەتا هێزی دەبەردا بوو نەڕاندی:

—ئەدی چژەهرەمارێکی؟

هەرچی کردم و کراندم لەڕووم نەهات بڵێم "نووسەر"م... ئاخر سەروسەکوتم بۆ نووسەر نەدەبوو.

گوتم:

—لە دۆسیەکەمدا نووسراوە.

لێکۆڵەر سەرسەرەکی چاوێکی بە دۆسیەکەدا گێڕا و جرتێکی بۆ ڕاکێشام:

—تەحا... قوڕمساغ، ئەتۆ هەقی ئەم جۆرە کارانەت چیە؟

حەوسەلەم نەبوو جوابی بدەمەوە.

مەئموورێک لە نزیک دەرگا ڕاوەستابوو. لێکۆڵەر فەرمانی پێکرد:

—بیبەن دایکەنە گرتووخانە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەلەپچەکەیان لە دەستان دەرهێنام و ناردیانمە "ژووری"... گرتووخانە چگرتووخانە؟ "دوژمن لە ماڵێت نائومێد بێ". ئەگەر کەروگایان تێکردبایەن، ئەنجومەنی پارێزگاری لە زیندەوەر هەقی هەبوو ناڕەزایی دەربڕێ.

کتێبێکم لە کۆڵەکەم دەرهێنا و دەستم بە خوێندنەوەی کرد. گوێم لە سرتەوخەڵوەی چەند کەسێک بوو کە لە دەرەوە دەیانگوت:

–خوێندەوارە!

–کتێب دەخوێنێتەوە!

–دیارە لەوانە!

پاش چەند دەقیقە دەرگا کرایەوە. دووبارە بردیانمەوە لێکۆڵینەوە.

لێکۆڵەر مژێکی لە جگەرەکەی دا، دووکەڵەکەی لە هەوادا بڵاو کردەوە و هەروا کە تێمەوە رامابوو پرسی:

–لە چنەتەوەیەکی؟

–تورکم.

–تورکەکانی خۆمان؟

–لە تورکەکانی خۆمان.

–چکارەی؟

–نووسەرم.

بێدەنگی‌یەکی قورس ژوورەکەی داگرت... پاشان پرسی:

–دوور خراویەوە؟

–بە...ڵێ.

–باشە دەچیە کوێ؟ جێیەکت هەیە ڕووی تێکەی؟

–نەخەیر لە هوتێل دەبم.

–هەموو شەوێ دەبێ بێیە مەرکەز، دەفتەر ئیمزا بکەی. لەگەڵ مەئموورێک بڕۆ ئەو هوتێلەی پێشان بدە کە دەتەوێ لێی بمێنیەوە.

لەوە کە ئیمزای منیش قیمەتی پەیدا کردبوو خۆشحاڵ بووم!

لە مەرکەز وەدەر کەوتین. لە نێوەڕاستی شەقامێ کۆڵەکەم دانا... زۆرم حەز دەکرد خۆم خاوکێش بکەم. ئاخر لەمێژ بوو دەستم کەلەپچە کرابوون و ئێسکی لەشم قەدیان گرتبوو.

*

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرێوەغار!

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرێ‌هوتێل دوو لیرەونیو بوو، بەو حیسابە بیستوپێنج لیرەیەک کە لە گیرفانمدا بوو بەشی حەوتوویەکی دەکرد.

هەموو شەوێ دەبوو لیرەیەکیش پارەی سۆبە بدەم. لەبەر ئەوە ناچار بووم لە خەرجی‌دا زۆر دەست پێوە بگرم.

دوو ڕۆژ بوو هیچم نەخواردبوو، لە دڵی خۆمدا دەمگوت برسی بم باشترە لەوەی لە کۆڵانان بخەوم! ئەگەر شەوێک کرێم نەدابایە خاوەن‌هوتێلەکە وەدەری دەنام.

جا وەرە کڵاوی خۆت دانێ و سڵاوی لێ‌بکە. چما پیاو پێکەنین و پێنەکەنینی بەدەست خۆیەتی؟! هەتا هێزم تێدابوو دەستم کرد بە پێکەنین... پێکەنینێک بۆ وەختی وا نەبێ بۆ کەنگێ باشە!؟

زۆرم حەز دەکرد چایەک بخۆمەوە! بەڵام بیرم کردەوە ئەگەر لەجیاتی چای نانێک بخۆم باشترە، ڕاستە چا گەرمم دەکاتەوە بەڵام نان تێرم دەکا!!

بەفر کلووکلوو دەباری. لە هوتێل وەدەر کەوتم، لەڕێگادا دەمگوت "خۆش دەبوو ئێستا ناسیاوێکم دیتبایە". تەماشای ڕێبوارەکانم دەکرد. خەڵکەکە بەپەلە تێ‌دەپەڕین... هەرکەس لە غەمی حاڵی خۆی‌دا بوو... نازانم قەت بەسەرتان هاتوە یان نا! هێندێ‌جار پیاو کە بیر لە شتێک دەکاتەوە دێتە ڕێگای. ئەمنیش هەروا کە چاوم بۆ ناسیاوێک دەگێڕا لووتوبزووت دە (شازید) هەڵەنگووتم کە دۆستێکی سەردەمی قوتابخانەم بوو!!

هەر کە چاومان پێک‌کەوت...شازید وەک یەکێک لەپشتەوە بانگی بکا بای دایەوە و بە ڕاکردن بۆی دەرچوو.

ئەمنیش وەک پڵنگێک کە نێچیرەکەی لەدەست بەرەڵڵا بێ، لەپڕ لەجێی خۆم دەرپەڕیم و وەدوای کەوتم... دیتم لەوانەیە لەدەستم دەرچێ، لە پشتەوەڕا بانگم کرد 'شازید"، بەڵام ئەو جوابی نەدامەوە و پتر پێی لێ-هەڵێنایەوە... ئەمنیش بەدوای‌دا توندم کرد...

دوو بست بەفر کەوتبوو، و پیاو بەزەحمەت دەردەچوو... ئەو لەپێشەوە و ئەمن بەدوای‌دا بەسەر پیادەڕێیەکەدا کردبوومانە گرێوەغار...

دەبەفرێ دەکەوتین و دەهاتینەوە دەر... بەڵام لەوانە نەبوو بیگەمێ! جارلەجار زیاتر دەنگم هەڵدێنا و بانگم دەکرد 'شازی، شازی، لەگەڵ تۆمە شازی".

شـازید خـۆی بە کۆڵانێـکدا کـرد و ئەمنـیش بەدوایدا... ئەو غـاری دا و ئەمنیش بەدوایدا کەوتمە نەرمەغار.

نەخەیر، نەیدەگەیشتمێ... هەتـا ئەوسـەری کۆڵانەکە گرێوەغـار بەردەوام بوو. خواوڕاستان هەڵخلیسکا و لەنێو بەفرێدا پان بۆوە... ئەمنیش لە پەنـای کەوتم.

نەمدەتـوانی هەسـتمەوە، هەروا بە ڕاکشـانەوە تەماشـایەکم کـرد، شـازید دەسبەجێ ڕاست بۆوە و ڕای کرد.

گوتم:

–بێشەرەف ڕاوەستە کارم پێتە.

بەڵام ئەو وەک سەگێکیشی چاو لێنەکردم... و ڕۆیشت!!!

گوتم:

–بڕۆ شوکری خوای بکە کە برسیمە ئەگینا دەمگرتی.

لەنێو بەفرەکە ڕاست بوومەوە، بەلۆژەلۆژ هاتمەوە سەر شەقام... چـوومە چاخانەیەک چایەکی گەرم بخۆمەوە... دەستم بە گیرفانمدا کـرد پـارەکە بـدەم، دیتم تەنیا دوو قرۆشم لە گیرفاندا ماوە، ئەوی دیکەی ڕژابووە نێو کۆڵان!

*

## هێندێ وەختی زۆر ناسک

دەفتەرداری هوتێلەکە بانگی کردم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-بێزەحمەت تا ئێرە وەرە.

جەرگ و دڵــم بەربــوونەوە: "دیــارە دەیەوێ پــارەی ئەو دوو ڕۆژەی کە ماویەتی وەربگرێ و جوابم بکا".

چارە نەبوو، چووم بزانم چدەفەرموێ!

لە کاتێکدا کاغەزێکی بۆ ڕادەداشتم گوتی:

-ئەمانەتێکت بۆ هاتوە.

-چی؟ ئەمانەتم بۆ هاتوە؟

-پارەت بۆ هاتوە.

-پارە؟ کێ پارە بۆمن دەنێرێ. ئەمن کەسم نیە!! وەسڵەکەم لــێوەرگرت و ڕامکرد بۆ پۆستخانە.

لە ڕێگا هەربیرم لەو کەسە دەکردەوە کە پارەی بۆ ناردووم.

لە دڵی خۆمدا دەمگوت:

"ئەگەر بـابم پـارەی بـۆ نـاردبم دەبـێ لەشـەرمان بـبمە تنۆکێک ئـاو و بە زەویدا بچمە خوار". ئەمن تائێستا لە نارەحەتی بەولاوە قـازانجێکم بـۆ دایک-وبابم نەبوو...

باسی ژنومالەکەشم هەر نەکەم باشترە!

بڕیارم دا ئەگەر بابم یان خێزانم ناردبێتیان بۆیان بنێرمەوە و بڵێم وەزعم باشە!

"ناکا دنیا گۆڕابێ و یەکێک لە قەرزدارەکانم ڕوحمی بزووتبێ و پـارەی بـۆ ناردبم".

هیچ بڵاوکەرەوە و کتێبفرۆشێک نەبوو پێم قەرزدار نەبێ.

لەگەڵ ئەوەی زۆر لایــان قازانجیــان لەلایەن مــنەوە پــێگەیشــتبوو، و لە ڕێگای فرۆشتن و بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی منەوە خـانووبەرەی چەنـد نهۆمیـان لێڕاکێشابوو، نازانم بۆچی لەبەریان گران بوو هەقی من بدەن!

ئەگەر هەقەکەی خۆمیـــان بـــۆ ناردبـــام ژیـــانی ئەو چـــوار مـــانگەی دوورخراوەییەکەم دابین دەبوو.

وەسڵەکەم دایە دەستی فەرمانبەری پۆستخانە.

-پارەم بۆ هاتوە!

سەرنجێکی کوتەکاغەزەکەی دا و بە ساردییەوە گوتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–چما خوێندەواریت نیە، پارە نیە بەستەیەکە. برۆ لەوبەر وەریبگرە.

بەستەکەم وەرگرت، سێ کتێبی تێدا بوون. ماڵی ئاوەدان بێ برادەرێکم بۆی ناردبووم. هەتا ئەو ڕۆژە نەمدەزانی هێندە حەز لە کتێب دەکەم.

کتێبەکانم وشەبەوشە خوێندنەوە، پاشان بیرم کردەوە بیانفرۆشم و بە پارەکەیان هیچ نەبێ ژەمەنانێکی گەرم بخۆم.

بوورسا کتێبخانەیەکی گەورەی لێبوو، هەر کتێبێکم بڵاو کردبایەوە، بۆم دەناردن، تائێستا یەکترمان نەدیبوو. لە دڵیخۆمدا گوتم: "با بچم ئەو سێ کتێبە بەو بفرۆشم". ماوەیەک لەپشت جامخانەکەوە وێستام و سەیری کتێبەکانم کرد. هەرچەند دەمکرد ڕووم نەبوو بچمە ژوور.

لەبەر دەمی دوکانەکە دەستم بە پیاسە کرد.

ڕۆیشتم... هاتم... ڕۆیشتم... هاتم... لە پەنجەرەوە تەماشای ژووری دوکانەکەم دەکرد. ماوەیەک سەیری کتێبەکانی نێو جامخانەم کرد، دووبارە چوومەوە خوار. هاتمەوە سەرێ. دەترسام خاوەنەدوکانەکە هەر چاوی پێم بکەوێ بزانێ برسیمە!

بەڵام چار چیە، جێگای نارەحەتی و شەرمکردن نەمابوو.

(بابزانێ. خۆ درۆ نیە... هەموو کەسیش بزانێ برسی و بێپارەم چی تێدایە؟).

غیرەتم وەبەر خۆم دەنا و دەچوومە پێش.

بەڵام هەر دەگەیشتم بەر دەرگای کتێبخانەکە، سارد دەبوومەوە و خێرا بەبەر دوکانەکەدا تێدەپەڕیم. دوبارە غیرەتم وەبەر خۆم دەنا و دەگەڕامەوە! بەخۆمم دەگوت:

"خۆ ناتەوێ سواڵ بکەی، بنیادەم هەموو شتێکی بەسەر دێ. کتێبفرۆشتن عەیب نیە، دەزانی پیاوێکی زۆر ترسەنۆکی؟ برۆ پێشەوە".

کتێبەکان بایی شەش لیرەن. هیچ نەبێ دوو لیرەت دەداتێ، دوو لیرە پارەیەکی کەم نیە، دەتوانی ژەمە نانوماستێکی پێ بخۆی و دوو چای گەرم بخۆیەوە!!

تەکانم دەدایە خۆم بچمە ژوور، بەڵام دیسان لاقم لە دوو نەدەهاتن، (هەر قاچێکم بچێتە ژوور، ئەوی دیکەی ئاسانە).

کوڕە بڕۆ ژووریٚ... دوو لیرە پارەیەکی کەم نیە، دەوریەک لووبیا (فاسوولیا)ی کوڵیو دەکا. یاڵڵا بڕۆ دەی... زوو بە.

خەریک بوو شەو دادەهات... هێندەم هەڵداوپێدا کردبوو بەری پێیانم دێشا. لەگێڕانەوە نایە بە چحاڵێک چوومە ژووری کتێبخانە. ئەگەر بەردێکی قورسم لە پشتملی خۆم بەستبا و خۆم لە دەریا هاویشتبا، لەمە ئاسانتر دەبوو.

نیو دوکانەکە پڕ بوو لە کڕیار. خاوەندوکان لەگەڵ یەکێک لە کڕیارەکان قسەی دەکرد. نازانم لەپێشدا چییان گوتبوو، کاتێک ئەمن چوومە ژووریٚ کڕیارەکە کە پیاوێکی تەڕپۆش بوو قسەی دەکرد.

–لە وڵاتی ئێمە نانپەیداکردن زۆر سەختە، بەڵام دەوڵەمەندبوون زۆر ئاسانە.

کتێبفرۆشەکە سەرێکی بۆ لەقاند و گوتی:

–ڕاستە... جوولەکەیەک هەتا دووهەزار لیرە پێکەوە دەنیٚ، بابی بەگان دەچیٚ. بەڵام دوایە بە دووسیٚ ساڵ دەبێتە میلیۆنێر.

چاوەڕوان بووم دوکانەکە چۆڵ بیٚ و قسە دەگەڵ خاوەن دوکانەکە بکەم... کتێبەکانم بەدەستەوە بوون، هەروا یاریم پیٚدەکردن. بەڵام دوکانەکە چۆڵ نەدەبوو. یەک دەڕۆیشت... دوو دەهاتنە ژووریٚ.

لەدڵی خۆمدا گوتم؛ "چیی تێدایە خۆم بە خاوەندوکانەکە بناسێنم"؟ نەکا هەر گوێم نەداتیٚ! لەگەڵ هەموو ئەو بابەتە جۆراوجۆرەی ڕۆژنامەکان لەسەریان نووسیوم، دوور نیە هەر لە بیستنی ناوی من بتۆقیٚ".

ئاخرەکەی لەگەڵ کتێبفرۆشەکە دوو بە دوو ماینەوە... لاوێکی کەڵەگەت بوو، بەئەدەبەوە ڕووی کردە من و گوتی:

–فەرموون، ئەمرێکتان هەبوو!

پرسیم:

–جەنابت کاک فەریدە؟

بەڵیٚ.

خۆم پیٚناساند... زۆر گەشایەوە. وەک خۆشەویستترین خزم و دۆستی خۆی دیبیٚ، پێکەنینێکی پڕلە خۆشحاڵیی هاتە سەر لێوان:

–ئەڵڵا... قەڵافەتت بۆ من ئاشنا بوو بەخێر بێی... دیارە هاتووی لە ئاوی گەرمی شارەکەمان کەلک وەرگری! بەڵام ئێستا وەختی نیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوتم:

-نەخەیر.

-حەتمەن هاتوویە شاخەوانی (کوهنوردی، تسلق الجبال)! جەنگەیەتی! لە کام هوتێلی؟ بێگومان لە ئیپێک پالاس دابەزیوی؟

پێکەنیم... پێکەنین باشترین ڕووپۆشە بۆ ئەوەی تەریقبوونەوەی پێ داپۆشی!!!

-نەخەیر.

فەرید بەگ پرسی:

-شارەکەمانت پێخۆشە؟ جوانە، وەنا؟

نەمدەزانی چیی جواب بدەمەوە، هاتە سەر زارم گوتم:

-"بەڵێ".

زۆری پێخۆشبوو کە شارەکەیانم پەسند کردوە. گوتی:

-ئیشەڵڵا خۆشت لێدەگوزەرێ.

-ئیشەڵڵا.

-خۆ زۆر نامێنیەوە؟

-چوار مانگ و دە ڕۆژ!!!

کابرا لە مەبەستەکەم حاڵی نەبوو، بەڵام وایار بوو ئەم وشەی "دە ڕۆژ"ەی پێ سەیرە. پرسی:

-فەرمووت چوار مانگ و دە ڕۆژ؟

-بەڵێ... ئاخر دوور خراومەوە. حوکمەکەم ئەوەندەیە.

بەخۆی نەبوو دەنگێکی تایبەتیی لە دەم هاتە دەر:

-ئای... چ... چ.... چ..!

کتێبەکانم لەسەر مێزەکەی دانان، خاوەندوکان دەستی کرد بە پەڕپەڕکردنی کتێبەکان. زۆر لە یەکێکیان ورد بۆوە. گوتی:

-زۆر دەمێکە بەدوای ئەم کتێبەدا دەگەڕێم، ڕێگە دەدەی بیخوێنمەوە؟ دووسێ ڕۆژی دیکە وێت دەدەمەوە.

دوو کتێبەکەی دیکەم هەڵگرتن و گوتم:

-باشە.

ئێوە پێمبڵێن لەوە زیاتر دەمتوانی چیی پێبڵێم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاوەن‌دوکان ناوونیشانی هۆتێلەکەمی پرسی، هەرچەند دەمکرد لەڕووم نەدەهات جێگای مانەوەی خۆمی پێبڵێم. ئاخر هوتێلەکەم یەکێک لە هوتێلە هەرە هەرزانەکان بوو. بە شەرمەوە ناوی هوتێلەکەمم گوت و خواحافیزیم لێ‌کرد:

"خوا حافیز".

–بەخێر چی سەرچاو، دیسان وەرە بۆ ئێرە!

هاتمەوە هوتێل. لە ساڵۆنەکە تووشی نیگارکێشێک بووم کە بۆ ئامادەکردنی چەند تابلۆیەکی هونەری هاتبووە بوورسا.

هەرکە چاوی پێم کەوت گوتی:

–ئۆی مامۆستا چۆنی؟

–سوپاست دەکەم.

–لە ڕۆژنامەکان‌دا شتێکت لەسەر نووسرابوو خوێندتەوە؟

–نەخەیر.

ڕۆژنامەیەکی بۆ ڕاداشتم. لێم‌وەرگرت و چوومە ژوورەکەی خۆم. ڕۆژنامەیەکی دووپەڕی بوو کە لە بوورسا دەردەچوو.

لە لاپەڕی یەکەمی‌دا خەبەری دوورخرانەوەی من بۆ (بوورسا)ی بڵاو کردبۆوە، خۆ ئەگەر خەبەرەکەی بە ساکاری بڵاو کردبایەوە قەیدی نەبوو. بەڵام جنێو نەمابوو ئەو نوسەرە بێویژدانە پێی‌نەدابم! وەک لە دنیادا کەس لەمن خراپتر و نزمتر نەبێ. بەتایبەتی لە کۆتایی‌یەکەی‌دا شتێکی نووسیبوو کە خۆم پێ‌ڕانەگیرا و بەناچاری لە قاقای پێکەنینم دا:

"لە بوورساش دەستی لە کارە دزێوەکانی هەڵنەگرتوە. بەستە بەستە پارە نهێنی‌یەکان وەردەگرێ و...". هەروا دەمخوێندەوە و پێ‌دەکەنیم، لەپڕ لە دەرگای ژوورەکەم درا. لە پێکەنینان نەمتوانی جواب بدەمەوە.

هەستام دەرگام کردەوە.

هێند پێکەنیبووم چاوم پڕ ببوون لە ئاو. لاوێکم لێ وەژوور کەوت، لەبەر دەرگا ئیکلامێکی باڵابەرزی بۆ کێشام، دەیەویست دەستیشم ماچ بکا! یەکێک لەوانە بوو کە منیان خۆش دەویست، هەموو نووسینەکانی منی خوێندبوونەوە. ناوونیشانەکەمی لە کتێبفرۆشەکە وەرگرتبوو. لە بوورسا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژنامەیەکی حەوتووانەی دەردەکرد. وەختێک ناوی ڕۆژنامەکەی هێنا وەک ئەوە بوو گوللەیەکم لە تەپڵی سەری بدەن.

کاکم خاوەنئیمتیازی ئەو ڕۆژنامەیە بوو کە دەستی مەرحەمەتی لێنابووم و ئەو هەموو جنێوە نازدارەی پێدابووم. ڕۆژنامەکە لەسەر مێزەکە بوو، نیشانم دا و گوتم: "ئەمەیە!".

ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و بەشەرمەوە وەڵامی دامەوە:

—زۆر ببوورە! دیارە بۆخۆت هۆیەکەی دەزانی. وەزعەکە وای پێویست دەکرد کە ئەمانە بنووسین. ئیدی خۆتان دەزانن هەلەکەی چەند ناسکە.

ئەوەندە ناڕەحەت بوو کە ناچار بووم دڵخۆشیی بدەمەوە. گوتم:

—ناڕەحەت مەبە، لەمێژە گوتوویانە: "کە گڵۆڵەت کەوتە لێژی کەس چاکت پێ نایێژی". کەسێک نەتوانێ خۆی لەگەڵ زەمانە بگونجێنێ، دەبێ چاوەڕوانیی ئەم وردە ڕەخنانەشی هەبێ!!

وەختی ڕۆیشتن نەختێک پارەی لە جانتاکەی دەرهێنا و گوتی:

قابیلی جەنابیشت نیە.

بە خەجاڵەتی‌یەوە لەسەر سووچێکی قەرەوێڵەکەمی دانا. دووکەڵ لە تەپڵی سەرم هاتە دەر.

لەبن لێوانەوە گوتم:

—پارەم هەیە.

—نابێ.

لەوی سوێند و لەمن سوێند. سەرەنجام پارەکەی بەجێهێشت و ڕۆیشت. ئێستا ئەگەر ئەم نووسینە ڕاست نەبا و ڕۆمان بووایە، دەمنووسی: "قارەمان پارەکەی دادڕدادڕ کرد، بەدەمیدا دایەوە و تفێکی گەورەشی دەعەرزی کوتا". پاشان دە پازدە قسەی قەڵەوقەڵەویشم لێ زیاد دەکرد و دەرخواردی خوێنەرانم دەدان.

بەڵام ئەمن وام نەکرد. وەختێک کوڕەکە ڕۆیشت، دەسبەجێ ڕاست بوومەوە سەیرم کرد بزانم چەندە.

دە لیرە بوو...

هەوەڵ کارم ئەوە بوو بانگم کرد سۆبەکەم بۆ هەڵکەن!!!

*

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نیگارکێشێکی بە شەخسیەت

(نـاپلیۆن بوناپـارت)یش وەک مـن لە شکانەکەی مۆسکۆی نەگەڕاوەتەوە! هەرکاتێک وەزعی ناجووری ئەو ڕۆژانەم دیتەوە بیر، لە پێکەنینـان چـاوم پڕ دەبن لە ئاو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەوتنی مرۆڤ جا خەڵکی هەرکوێیەک بێ، سەیرکەران دەخاتە پیکەنین، هەر بۆیەش "کۆسە"کانی "سیرک" پەیتاپەیتا دەکەون و هەڵدەستنەوە. هەر ئەندازەش پیاو گەورەتر بێ کەوتنەکەی پێکەنینهێنترە.

کاتیک ئێمە دەبینین کەسێک دەکەوێ پێدەکەنین و تێدەپەڕین، ئیدی نازانین ئەو بابایەی کەوتوە چئازارێک دەچێژێ!...

ئەمن بۆخۆم لەبەر ئەوەی لە ژیانمدا زۆر کەوتووم، هەرگیز بە کەوتنی خەڵکی دیکە پێناکەنم و هەمیشە زگم پێیان دەسووتێ. بەپێچەوانە کاتێک بۆخۆم دەکەوم ئەوەندە پێدەکەنم کە ناتوانم هەستمەوە.

لە پلیکانەکان وەسەر دەکەوتم بچمە ژوورەکەی خۆم، یەکێک بەخیرایی بەدوامدا سەر کەوت و کە گەیشتە ئاقار من، گوتی:

—سەلام.

ناسیمەوە. هەر ئەو نیگارکێشە بەناوبانگە بوو کە بۆ تابلۆکێشان هاتبووە بوورسا. گوتم:

—سەلام.

بەئیحتیرامەوە گوتی:

—دەکرێ تەشریفت بێتە ژوورەکەی من؟

چما دەکرا تەشریفم! نەچێ؟ لەبرسان سەگ کلکی لێدابام دەکەوتم. شەکەتی و سەرماش پرزەیان لێ بڕیبووم. لەدڵی خۆمدا گوتم:

"با بچم لەوانەیە چایەکی گەرمم بۆ بانگ بکا، بەڵکوو... بەڵکوو نانیشم بۆ بکڕێ.

چووینە ژوورەکەی. سۆبەکەی گڕگڕ داییسا. هەرکە گەرمام وێکەوت، وەک مریشکێک کە خۆی دەخۆڵێ دەگەوزێنێ و پاشان خۆی ڕادەوەشێنێ لەبەری پێمەوە تا تۆقی سەرم دەستی کرد بە لەرزین.

ژوورەکەی چەند تابلۆیەکی "زەیتی" و هێندێک ڕەنگ وفڵچە و قەڵەمی موویین و چوارچێوەی بەتاڵی لێبوون.

کابرا گوتی:

—ئەمن بۆخۆم نیگارکێشم و دەزانم هونەرمەندێک چەندە ئازار بە بەرهەمەکانیەوە دەچێژێ. هەربۆیەش لە قووڵایی دڵمەوە ئیحتیرامم بۆ جەنابت هەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر کورسی دانیشتم. نیگارکێشەکە بە مێهرەبانییەکی تایبەتەوە گوتی:

-شوکور باشی!!!

نەمدەزانی چیی جواب بدەمەوە. گوتم:

-دوور لە گیانت کەمێک نەخۆشم!

غاری دا بتڵێکی ئارەق لە کۆمێدەکەی دەرهێنا و پەرداخێکی گەورەی بۆ تێ-کردم و گوتی:

-مامۆستا، ئەمە بۆ سەرمابوون دەرمانی وەک خۆی نیە!

پەرداخە ئارەقەکەم وەرگرت و لەسەر مێزەکەم دانا. بە زگی وا بەتاڵەوە ئارەق کە هیچ، ئەگەر ئینۆ (نمک میوە، ملح الأثمار) یان ڕۆنگەرچەکیشیان دابامێ دەمخواردەوە. بریا مەزەیەک،دوودەنک نۆک، چیپسێک، شتێکیشی بۆ هێنابام. زۆر باش دەبوو.

نیگارکێش بێپسانەوە تاریفی نووسینەکانی منی دەکرد، دەیگوت: "هەموو بەرهەمەکانی جەنابتم خوێندوونەوە. ئەمن پیاوی خەباتکەرم زۆر خۆش دەوێ.

ڕاستی دەکرد، نەک هەر ئەو، بەڵکوو زۆربەی خەڵکی وڵاتی ئێمە پیاوی خەباتکەریان خۆش دەوێ. دەزانن بۆ؟ چونکە لەوڵاتی ئێمە جارێ "گابازی" دانەکەوتوە. هەروەک لە جێیان ئینسانێک دەگەڵ گایەک بەشەڕ دەدەن و بۆ کڕینی بلیتی گابازی سەرو گوێلاکی یەکتر دەشکێنن، لێرەش خەڵک چێژ لە تەماشای خەباتی مرۆڤەکان وەردەگرن!

بینەرانی گرێوی گابازی حەز دەکەن گایەکە بکەوێ،چەپڵە بۆ قارەمانی گابازی لێدەدەن و غیرەتی وەبەر دەنێن. ئەمەش هەمووی بۆ ئەوەیە کە گایەکە زیاتر تووڕە بکەن، بەڵام حەز ناکەن بۆخۆیان خەبات بکەن!

نیگار کێشەکە دەیگوت:

"ئەمن پیاوی خەباتکەرم زۆر خۆش دەوێ، باوکیشم پیاوێکی خەباتکەر بوو!!".

مێشکم لەکار کەوتبوو، لەبرسان هۆش و هەستم لەلا نەمابوو. ئەگەر لانی کەم پارووەنانێکی وشک هەبایە بیخۆم و زگم تێر بێ، ئەقڵم دەهاتەوە کەللەم و دەمزانی دەبێ چبکەم...

نیگــارکێش پەرداخەکەی تــاو دایە و ئەمنــیش پەرداخــی خــۆم هەڵگــرت. لێکمــان‌دان و خواردمــاننەوە. ئــاگر لە گەدەم بەربــوو، کــابرای نیگــارکێش کە قسـەی بـۆمن دەکـرد، لەنێـو قسـەکانی‌دا چەنـد جـار وشـەی "شەخسـیەت"ی دووپاتە کردەوە. دیار بوو زۆری وشەی "شەخسیەت" پێخۆشە، دەیگوت:

–مامۆستا با بخۆینەوە بەسەلامەتیی ئینسانە بەشەخسیەتەکان.

خواردمانەوە. جارێکی دیکە گوتی:

–پیاو دەبێ شەخسیەتی هەبێ! بۆ ناخۆیەوە؟ پەرداخەکەت هەڵدە.

پەرداخـی سێیەمیشـمان هەڵـدا... مەزەیەکـیش لەگـۆڕێدا نەبـوو... کـاکی نیگارکێش لەجیاتی مەزە "شەخسیەت"ی دەرخوارد دەدام، دەیگوت:

–شەخسیەت بناخەی ژیانی ئادەمیزادە، پیاو دەبێ شەخسیەتی هەبێ.

نـازانم چەنـد پەرداخمـان خـواردەوە... بە حاڵەحـاڵ لەبیـرمە کە مامۆسـتا دەستی گرتم بردمیەوە پێش ژوورەکەی خۆم...

لەبەر ئەوەی زۆر تێـکچووبـووم نەمهێشـت بێـتە ژوورێ، لەبەر دەرگــا خواحافیزیم لێکرد...

هەر گەیشتمەوە ژووری دەسبەجێ لەسەر قەرەوێڵەکەم کەوتـم و بە تەواوی تێکچووم...

پـێموابـوو ئەو نیگارکێشـە بەشەخسـیەتە هـیچ‌نەبـی دووسـێ دەنـک نـۆکی سوێرم دەداتێ. ئارەقی بێمەزە کـارێکی پـێکـردم هێنـدەی نەمـابوو بیـرەوەری-یەکانم نیوەچڵ بـن و ئێـوەش تـاموچێـژی [خوێنـدنەوەی] ڕووداوە شـیرنەکانی دواترتـان لەکیس بچێ!

## داستانی بێناو...

کـاکی نیگـارکێش دەستبەردار نەبـوو... ئەمـن حەزم لە چـارەی نەدەکرد. بەڵام چـونکە هەر دووسـێ ڕۆژی دیکە لێـرە دەمـایەوە و دەیەویسـت بچێـتەوە ئەنکەرە بەباشم نەزانی بیتۆرێنم.

دەیگوت: بگەمەوە ئەنکەرە مانگێ پەنجا لیرەت بۆ دەنێرم. ئەمن پیاوی بەشەخسیەتم خۆش دەوێ. هەر بگەمەوە ئەنکەرە پێش هەموو کارێک بە برووسکە پارەت بۆ دەنێرم. لانیکەم پەنجا لیرە دەنێرم و لەوانەشە سەد لیرە و بگرە پتریش بنێرم".

تەنیا عەیبێکی هەبوو، کاکی نیگارکێش پارەی نەبوو پێی بچێتەوە ئەنکەرە! دەیگوت: "هەرئەوەندە بتوانم پارەیەک پەیدا بکەم و خۆم بگەیەنمەوە ئەنکەرە ئیدی کار تەواوە و ئەتۆ هەرگیز بێپارە نابی! هەموو مانگێک سەد لیرە... سەدوپەنجا لیرە... بگرە دووسەد لیرەشت بۆ دەنێرم... چۆن دەبێ؟ ئەمن حەزم لە ئینسانی بەشەخسیەتە!!!".

ئەمن بۆخۆم شارەزای ئەو جۆرە کەڵەکانە بووم. ئەم چەشنە چاووڕاوانە کاری کڵاوبازەکانن. لێکدالێکدا بەڵێن دەدەن. زۆریش بە بێویژدانی و بێ-بەزەیی بەڵێن دەدەن..! دەمزانی هێندێک لەوانە ئەوەندە باش قسە دەکەن و ئەوەندە لە درۆکردندا کارامەن کە شەیتانیش فریو دەدەن! بەڵام قەت بەبیرمدا نەدەهات پاش ئەو هەموو قوڕوچڵپاوەی پێمهەڵپڕژاوە و دوای ئەو هەموو گیران و بەرەڵڵابوونە ڕۆژێک بۆخۆم بەفریو بچم. ئاخر ئەمن لە بەندیخانە دەورەی زانستگەم لەو کەڵەکبازی‌یانەدا تەواو کردبوو، کەچی ئەو جەنابی نیگارکێشە زەبرێکی لێدام بۆ حەوت پشتمی تەمبێ کردم.

کاکی نیگارکێش ڕۆژبەڕۆژ بەڵێنەکەی چەورتر دەکرد و ڕەقەمی ئەو پارەیەی کە هەموو مانگێک بۆی دەناردم، بەرزووورتر دەبرد.

–چۆنە مانگی چوارسەد لیرەت بۆ بنێرم؟!! بۆتۆ بەخەسار ناچێ. ڕۆژێک کارەکەت هەر چاک دەبێ و پارەکەم بەزیادیشەوە دەدەیەوە.

ئەمن بەڕواڵەت گوێم بۆ ڕادەگرت وەک ئەوەی بەڕاستی بزانم. بەڵام لە دڵی خۆمدا دەمگوت:

"بابە ، ئەمن بۆخۆم لەوەدا وەستام. بەڵام هەر حەز ناکەم کڵاو لەسەر کەس بنێم، ئێستا ئەتۆ دەتەوێ هەڵمخەڵەتێنی؟! نا بابە، خۆت زەحمەت مەدە، ئەمن کڵاوم ناچێتە سەر. خوا ڕزقت لە جێیەکی دیکەوە بۆ بنێرێ!".

ئەگەر توانیبام ڕاستوڕەوان پێی بڵێم: "سوپاست دەکەم، ئەو زەحمەتەی ناوێ!" ئەو پەندەم بەسەر نەدەهات.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به دزی‌یه‌وه چاوێکم لێکرد بزانم له‌کۆڵم ده‌بێته‌وه یان نا، دیتم نه‌خه‌یر ده‌ست هه‌ڵناگرێ.

جۆرێکی قسه ده‌کرد پیاو وه‌شک ده‌که‌وت، ده‌یگوت:

"خۆ پیاوه‌تی نه‌مردوه. دنیا هه‌ر ڕۆژێک و دوو ڕۆژ نیه، کێو وه کێو ناکه‌وێ، به‌ڵام عاده‌می وه عاده‌می ده‌که‌وێ".

له دڵی خۆمدا گوتم:

"نه‌کا ڕاست بکا!!".

کاری که‌ڵه‌کبازه‌کان هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ی گرانه هه‌تا به‌رامبه‌ره‌که‌یان وه‌شک ده‌که‌وێ. وه‌ختێک کابرا که‌وته گومانه‌وه ئیدی هه‌موو شتێک ته‌واوه و نێچیر ئاماده‌ی به‌ته‌ڵه‌وه‌بوونه!

کاکی نیگارکێش نازانم به بریسکه‌ی چاوانم یان به چشتێکی دیکه لێم حاڵی بوو، که وا سه‌ری کیسه‌که‌ی کرده‌وه و به‌ڵێنه‌کانی ئه‌وه‌نده‌ی دیکه چه‌ور کرد.

" به‌مه‌رگی خۆت هه‌رچی ده‌ستم که‌وێ بۆتی ده‌نێرم. ئه‌گه‌ر له غه‌ریبایه‌تی ده‌ستت نه‌گرمه‌وه که‌نگێ ده‌ستت وه‌گرم؟! دڵنیام که ئه‌تۆ پیاوێکی به‌شه‌خسیه‌تی و هه‌روه‌ختێک بێ، پاره‌ی من ده‌ده‌یه‌وه".

له دارای دنیا چل لیره‌م هه‌بوو که ئه‌و ڕۆژه به‌یانی خێزانم له ئه‌سته‌مبوڵه‌وه بۆی ناردبووم. له دڵی خۆمدا گوتم:

"چۆنه ئه‌م پاره‌یه‌ی بده‌مێ پێی بچێته‌وه ئه‌نکه‌ره؟ هه‌رچی بێ ئه‌ویش پیاوه، زۆر نامه‌رد بێ لانی‌که‌م پاره‌که‌ی خۆم بۆ ده‌نێرێته‌وه! نا، بابه، گه‌وج مه‌به، گه‌وج مه‌به، لێی گه‌ڕێ. کوڕه ده‌یه‌وێ فریوت بدا!... نا، بابه ده‌ی-نێرێته‌وه... گه‌وجی نه‌فام ئه‌تۆ ئه‌و پیاوه‌ی بتوانی یارمه‌تیی خه‌ڵک بده‌ی...

له‌م وتووێژه‌یه‌دا بووم کاکی نیگارکێش گوتی:

–هه‌سته با بڕۆین.

–بچینه کوێ؟

–دوایه ده‌زانی.

عاره‌بانه‌یه‌ک له‌به‌ر ده‌رگای هوتێل وێستابوو. کاکی نیگارکێش قۆڵی گرتم و سواری کردم. چووینه مه‌یخانه‌یه‌کی لای خواره‌وه‌ی شار! وه‌زعی من جۆرێک بوو ئه‌گه‌ر بتڵ (بوتری)ی خواردنه‌وه‌یان به لیره‌یه‌ک دابایه ئاماده نه‌بووم بچمه ئه‌و جۆره جێیانه.

بەڵام ئەمە عـادەتی نووسـەرە لاوەکـانە کە حەز دەکەن سـەر بەو کـون و کاژێرانەدا بکەن و لە ژیـانی خەڵکی ئەوێ و ئەو ژن و کـچە هەڵخەڵەتـاوانەی ڕۆژگار تووشی ئەو جێیانەی کردوون "بابەت" بدۆزنەوە!...

ئەمنیش بەو هیوایە قبووڵم کرد کە بەڵکوو بابەتی داستانێکی تازەم دەست کەوێ ڕۆمانێکی لەسەر بنووسم و بە قیمەتێکی باش بیفرۆشم.

مەیخـانەکە مشـتەریی لـێنەبـوون. سـێ ژنـی خزمەتچـی لە سـووچێکی مەیخانەکە دۆشدامابوون. یەکیان ئەوەندە کز بوو دەتگوت قەفەقامیشە.

دووەمیان قەڵەو و گۆشتن بوو، و لە ڕەنگ و ڕوخسـاری دەردەکەوت کە بە جحێڵی (شت) بووە. تەنوورە (داوێن)ێکی جەلسەی ڕەنگپەمەیی دەبەر کردبوو.

سـێیەمیان گـرویێەک بـوو دەموچـاوی وەک شـەقامی شـارەکانی خۆمـان هەموو چاڵوچووڵ بوو.

کاکی نیگارکێش قۆڵی گرتم، بردمیە پشت مێزێک و گوتی:

—دانیشە، دەرفەتە!

گوتم:

ئەگەر ئەتۆ دەتەوێ دانیشی بۆخۆت دەزانی، بەڵام ئەمن دەڕۆم.

خـاوەنمەیخـانە، کە پیرەژنێکـی قەڵەوە بـوو، بـێئەوەی گـوێ بـداتە ناڕەحەتیی من گوتی:

—چیتە ڕۆڵە! دەترسی درەنگ بچیەوە ماڵێ!

پـێش ئەوەی وەڵامـی بـدەمەوە سـەری بـتڵە ئارەقەکـانی هەڵپچـڕی و ژنە باریکەڵانەکە و داوێنجەلسەکەش سێ قاپ خواردن و زەڵاتەیان لەسـەر مێزەکە ڕیز کرد.

کە خواردنەکانم دیتن هەموو گیانم لەرزی و بەخۆم نەبوو گوتم:

—ئەم هەموو خواردنە بۆ کێ؟

ژنە بـاریکەڵانەکە لە تەنیشـتم دانیشـت و بە نازونیمنـازێکی تـایبەتەوە گوتی:

—ئەی ئێمە چین؟! نەکا بە میوان قەڵس بن؟! ئەم قسـەیە وەڵامێکـی نەبـوو. بڕوانە لە کوێوە بۆی چووبوو. قسەم نەما.

لە دڵی خۆمدا گوتم:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"خۆ کاکی نیگارکێش خەبەری نیە کە ئەمن پارەم بۆ هاتوە، دەشزانیێ بابایەکی دوورخراوە -لات لە ئەمانی خوایدایە-! کەوابێ دیارە پارەومارەی هەیە".

ژنە باریکەڵەکە بوو بە مەیگێڕ. کاتێک پێکی چوارەممان هەڵدا کاکی نیگارکێش دەگەڵ داوێنجەلسەکە کەوتە ڕازونیاز و ئەمنیش ژنە باریکەڵانەکەم پرسیارکوت کرد:

"چۆن بوو ڕێت کەوتە ئێرە؟ خەڵکی کوێی؟ بابت کێیە؟ دایکت لە کوێیە؟...

دیار بوو ژنەتیو چاوەڕوانی ئەم پرسیارانە بوو. چاوی پڕ بوون لە فرمێسک. پێکەکانی پڕ کردنەوە. پێکەکەی هەڵگرت، هاتە تەنیشتم و پێکی هێنایە پێشەوە:

"ئەمەش بخۆوە با پێت بڵێم".

ئەمن هەمیشە هەڵامەتمە، لە تەواوی ساڵیدا حەوتوویەک لووتم ناکرێتەوە و بەباشی هەست بە بۆنەکان ناکەم. کەچی، هەر لەگەڵ ژنەتیو خۆی گەیاندمێ بۆ نەگبەتی لووتە سەگبابخێوەکەم کرایەوە.

نەتانبیستوە دەڵێن "نەگبەتی، نەگبەتی دێنێ"؟ ئەگەر لەبەر حیساب و پارەی مێزەکە نەبایە هەڵدەستام دەڕۆیشتم. بەڵام ددانم بە جەرگی خۆمدا گرت و گوتم:

"هەرچۆنێک بێ ڕایدەکێشم. بەسەرهاتی ئەم کچە سەرنجڕاکێشە".

کاکی نیگارکێش لەگەڵ ژنە داوێنجەلسەکە گەرمی قسان بوو. ئەمنیش گوێم بۆ دەردەدڵی کچە باریکەڵەکە شل کردبوو کە داستانی ژیانی خۆی بۆ دەگێڕامەوە.

حیسابی ئەو شتانەی دەمانخواردن لەدەست خۆمان دەرچووبوو!

کاتێک خاوەنمەیخانەکە هات و گوتی سەعات نیزیکی دوازدەیە و دەبێ چۆڵی بکەین، تازە سەرنجی بتڵە بەتاڵەکانی سەر مێزەکەم دەدا.

"ئەی دادوبێداد، ئەم هەموو خواردنەوەیەمان کەنگێ خواردۆتەوە.

ژنەکان وەک کەسانێک کە کاری خۆیان تەواو کردبێ هەستان ڕۆیشتن و خاوەنمەیخانە حیسابێکی باڵابەرزی لەپێش دانایین، چلوحەوت لیرە بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاکی نیگارکێش دەستی بە گیرفانیدا کرد. زۆر خۆشحاڵ بووم کە دیار بوو کارەکە بەخێر دەگوزەرا. کەچی حەوت لیرەی دەرهێنا، لەپێش منی داناو گوتی:

–چل لیرەی بخەرە سەر بیدە، ئەمن پارەت بۆ پەیدا دەکەمەوە.

"ئەی نەحلەت لە بابت پیاو، ئەمە چداوێک بوو بۆت دانایین؟!".

گوتم:

–پارەم لە کوێ بووە؟

–خەبەرم هەیە ئەمڕۆ چل لیرەت بۆ هاتوە. کە چووینەوە هوتێل دەت-دەمەوە.

چارە نەبوو.

وەختێک چل لیرەکەم دا، وەک ئەوە دەچوو پارچەیەکم لە جەرگی بکەنەوە. خێرخوایەک نەبوو بڵێ پیاوی باش، ئەتۆ دوورخراوەی، یان بۆ ئەبلەخەرجی هاتوویە ئێرە؟!!

دڵم بەوە خۆش بوو کە داستانی کچۆڵەکە دەنووسم و هیچنەبێ شەست، حەفتا لیرەم بۆ دەکا!

داستانی کچەکە ئەوەندە سەرنجڕاکێش و دڵتەزێنە پیاو ئاوری بۆ تێ-بەردەبێ.

کاتێک سێچوار ساڵە بووە دایکی مردوە. هەتا تەمەنی بۆتە شەشساڵ بەڵا نەماوە زڕدایکی بەسەری نەهێنێ. بابی بۆئەوەی نەجاتی بدا بە کابرایەکی دەفرۆشێ. ئەمجار کابرا و ژنەکەی و کوڕەکەیان بەڵایەکی بەسەر دێنن هەر ناگەڕێتەوە.

پاش ماوەیەک بە تاوانی ئەوەی کوڕەکەیانی خەڵەتاندوە دەری دەکەن.

کچە دەچێتەماڵێکی دیکە. بەرگی نوێت لێ مەمبارەک بێ، سەرلەنوێ بەدبەختی و چارەڕەشی هێرشی بۆ دێنن.

هەروەک ئەو داستانانە کە لە فیلمەکاندا دیوتانن، سەرەنجام ڕێی دەکەوێتە مەیخانە و کابارەکان.

داستان لەوە باشتر نەبوو:

"بێشەرەف بم ئەگەر دووهێندەی ئەو پارەیەی داومە لەم داستانە وەرنەگرم.

*

**خوا بە قیسمەتی نەکردبوو...**

بەیانی کاکی نیگارکێشی بەشەخسیەتم دیتەوە، بەڵام باسی پارەکەی نەکرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دووسێ ڕۆژی دیکەشی پێچوو، لەجیاتی پارە بەڵێنەکانی چەورتر کرد:

"هیچ خەمت نەبێ، بگەمەوە ئەنکەرە مانگی پێنسەد لیرەت بۆ دەنێرم".

تائێستا نەمتوانیبوو داستانی کچەکەش بنووسم. ئەسڵەن تاقەتم نەبوو.

دووسی ڕۆژ دواتر بەیانی‌یەک دەفتەرداری هوتێلەکە گوتی:

–نیگارکێشەکە خەریکە بڕوا.

وەک گۆشتم لە لەشی بکەنەوە هاوارم کرد:

–ئەدی چل لیرەکەی ئێمە چی بەسەر دێ؟!

دەفتەردار کە ئاگای لە مەسەلەکە هەبوو پێکەنی:

–هێشتا پاس نەڕۆیشتوە، غار دە بەڵکوو بیگەیەی.

هێشتا هەر پێم وابوو کاکی نیگارکێش لەبیری چووە قەرزەکەم بداتەوە. پیاو هەرچەند نامەردیش بێ پارەی بابایەکی دوورخراوە لۆتی‌خۆر ناکا.

دیتم ئەگەر بەدەستی بەتاڵ بچمە بەرێ‌کردنی جوان نیە و تێ‌دەگا لەبەر پارەکەم چووم... دەبێ دیاری‌یەکی بۆ بکڕم. کاتێک دیاری‌یەکەم دایە بۆخۆی ماریفەتی هەیە... بیری دەکەوێتەوە و پارەکەم دەداتەوە.. بۆ ڕێبوارێک دیاریی لە کتێب باشتر چیە؟

دەسبەجێ چوومە لای کتێب‌فرۆشێکی ئاشنام، کتێبێکی باشم هەڵبژارد و ڕامکرد بۆ گەراج...

ئوتۆمبیل خەریک بوو بڕوا: "چاک بوو فریای کەوتم". خێرا غارم دا و لە پەنجەرەی پاسەکەوە کتێبەکەم وێ دا:

–قابیلی جەنابیشتی نیە، دەبێ ببووری!

وەک ئەوەی تەنیا بۆرە ناسیاوی‌یەکمان هەبێ، بزەیەکی هاتێ... کتێبەکەی وەرگرت و زۆر بە وشکی گوتی "سوپاس".

"تف"... ئەم دنیایە زەلامی چەند بەچاووڕووی تێدایە".

ژنێکیش لە پەنا پاسەکە ڕاوەستابوو، دیار بوو یەکێک لە ئاشنایانی کاکی نیگارکێشە.

گوتم:

ببوورە مەسەلەیەک هەبوو... وادیارە لەبیرتان چۆتەوە...!

قسەکەی پێبڕیم:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-نا.. چۆن لەبیرم دەچێ... هەر بگەمەوە ئەنکەرە حەتمەن مانگی دووسەد لیرەت بۆ دەنێرم...

ژنەکە بە ڕقەوە تەماشایەکی منی کرد. وا دیار بوو ئەم بەڵێنانەی بەویش داون و دەترسێ لە بەشەکەی ئەو کەم بێتەوە!

پاسەکە وەڕێ کەوت. نیگارکێش دووسێ جاری دەست بۆ ڕاوەشاندم:

-چاوەڕوانی پارە بە.

هەروا بە تووڕەیی هاتمەوە هوتێل... جنێوم بە ئەرز و ئاسمان دەدا. بەخۆمم دەگوت:

"گەوجی نەفام... ئەتۆ دوورخراوەیەکی... هەقی ئەم غەڵەتانەت چیە... کوێراییت دایە... ئەگەر توانیت بنانگوێی خۆت ببینی، پارەی ئەم جەنابەش دەبینی!".

ئێستاش کە ئێستایە چاوم بە چاوی کاکی نیگارکێش نەکەوتەوە تا دەگا بە پارەکەی!

بڕیارم دا زووتر داستانی کچی گۆرین بنووسم: ئەمشەو تا بەیانی تەواوی دەکەم".

لە ساڵۆنی هوتێلەکە چەند کەسێک دانیشتبوون پێکەوە قسەیان دەکرد. ئەمنیش لە سووچێک دانیشتم، بەدەم چاخواردنەوەوە لە مێشکی خۆمدا خەریکی ڕێکخستنی داستانەکە بووم...

یەکێک لەوانەی پێکەوە دانیشتبوون ئەوەندە بەقەو قسەی دەکرد کە فکری منی تێکدەدا. نەیدەهێشت داستانەکەم ڕێکوپێک بکەم...

ئەویش چیرۆکی ژیانی یەکێکی بۆ برادەرەکانی دەگێڕایەوە:

"بەستەزمانە چەند ژیانێکی ناڕەحەتی هەبووە... دیار بوو لە چینەکانی سەرەوە بووە... تازە خوێندنی ناوەندیی تەواو کردوە کە دایکوبابی بەزۆر بەمێردیان داوە... مێردەکەی قوماربار دەرچووە... هەموو جارێ کچەکەی فرۆشتوە و دۆڕاندوویەتی... گوێتان لە قسەکانی بووایە، ئاگرتان بۆ تێ-بەردەبوو!".

یەکێک لە برادەرەکانی قسەکەی پێبڕی:

–بابە، ئەمنیش دیومە، وانیە... بۆ منیشی گێڕایەوە... ئەو کچە تاقانەی دایکوبابی خۆی بووە... بنیادەمی زۆڵ و دایکیخۆگێ لەدنیادا زۆرن... بێ-ویژدانێک فریوی داوە و گوتوویە دەتهێنم... بابی لەداخان دڵی تۆقیوە...

ئەوەکەی پێشوو پێشەوبڕی لێدایەوە:

–نا، بابە،ئەوەی ئەتۆ دەیڵیی یەکی دیکەیە...

–نا گیانم خۆیەتی.

ئاخرەکەی یەکەمینیان ناو و شوێنی کاری کچەکەی هەڵدا.

دیتم کچە باریکەڵەکەی لەمەڕ خۆمە! سێیەمیان هەڵیدایە گوتی:

–بابە ئەوە ئەمنیش دەیناسم! ئەوە لەپێشدا لە ئەستەمبووڵ بووە. بە مێردیان داوە بە بازرگانێکی پیر و ئیفتادە... مێردەکەی نابووت بووە و هەڵاتوە!!

دیار بوو هەموویان بە خزمەتی گەیشتوون و ئەو کچە ڕیوەڵەیە کڵاوی لەسەر هەموویان ناوە! تەماشای هەرکام لە مشتەرییەکانی کردوە، زانیویە دەبێ چجۆرە داستانێکی بۆ بگێڕێتەوە!!

لێرەشدا نەخشەکەم لێ تێکچوو. دەمەویست شاکارێک لەسەر ژیانی ئەو کچەتیوە بنووسم جێگای چل لیرەکەمی پێ پڕ بکەمەوە... ئەویش نەیگرت و ڕیسەکەم لێ بۆوە بە خوری.

*

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەتانیفرۆشتن...!

بەفرێکی توند دەباری، تائێستا سێجار هەر جارەی بیست لیرەم لە ئەستەمبووڵەوە بۆ هاتبوو.

هێندێک لە خزمەکانم لە وەزعی من خەبەردار ببوون. پیاو هەرچەندی بیەوێ ئەم جۆرە مەسەلانە بشارێتەوە خەراپتر دەبێ.

هەموو شەوێ دەچوومە مەرکەز، دەفتەرم ئیمزا دەکرد.

"ئیمزای منیش لەو جۆرە جێیانە دەڕوا !!!".

لەو ڕۆژەوە کە هاتبوومە بوورسا هەوڵی ئەوەم بوو "کار"ێکی گونجاو بدۆزمەوە و هەرنەبێ خەرجی خۆم پەیدا بکەم.

چوومە لای کۆنەبرادەرێکم کە لە قوتابخانە هاوپۆل بووین...

بۆئەوەی "سڵ" نەکاتەوە و لەبەرم هەڵنەیە، وردەوردە بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە.

پرسی:

–ئێستا لە کوێی؟!!

–هوتێل.

–نانی لەکوێ دەخۆی؟!

–لە (چێشتخانە).

–ئاوا نابێ.

–چما شێت بووی...

ئەتۆ دوور خراویەوە یان هاتوویە سەیران؟!!

پاشانیش سەرێکی ڕاوەشاند و دەنگێکی تایبەتیی لە زاری خۆی هێنا.

"چ چ چ! بڕوانە کاکم! لە هوتێل دەخەوێ، لە چێشتخانە نان دەخوا... برای من هوتێل و موتێل بەکەلکی تۆ نایەن. بڕۆ بۆخۆت ژوورێک پەیدا بکە، مانگی بیست سی لیرە بدە، مەقەڵیەک و کەمێک وردەخەڵووز و هێندێک قاپ و قاچاغ بکڕە و بۆخۆت خواردن دروست بکە!! ئەمن ڕێم ناکەوێ ئامۆژگاریی تۆ بکەم ئەتۆ بۆخۆت لە هەمووکەس باشتر دەزانی".

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەمووی ئێمە خۆرهەڵاتی‌یەکان ئەوە ئەخلاقمانە... ئێمە هەر دەزانین ئامۆژگاریی خەڵک بکەین.

ڕێگای باشیان نیشان بدەین.

دۆستەکەم پێی‌گوتم مەقەڵی و قاپ و قاچاغ بکڕە، نەیگوت پارەکەیان لە کوێ بێنم!!

دەتگوت نازانێ بە چزەحمەتێک ڕۆژێ دووسێ لیرە پەیدا دەکەم و نانێکی وشکی پێ‌دەکڕم.

بە کورتی، دۆستەکەم بە کۆڵێک ئامۆژگاری و نەختێک پەرۆش و هاودەردی! بەڕێی کردمەوە. کاتێک لەلای ئەو دەگەڕامەوە هەر لەبیری ئەوەدا بووم کە دەبێ هەرچۆنێک بێ کارێکی باش پەیدا بکەم.

ئیدی توانام نەبوو ئاوا بە برسیەتی بژیم...

چوار ڕۆژ کرێی هوتێل قەرزدار بووم و خاوەن‌هوتێلەکە لەوە زیاتر لێم ڕانەدەوەستا...

کاتێک گەیشتمەوە ژوورەکەی خۆم هێشتا نەمتوانیبوو بڕیارێک بدەم...

لەپڕ چاوم بە بەتانی‌یە کۆنەکەم کەوت. دەساڵ بوو ئەو بەتانی‌یەم هەبوو. تووک مانا بێ پێیەوە نەمابوو.

ئەم پەتووە قاوەیی‌یە دەبێ چەندساڵ کوێرەوەری بچێژێ؟!! سەرانسەری ئەنەدۆڵم پێ‌پشکنیوە.

وەختێک دۆشەکم بووە...

ڕۆژێک ڕایەخی ژوورەکەم بووە...

ماوەیەک پێخەفم بووە...

کاتێک دووریش خرامەوە و هاتمە بوورسا کتێب و جلەکانم تێیەوە پێچابوون.

بەتانیم لەسەر قەرەوێڵەکەم هەڵگرت.

بە هەردوو دەستان لەبەر پەنجەرەکە لێکم کردەوە.

وەک بێژینگ کون‌کون ببوو.

چارەیەکم نەبوو.

دەبوو لە بەتانی‌یە خۆشەویستەکەم جیا ببمەوە.

ناڕەحەتی‌یەکم لەدڵدا پەیدا ببوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ماڵ و ژیان و کەسوکار و دۆستە خۆشەویستەکانم جیا ببوومەوە، لەو غەریبایەتی‌یەدا نەمدەویست لە بەتانیە کۆنەکەم جیا ببمەوە!!!

ئەگەر کۆنەفرۆش هەرنەبێ پێنج لیرەی پێبدا، دیسان دڵم ڕازی دەبێ و دەتوانم یەک دوو ڕۆژی پێ ڕابوێرم.

نەمدەزانی بازاڕی کۆنەفرۆشان لە کوێیە، و شەرمیشم دەکرد لەکەس بپرسم، بوورسا شارێکی چووکەڵەیە. هەر یەکێک پێبزانێ دەمەوێ بەتانی- یەکەم بفرۆشم، هەموو شارەکە پێدەزانێ!

گوتم: "دەگەڕێم هەتا دەیدۆزمەوە".

بەتانی‌یە شەرتپەڕیو (تەقاویتکراو)ەکەم نوشتاندەوە. دە ڕۆژنامەیەکمەوە پێچا و بە دەزوو بەستم. تائێستا زۆرجار ژیانم لێ تێکچووە و هەرچی بیری لێبکەمەوە بەسەرم هاتوە. بەڵام قەت وەک ئەو ڕۆژە ناڕەحەت نەبووم.

ئەو بەتانی‌یەی دەکاغەزمەوە پێچابوو، دەبن‌هەنگڵی خۆم نابوو لەبەر دڵی من وەک مرۆڤێک وابوو کە بۆخۆم کوشتبێتم و بیبەم بی‌شارمەوە.

دەتگوت هەموو کەس دەزانێ ئەم بەستەیە چیی تێدایە؟!

هەستم دەکرد هەموو کەس دەزانێ لەبرسان دەچم بەتانی‌یەکەم بفرۆشم. ئەگەر پیاو ماڵێکی دزیەتییشی پێبێ قەت ئەوەندەی پێوە ناڕەحەت نابێ!

بە ترس‌ولەرزەوە لە پلیکانەکانی هوتێلەکە هاتمە خوار...

بەڕێوەبەری هوتێلەکە لەبەر دەرگا ڕاوەستابوو، مەرحەبایەکی لێکردم. هەر ئاوڕم وێنەدا. پێم‌وابوو ئەو مەرحەبایە هی چوار ڕۆژ قەرزداری‌یەکەیە!!!

کاتێک وەدەر کەوتم، دیتم بەڕێوەبەری هوتێل دوو چاوی هەن دووشی پێوە قەرز کردوون و لە بەستەکەی بن‌هەنگڵم وردبۆتەوە. هەستم کرد هەر لەگەڵ لەدەرگای هوتێلەکە چوومە دەرێ، بەڕێوەبەر دەچێتە ژوورەکەی من بزانێ بەتانی و چەرچەفەکانی ئەوم نەدزیون!

هاتمە دەرێ... بەفر هەروا دەباری... کلووەبەفرەکان کە دەکەوتنە سەر بەستەکە دەتوانەوە و کاغەزەکەیان دەتلیساندەوە.

چوومە تاریکەبازاڕی بوورسا... لەوێشەوە چوومە بازاڕی خوار شار... بازاڕی کۆنەفرۆشان دیار نەبوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەبرسان و لەماندوویی‌یان وەخت بوو بمرم. نەشمدەتوانی لەکەس بپرسم: "بازاڕی کۆنەفرۆشان لە کوێیە!.

دەترسام تێبگەن. ڕەنگە لە دڵی خۆتاندا بڵێن: "جا چبوو با تێبگەن"؟!

بەڵام نا، وا مەڵێن، بەسەرتان نەهاتوە، بۆیە ناتوانن تێبگەن دەڵێم چی!

یاخوا هەتا ماون ئەم بەڵایە بەسەر هیچ کامێکتان نەیە!

هەتا بەفر زیاتر دەکەوتە سەر ڕۆژنامەکە کاغەزەکە پتر دەخووسا و پەتووەکە زۆرتر لە توێی کاغەزەکە سەری وەدەر دەنا!

بەتانیم دە بنەهەنگڵم گرت، نەبوو، هێنامە دەرێ بێسوود بوو. پارچە ڕۆژنامە، یەک لەدوای یەک دەکەوتنە سەر زەوی. ئەمن هێشتا هەر لە بازاڕی کۆنەفرۆشان دەگەڕام، هەموو جادەکانم دووسێجار وەرد دابوونەوە، وەک فرفرە بە دەوری بوورسادا هەڵدەسووڕام. بۆئەوەی هیچ جێیەکم نەهێشتبێ هەموو کۆڵانەکانیش گەڕام... بەڵام سۆراغی بازاڕی کۆنەفرۆشانم نەکرد.

بەفر هەروا دەباری. ئیدی ڕۆژنامەکە تۆزقاڵێکی لێنەما و تەنیا دەزووەکە بە دەوری بەتانی‌یەکەوە مابوو.

بەتانی‌یەکەش تەڕ ببوو، و بەتەواوی قورس ببوو.

هەرچی جنێوی دەمزانی هەڵمڕشت. ئەمجار بەدوای جنێوی تازەکوورەدا دەگەڕام. بەڵام بە کێ و بە چی و ئەسڵەن بۆچی جنێوم دەدا؟ بۆخۆشم نەم-دەزانی!

کڵاویشم بە سەرەوە نەبوو، ئیدی لە دیتنەوەی بازاڕی کۆنەفرۆشان و لە فرۆشتنی بەتانی‌یەکەم تەمابڕاو بووم.

جەنازەی خۆم لەسەر شانم دانابوو. هەروا بە ناهومێدی هاتمەوە هوتێل. هەر وەژووری کەوتم و تووشی ئەو برادەرە کۆنە هاوپۆلەم بووم کە ئامۆژگاریی کردبووم قاپوقاچاغ بکڕم و ژوور بەکرێ بگرم.

پرسی:

–ئەوە چیە بەدەستتەوەیە؟

–بەتانی‌یەکم کڕیوە.

–کاری چاکت کردوە. ئەمنیش ژوورێکم بۆ پەیدا کردووی.

سبەینێ وەرە تەماشای بکە، ئەگەر بەدڵت بوو سەودایەکە دەبڕینەوە!

–زۆر سوپاس، بەیانی دێم بۆ لات.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

برادەرەکەم ڕۆیشت و ئەمنیش چوومەوە ژوورەکەی خۆم. پەتووە تەڕەکەم بەسەر قەرەویڵەکەدا دا، وشک بێتەوە. زۆرم دڵ بەوە خۆش بوو کە نەمتوانیبوو بازاڕی کۆنەفرۆشان بدۆزمەوە و بەتانییەکەم بفرۆشم. ئەگەر پەتووەکەم فرۆشتبا شتێکم لێ کەم دەبۆوە. مەسەلە هەر ئەوە نەبوو بەتانییەکم لێ کەم دەبۆوە. بەڵکوو ئەو دۆستایەتی و خووپێوەگرتنەی کە لە نێوانمان‌دا پەیدا ببوو شتێک نەبوو پیاو چاوی لێبپۆشێ. برسیایەتیم پێ تەحەممول دەکرا، بەڵام نەمدەتوانی لەو "شتە" جیا ببمەوە کە چەندین ساڵ بوو خووم پێوە گرتبوو.

*

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەخێر چی، خوات لەگەڵ

هێشتا هەر خەریک بووم بە هەرجۆر بێ کارێک بدۆزمەوە. نووسەری و کاری چاپخانە و ئەو جۆرە شتانەم لەولا دانابوو، ئەگەر توانیبام کارێکی سەرپێیی وەک هەڵەگیری (تصحیح)ی ڕۆژنامە و کتێب بۆخۆم پەیدا بکەم،شوکرانەبژێر بووم.

ئەودەم لە بوورسا چەند ڕۆژنامەیەک دەردەچوون. گۆڤارێکی حەوتووانەشی لێ چاپ دەکرا. نوسخەیەکم لە گۆڤارەکە پەیدا کرد، هەڵم - دایەوە و دیتم چەند ئیعلانی ڕەسمیی تێدا بڵاو کراونەوە. لە سەروتارەکەشیدا زۆری پەسنی قایممەقام دابوو. ئەو گۆڤارە شاعیرێک بڵاوی دەکردەوە. لەدڵی خۆمدا گوتم:

"هەرچی بێ شاعیر و نووسەر لە قوماشێکن، دەردی یەکتر باش دەزانن. لەوانەیە بە هەڵەبڕ دامبمەزرێنێ، یان کارێکی دیکەم بداتێ... هەرچۆنێک بێ یارمەتیم دەدا".

ناوی کابرام بیستبوو، یەکدوو کتێبیشی بڵاو ببوونەوە. پیاو کە بەرهەمی کەسێک دەخوێنێتەوە، لە ڕووی نووسینەکانیەوە داوەریی لەسەر دەکا. ئیدی چووزانێ کابرا خۆی شتێکە و نووسینەکانی شتێکی دیکە.

هەرچۆنێک بێ، تیشکێکی هیوام لەدڵدا پەیدا بوو: "هەرجۆرێک بێ کارێکم بۆ دەدۆزێتەوە". نازانم بۆچی وام بیر دەکردەوە، بڕیارم دا بێلەڕوودامان هەموو شتێکی بۆ باس بکەم. هەرچی بێ شاعیرە و هەستێکی بەهێز و پاکی هەیە.

بەو ناوونیشانەی لە گۆڤارەکەدا نووسرابوو دۆزیمەوە، جارێک نا، دووجار، سێجار چووم، نەمتوانی زیارەتی جەنابی خاوەنئیمتیاز بکەم.

ڕۆژی سێیەم کابرایەک کە هەم خزمەتچی و هەم دەرکەوان بوو، هەم کاروباری ئۆفیسەکەشی ڕادەپەڕاند گوتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"شەوێ دێ... ئێوارێ وەرە دەیبینی".

لیرەیەکی زێوم لەگیرفاندا بوو پاکەتە سیگارێکم کڕی و چوومە ئیدارەی گۆڤارەکە... زەنگم لێدا. یەکێک دەرگای لێکردمەوە. ناوی ئەو شاعیرەم پێ-گوت کە دەمەویست بچمە لای.

لەکاتێکدا بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکردم گوتی:

"خۆمم. چکارێکت پێمە؟".

ناوی خۆمم پێگوت. یەقێکی هاتەوە بەر، بە شپڕێوی دەستی لێ هەڵ-تەکاندم: "وەرە ژوور".

چوومە داڵانەکە، دەرگای توند داخست، بۆخۆی پێشم کەوت و چووینە ژوورەکەی. کاتێک دانیشتین یەکەم قسەی ئەمە بوو:

–چاکت کرد ئێستا هاتی! ئێواران کەس نایەتە ئێرە. لەمەدا شانست هەیە کە کەس نازانێ هاتوویە لای من و کارت پێمە!

حەبەسام وەک مزی سەر مەدوونەی توامەوە... نەمدەزانی چبکەم... نە دەمتوانی قسەکەمی پێبڵێم و نە جوانیش بوو بێقسەکردن هەستم بڕۆم!

جەنابی خاوەنئیمتیاز گوتی:

–ئەمن زۆر موخلیسی جەنابتم... هەموو شەوێ نووسینەکانت دەخوێنمەوە... زۆرم کەیف بە چاونەترسی و ئازایەتیی تۆ دێ! خەریک نەبوو بەو زووانە لەو قسە پڕمەرایی و زمانلووسییانە ببڕێتەوە... زۆرم ڕق هەستابوو. قسەکەم پێبڕی و گوتم؛

–دوور خراومەوە بۆ ئێرە... هاتووم کارێکم...

–دەزانم... بیستوومە... تکایەکت لێدەکەم... هیچکەس نابێ لەم دیدارەی ئێمە ئاگادار بێ، نابێ لەلای کەس بڵێی کە یەکترمان دیتوە. بۆ هیچکاممان باش نیە؟!!

نەمدەزانی چبکەم و چیی جواب بدەمەوە؟ پێم سەیر بوو، بەناڕەحەتی دەستم بردە گیرفانم پاکەتە سیگارەکەم دەرهێنا.

لەجیاتی ئەوەی لەو غەریبایەتییەدا ئەو میوانداریم لێبکا، ئەمن سیگارم وەوی دا.؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو سیگارێکی هەڵگرت و بۆخۆشم یەکم دەرهێنا. ئاورم پێنەبوو. ئەمن چاوم بۆ شقارتە دەگێڕا، ئەویش هەر بەخەیاڵیدا نەدەهات. تەنانەت شقارتەکەشی دەرنەهێنا؟؟؟

گوتی:

–ئەمساڵ سەدی نەوەدونۆ لە هەڵبژاردندا سەر دەکەوم.

پێت وایە ئەگەر ببمە نوێنەر لە پارلماندا بەکەلک نیم؟

–بۆچی، دیارە بەکەلکی!

–باشە... کەوابوو... بۆخۆت دەزانی ئەگەر بزانن پەیوەندیم لەگەڵ تۆ هەیە چەند گرانم لەسەر دەوەستێ؟

خۆشییەکەی ئەوە بوو قوڕمساغە دەیەویست بۆشی لەمل بدەم، ناچار گوتم:

"بەڵێ".

–کەوابوو تکا دەکەم جەنابت...

–استغفرالله.

–تکا دەکەم جارێکی دێ مەیە ئێرە بۆلای من... ئەمن دەمەوێ هەڵ-بژێردرێم؟ ئەم قسەیەم زۆر بەڕاستییە!!

لەکاتێکدا لەڕقان وەخت بوو بتەقم گوتم:

–زۆر باشە.

–ئەگەر هەڵبژێردرام هەموو شتێک چاک دەبێ...

–ئیشەڵڵا...

–تکایەکی دیکەشم لە جەنابت هەیە.

–فەرموو.

–بوورسا شارێکی چووکەڵەیە... لەوانەیە لە شەقام تووشی یەکتر بین. ئەتۆ دەبێ خۆم لێ نەناس بکەی!

تەنانەت نابێ سڵاویشم لێبکەی.

–زۆر باشە نایکەم.

–دەزانی ئەم ڕۆژانە لە هەمووکەس لەبیانوون. ئەتۆ نابێ وا بنوێنی کە قەت منت دیوە!

–نا، نەمدیوی...

–ئەگەر هەڵبژێردرێم باشتر نیە؟

–بۆچی؟ زۆر باشترە!

ئەو سیگارەی بەدەستمەوە بوو، و هێشتا شقارتەم دەست نەکەوتبوو پێی داگیرسێنم، لە پاکەتەکەم خستەوە.

هەستام گوتم:

–زۆر سوپاس!

– ببوورە سوپاسی بۆچیە؟

–زەحمەتم دای!

–تکات لێدەکەم... ئێمە یەکترمان نەدیوە... ئەگەر لە دەرێش تێک- هەڵەنگووتین یەکتری ناناسین

–زۆر باشە... خواحافیز.

–بەخێر چی خوات لەگەڵ.

***

پۆلیس، حاکمی ساختە... قازیی ساختە... ئەندازیاری ساختە... و پزشکی ساختە دەگرێ و لە بەندیخانەی توند دەکا. بەڵام کەس ناتوانێ شاعیرێکی ساختە بگرێ... شاعیرێک کە دەبێ پێش هەموو شتێک هەستێکی پاک و ویژدانێکی ساغی هەبێ، ئاوا بە پیسی و ناپاکی لەنێو خەڵکدا دێت و دەچێ... کەلک لە ناوی پاک و پیرۆزی شاعیری وەردەگرێ... بەشانازی و سەربەرزیەوە بەڕێدا دەڕوا و شێعر دەڵێ؟؟! کەسیش ناتوانێ پێی بڵێ "پشتی چاوت برۆیە"...

*

## هاونیشتمان ڕەق ڕاوەستە!

خەڵکی قەدیم زۆر لە خەڵکی ئەم ڕۆژگارە بەویژدانتر بوون. ئەودەم ئەگەر یەکێکیان دوور خستبایەوە هەرنەبێ جیرەیەکی نەمرنەژی‌یان بۆ دەبڕیەوە. بەڵام ئەمڕۆ کەس بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەمن دەبێ چۆن خۆم بژیەنم.

حەوتووی ڕابردوو دوو ڕووکێشەددانی زێڕم هەبوون فرۆشتبوومن و خواردبووم...

ئێستا هیچی فرۆشتنێم نەمابوو.

دووڕۆژیش بوو زەوادم نەبڕیبوو...

بەڕۆژ دەچوومە کتێبخانەی گشتی، هەم کتێبم دەخوێندەوە و هەم گەرمم دەهاتەوە.

بەڵام وەڵامی زگمم چۆن دابایەوە؟؟

وەدوای هەرکارێکیش دەکەوتم، هەرکە دەیانزانی بابایەکی دوورخراوەم حیسابم تەواو بوو!!!

لەبرسان وەخت بوو ببووریمەوە، ددانی زێڕیشم نەبوو بیفرۆشم...

نەمدەزانی تەگبیرم چیە!

بەبەر ئەو فکروخەیاڵانەوە لە شەقامێکی قیلەتاودا کە بەفر دای‌پۆشیبوو پیاسەم دەکرد.

یەکێک دەستی خستە سەر شانم.

پێموابوو پۆلیسە، کشامەوە دواوە. کەچی دیتم یەکێک لە هاوپۆلەکانی سەردەمی قوتابخانەمە.

سڵاو و چاکچۆنیمان کرد، دەستی گرتم و بردمیە چاخانەیەک.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاخانەکە بە دووکەڵی سیگار و هەناسەی مشتەرییەکان وا گەرم داهاتبوو کە حەزم پێکرد.
مێشکی ئێسقانەکانم کە ببووە سەهۆڵ گەرم بۆوە.
وەختێک چای گەرم لە گەرووم دەچووە خوار لە گەدە و ڕیخۆڵە بەتاڵەکانمدا هەستم بە ئازارێک دەکرد...
لەدڵی خۆمدا خواخوام بوو برادەرەکەم بمباتە چێشتخانەیەک و ژەمێکم دەرخوارد بدا.
وا نوقمی ئەم خەیاڵە بووم کە لەبیرم چۆوە لەکوێم و دەڵێم چی...!
بێئەوەی بزانم برادەرەکەم دەڵێ چی پەیتاپەیتا وشە و ڕستەی سەیروسەمەرەم بە زاردا دەهاتن:
(بەڵێ...وانێک...)
لە دنیای خەیاڵدا پێم وابوو لە چێشتخانە دانیشتووم...
تەنانەت جارێکیان بێئەوەی بەخۆم بزانم گوتم: "کەبابی شیشلیک بێنە!".
"جێیەکیشمان دۆڵمە بۆ بێنە!".
برادەرەکەم هەر خەریک بوو پرسیاری لێدەکردم:
-باشە...دوایە چی؟؟ دەبێ بزانم!!
وەڵامم دایەوە:
"نەختێک پڵاو دەگەڵ شلەی فاسوولیا (لووبیا)!!'.
برادەرەکەم بە سەرسوڕمانەوە گوتی:
-ئەوە دەڵێی چی؟
-هیچ... سڵامەتیت.
پرسی:
-وەزعی وڵات چۆنە؟
-ئاوی کەم بێ!
برادەرەکەم پێکەنی و گوتی: "هۆشت لەکوێیە!؟".
دەڵێم وەزعی حیزبەکان چۆنە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–کەمپووت "خۆشاو" باشە...
برادەرەکەم بە دوودڵییەکەوە سەیرێکی سەرتابەخوارمی کرد و پرسی:
–بۆچی هاتوویە بوورسا؟!
–لێرە کارت چیە؟!
ئەمنی قوڕبەسەر کە هەمیشە ماڵوێرانی ڕاستی و دروستیی خۆم بووم لە سیرێ تا پیوازێ هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە.
لەپڕ برادەرەکەم وەک تووشی ژانەزگێکی سەخت بووبێ ڕەنگی پەڕی، دەستی بە زگیەوە گرت و گوتی:
دانیشە ئێستا دێمەوە.
سەعاتێک لەوی دانیشتم دەمگوت: "چووبێتە هەرکوێیەک دێتەوە".
بۆ دەرمانی برسیەتی! چایەکی دیکەشم خواردەوە، بەڵام دۆستەکەم خەبەری نەبوو.
لە دڵی خۆمدا گوتم:
"خوایە برسیەتییەکەم بە جەهەننەم، بەڵام ئابڕووم نەچێ!!".
"ناکا برادەرەکەم وەبەر ئوتۆمبیل کەوتبێ!!؟.
لەهاتنەوەی برادەرەکەم تەمابڕاو بووم... خەریک بووم بەدوای چارەیەکدا دەگەڕام...
بەدڵمدا هات وەختێک چایچییەکە سەرقاڵ دەبێ بۆی دەربچم... بەڵام لەوەش گەڕام...
بەدوای نەخشەیەکدا دەگەڕام ئابڕووی خۆم ڕزگار بکەم، دیتم ناسیارێکی دیکە وەژوور کەوت.
کە چاوم پێیکەوت ڕووناکایی هیوا لەدڵی دام و بە خۆشحاڵییەوە بانگم کرد.
هاتە کنم، دەستمان دەنێو دەستی یەکتر ناو گوتم:
–دانیشە.
هەر دانیشت و شاگردەکە لەپێش مێزەکەمان قوت بۆوە.
دۆستەکەم گوتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-شیروقاوەیەک بێنە.

کاتێک ئەو شیروقاوەکەی دەخواردەوە لەبنەوە تەماشام دەکرد... لەبرسان دڵم تێک هەڵدەهات... بێئیختیار لیکاوم بەدەمدا دەهاتە خوار.

برادەرەکەم شیروقاوەکەی تەواو کرد و گوتی:

-ئەمن لەخزمەت مەرەخەس دەبم!

دڵم داخورپا... دەست و پێم بەجۆرێک سست بوون کە نەمتوانی لەگەڵی هەستم.

هەرچی کردم زارم هەڵنەپچڕا بڵێم پارەم نیە حیسابی شیروقاوەکە بدەم.

دۆستەکەم خواحافیزیەکی ساردی کرد و ڕۆیشت. ئێستا دەمتوانی چ-بکەم؟ لە دارودیوارەوە بەدبەختی بۆمن دەباری.

ئیدی برسیایەتی‌یەکەم لەبیر چووبۆوە، هەر لەبیری ئەوەدا بووم کە چۆن دەرباز بم:

"چۆنە ڕاستی‌یەکەی بە کابرای چایچی بڵێم؟".

حەتمەن ئابڕووم دەبا:

"سەگباب ئەتۆ کە پارەت نیە بۆ هاتوویە ئێرە؟ ئێستا هاتووی و چایەکیشت خواردۆتەوە بەجەهەننەم، چای دووەمت بۆ خواردەوە؟ کوڕە ئەویش هەر بە دەرەک، ئەو میوانداری‌یە چبوو کردت؟".

لەنەکاو چاوم بە برادەرێکم کەوت کە بەبەر چاخانەکەدا تێپەڕی، لە پەنجەرەکەم دا و بانگم کرد.

هەر لە نێوەڕاستی شەقامەکەوە جوابی دامەوە:

-بەپەلەم... دەبێ بڕۆم...

بەزۆری هێنامە ژووری.

-دانیشە چایەک بخۆوە...

-کارم هەیە.

بەزۆر دامنیشاند:

-چدەخۆیەوە؟

-هیچ، ئێستا قاوەم خواردۆتەوە.

-توخوا ئەگەر شتێک نەخۆی!

مەبەستم ئەوە بوو شتێکی بۆ بانگ بکەم و پاشان بە بیانووی ئاودەستخانەوە بۆی دەربچم...

برادەرەکەم ڕازی بوو قاوەیەک بخواتەوە.

ئەوە بوو بە چوار دانە...

بەڵام ئەو زۆر لەمن زرینگتر بوو... هەرکە شاگردەکە قاوەکەی لەپێش دانا، بە دەستێک قاوەکەی دەخواردەوە و بە دەستەکەی دیکەی قۆڵی منی گرتبوو. لەپەستاش جۆرێکی قسە دەکرد کە ناچار بووم جوابی بدەمەوە...

وەختێک دواقومی قاوەکەی خواردەوە ڕاست بۆوە گوتی:

-زۆر درەنگ بووە...

دیتم خەریکە دەڕوا... بەرۆکم گرت گوتم:

-بەخوا ئەوەی ڕاست بێ قرۆشێک چیە پارەم پێنیە.

-چی؟؟؟

-وەڵڵا بەڕاستیمە.

-خوا بتگرێ... ئەتۆ کە پارەت نیە بۆچی خەڵکی بانگ دەکەی؟

بەخوای پارەومارەم نیە... بۆخۆت دەزانی کە ئێمە... برادەرەکەم لێی-دا ڕۆیشت.

ڕەنگە باوەڕ نەکەن...بۆخۆشم باوەڕم نەدەکرد ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاوا بەتەڵەوە ببم.

وا پێوە ببووم کەس نەبوو بتوانێ نەجاتم بدا.

لەسەر مێزەکەی تەنیشتم یەکێک لە لاتە ملئەستوورەکان لەگەڵ خەنیمەکانی نەردێن (تاوڵە)ی دەکرد...

هەموو هاوڕێکانی بە مارسیان پێ دۆڕاندبوو. لەکاتێکدا زار (مۆرە)کانی لە دەستی وەردەدا داوای خەنیمی دەکرد:

-کێ خۆی بە مەردی مەیدان دەزانێ بێتە پێش؟

بەو دەنــگە نووســاوەمەوە کە دەتگــوت وزەوزی مێشــوولەیە، جــوابم دایەوە:

–ئەمن ئامادەم.

کابرا خێسەیەکی لێکردم و بە تووڕەییەکەوە گوتی:

–ئەتۆ...؟ ئەتۆ... وەرە پێش فەقیر.

لەجێــی خــۆم ڕاســت بــوومەوە وەک ســینگ لەســەر کورســیەکەی بەرامبەری چەقیم.

–ئێستا دەردەکەوێ فەقیر کێیە...

کابرای ملئەستوور قاقا پێکەنی.

وا بەپشــتەوەدا شکایەوە هێنــدەی نەمــابوو کــڵاوەکەی لەســەر بکەوێتە خوار:

–باشە لەسەر چی بکەین.

لەدڵی خۆمدا گوتم: "گۆم هەتا قووڵ بــێ مەلەی خۆشــترە، بــا (نــۆ)ش بێتە سەر (دە)ی" جوابم دایەوە:

–هەرچی بڵێی!

دیار بوو کابرا لەو چاونەترسی و قسەزلییەم کەمێک ترسا.

گوتی:

–لەسەر پاکەتێک سیگار.

–باشە.

ئەمن لەجێدا تاوڵەم نەدەزانی.

تائێســتا ڕێنەکەوتبــوو جارێــک بــیبەمەوە... لە هەمووشــی خەراپتــر ئەوە بوو لەبرسان دووم بە چوار دەدی و شەشم بە بێش دەخوێندەوە.

دەستی یەکەم بە مارسم لێبردەوە... دەستی دووەمیش هەر وا...

خەریــک بــووین دەســتی ســێیەم دامەزرێنــین کە حەزرەتــی خــدر فریــام کەوت!!!

بۆتان هەڵنایە کە چ ڕووداوێک ڕزگاری کردم... لە بوورسا دابێک هەیە کە لە هیچ جێیەکی دنیا باو نیە... لە ســەردەمی والیــی کۆنەوە بۆتە داب

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو بەیانی و ئێواران دەستەیەک زوڕناژەن لە مەیدانی شار کۆ دەبنەوە و سروودێکی تایبەتی لێدەدەن...

لەو دەمەوە هەتائێستا تەنانەت تاقە ڕۆژێکیش ئەم دابە تەرک نەکراوە... بەفر بێ... باران بێ... تۆفان و بۆران بێ ئەم سرووودە لەکاتی خۆی‌دا لێدەدەرێ.

هەرلەگەڵ دەنگی مۆسیقا بەرز بۆوە، هەرکەس لەڕاست خۆی ڕادەوەستێ!!

عارەبانەچی کە قەمچی‌یەکەی بەرز دەکاتەوە و لەهەوادا گوێی لە دەنگی مۆسیقا دەبێ، دەستی بەحەواوە ڕادەگرێ هەتا سرووودەکە تەواو دەبێ... سەرتاش کە ڕیشی مشتەری‌یەکەی دەتاشێ، هەروا دەست ڕادەگرێ...

میوەفرۆش دەستی لە تەرازووەکەدا دەمێنێتەوە!!!

ئێمەش خەریک بووین یاریمان دەکرد خەنیمەکەم زارەکانی لە دەستی‌دا هەڵدەسووڕاند... لەپڕ دەنگی مۆسیقای سروودی سەربەخۆیی بەرز بۆوە. یەکێک فنجانی بەدەستەوە بوو...

دیتم وەختی چاکە. بەسپایی هەستامە سەر پێ و تێمتەقاند...

چایچی و مشتەری‌یەکان نەیانوێرا نە قسە بکەن و نە پەل ببزێون.

بەڵام کە وەدەر کەوتم دەنگی پۆلیسێک لەپشتمەوە بەرز بۆوە:

"هاونیشتمان ڕەق ڕاەستە".

گوتم:

"ئەمن لەبرسان خۆم بەسەر پێوە ڕاناگرم... لەجیاتی من ئەتۆ ڕەق ڕاوەستە...".

بەو چەشنە سروودی سەربەخۆیی فریام کەوت و لەو تەنگانەیە ڕزگاری کردم.

*

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## مامۆستای تایبەتی

شتێکم لە نیگارکێشان دەزانی... لەبەر ئەوەی ناگوزیری مامۆستای ژیانە و هەموو شتێک فێری بنیادەم دەکا کەوتمە بیری ئەوەی نیگارکێشی بکەم و پارەی نان‌وئاوێکی لێ‌هەڵکرێنم.

هێندێک قوماشی نیگارکێشانم پەیدا کرد، بە ڕەنگوڕۆن، گوڵ و پەلەوەر و دیمەنی جوان‌جوانم لەسەر قوماشەکان دەکێشان.

قوماشەکان خاوەن‌دوکان دەیدان، ڕەنگ و قەڵەم و فڵچە و کەرەسەی دیکەش هەر بۆخۆی کڕیبوونی، تەنیا نیگارکێشانەکە لەسەر من بوو...

لەپێش‌دا کابرای خاوەن‌دوکان بۆ هەر نیگارێک لیرەیەکی دەدامێ!! پاشان کە کارەکەم باشتر بوو، لەجیاتی ئەوەی زیادی بکا کەمی کردەوە و حەفتا قرۆشی دەدامێ... دواتر هێنایە سەر پەنجا قرۆش و ئاخرەکەی گوتی:

"کاکە دەست ڕاگرە... ئەمە نان نیە هەمووکەس بیکڕێ... حەوتووی لە چوارپێنجێک زیاتر نافرۆشرێ... ئەتۆش ڕۆژێ پازدە بیست دانە دروست دەکەی!".

ئەم کارەشم پەکی کەوت!! فکرم کردەوە چوارچێوەی وێنە و نیگار و تابلۆ دروست بکەم و بیان‌فرۆشم! ئەمەش دەردی دەرمان نەکردم... فرۆشتنی بەرهەمی پیشە دەستی‌یەکان! کارێکی گران بوو، زۆری وەخت دەگرتم! ڕۆژێکیان لە چاخانەیەکی بوورسا دانیشتبووم کابرایەک وەژوور کەوت و دەستی بە قسە کرد:

"بەڕێزان... ئێستا ئەمن چەند جۆرە (یاری)تان بۆدەکەم کە تائێستا لە هیچ‌کوێ نەتان‌دیتوە".

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشـانیش دەسـتی کـرد بە جامبـازی (الشـعوذة، شـعبدەبازی) و وەستایەتیی خۆی نیشان داین... لەپێش چاوی ئێمە پارەی دەشاردەوە!

دوایەش پارەشاردراوەکەی وەک مێش و مەگەز لە حەوا دەگرتەوە!!

گلۆڵەیەکی دەزوو قووت دا و دوایە بە کونەلووتیدا هێنایەوە!

ئـاگری لە زاری خـۆیدا هەڵکـرد... و بەکـورتی مـاوەی سـەعاتێک بەو کارە سەیروسەمەرانەی نەیهێشت هیچکەس دەمی وێک کەوێتەوە!

دوایەش کڵاوەکەی بەدەستەوە گرت و دەستی کرد بە پارە کۆکردنەوە.

زۆرم زگ بەخـۆم سـووتا. ئەگەر ئەمنـیش دەیەکێکـی ئەو تەمەنەی بـۆ فەرهەنگ و هـونەری نووسـەری و خوێنـدن و فێربـوون بەخـتم کـردوە، بـۆ فێربوونی چەند جۆرە جامبازییەک بەکارم هێنابایە، ئەمڕۆ لانـیکەم دەم-تـوانی لە چاخانەکـان تۆزێـک خەڵکـی سـەرگەرم کەم و ژیـانەکەم دابـین بکەم!!

خـوینەری خۆشەویسـت، زۆر داوای لێبـووردن دەکەم کە بە نووسـینی ئەو شـتە بـێسـوودانە وەختـی خۆشەویسـتی تـۆ تـاڵ دەکەم بەڵام چبـکەم، پیاو ئەگەر  دەردی خۆی بەکەس نەڵێ دڵی دەتـۆقێ. ئەمنـیش لەتـۆ زیـاتر کەس شک نابەم دەردی دڵی خۆمی بۆ هەڵڕێژم.

چوومە لای کتێبفرۆشێکی برادەرم، گوتم:

–دەکـرێ ئەم ئاگـادارییەم بـۆ بە شووشـەی دوکـانەکەتەوە بـدەی: "دەرسگوتنەوەی تایبەتیی زمانی ئینگلزی!!".

گوتی؛

–بەکەلک نایە!

پرسیم:

–بۆچی؟

–خەڵک زۆرە... هەرچی دەیبینی بۆتە مامۆستای زمانی ئینگلیزی!!

–لە دوکـانی سـەوزیفرۆشـەکان!. میوەفرۆشـەکان! سەرتاشـەکان و بەرگدرووەکـان و... ئاگـادارییەکیـان هەڵاوەسـیوە "گـوتنەوەی زمـانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئینگلیــزی". ئەگەر گــوتنەوەی ئینگلیــزی هەر وا بــڕوا مامۆســتایەکان لە قوتابی‌یەکان پتر دەبن!!

گوتم:

-چبکەم مامۆستا چارم نیە!

گوتی:

-دەرسی تورکی بڵێوە!! ئەم قوتابی‌یانەی ئێمە زمانی زگماکیی خۆیـان نازانن.

پێکەنیم... کتێبفرۆشەکە نەختێک نێوچاوانی تێک نا و گوتی:

-گاڵتە ناکەم! ئەتۆ ئاگاداری‌یەک بنووسـە: "تـورکیی کۆن دەڵێیـنەوە" بزانە چەند قوتابیت لێ کۆ دەبێتەوە.

قسەکەیم بەگوێ کرد... پـاش حەوتـوویەک چـوار قوتـابی هـاتنە لام... ئەمانە تەمەنیان لە نێوان نۆ ساڵ بۆ سێزدە ساڵدا بوو...

پێم وابوو ئەو لاوانە دێنە لام کە دەیانەوێ کتێبە کۆنەکان بخـوێننەوە، کەچی منداڵەکان هاتن! پاشانیش باوکێک هات و پرسی:

-ئەتۆ دەرسی قورئانیش دەڵێیەوە؟

ئەمەیانم هەر لەبیر نەبوو، گوتم:

-بەڵێ...

کابرا پێش ئەوەی منداڵەکەی بنێرێ تاقیی کردمەوە، قورئانێکی پێبـوو لێکی کردەوە و داوای کرد چەند ئایەتێکی بۆ بخوێنمەوە...

سـەد ڕەحـمەت لە قەبـرەکەی بـێ، بــابم بە منـداڵی ناچـاری دەکـردم قورئانی بۆ بخوێنم.

خوا عافووی کا، چـاوی کەمحـوکم ببـوون. بـۆیە ئەو وەختـی کە زۆریـش منداڵ بووم بەیانی‌یان زوو هەڵی‌دەستاندم و ناچـاری دەکـردم لەبەر شـۆقی چرا نەوتی‌یە چووکەڵەکەمان قورئان بخوێنم.

لەئاکامی ئەو چاوەدێری و هاندانەی بابمدا قورئـانم لەبەر کردبـوو. نەک هەر قورئـانم بـاش دەزانـی، بەڵکوو لەبەریـش دەمخوێند و ماناشـم لـێ-دەدایەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەودەم لەو زووهەستانە و لەو کارە گرانە کەمێک نارەحەت دەبووم. هیچ بیرم لەوە نەکردبۆوە کە ئەم قورئانفێربوونە ڕۆژێک لە ڕۆژان فریام دەکەوێ و لە برسیەتی و نەگبەتی نەجاتم دەدا... لەماوەی حەوتوویەکدا ئەو قوتابی‌یانەی بۆ قورئانخوێندن دەهاتن بوونە هەشت کەس. هەموو ڕۆژێ بەیانی دەچوومە حەوشەی مزگەوت دەورەی قورئانخوێندنم دەکردەوە.

ئەو خەڵکە موسوڵمانە کە دەیاندی منداڵەکانیان وا خێرا فێری قورئان دەبن، زۆر لەمن ڕازی بوون و خەبەریان بە یەکتر دەدا.

کارەکەم ڕۆژبەڕۆژ برەوی پەیدا دەکرد، وای لێهات کە نیازم بوو ئەگەر ماوەی دوورخرانەوەکەشم تەواو بێ هەر لە بوورسا بمێنمەوە و دەورەی دەرسی قورئان بکەمەوە.

بەڵام ئەوانەی هەستیان دەکرد قازانجی خۆیان لە مەترسی‌دایە و تێ-گەیشتبوون ئەگەر پێشی من نەگرن، دوکانەکەیان دادەخرێ، جارێکی دیکە توێکڵە شووتی‌یان هاویشتە بەر پێم کە پێش هەموو جێیەک تەپڵی سەرم وەعەرزی کەوت.

ڕۆژێک بەیانی کە دەرسم بە منداڵەکان دەگوت و بەشەوقوزەوقەوە هەموو هەڵەکانیانم ڕاست دەکردەوە، مەئموورێکی مەدەنی و پۆلیسێک هاتنە مزگەوت و بەشێوەیەکی ناشیرن و پڕ لە سووکایەتی بردیانم بۆ مەرکەز.

نازانی ئەو قوتابی‌یە بەستەزمانانە لە هەیبەتان چۆن حەبەسابوون. زۆریان پێخۆش بوو بزانن مامۆستاکەیان چیی کردوە و چگوناحێکی گەورەی لێ ئاشکرا بووە کە بەوجۆرە ڕاکێشیان کرد! لە مەرکەز لێکۆڵەر زۆر بەتوندی بەگژمدا هات و گوتی:

"قورمساغ ئەتۆ دوورخراوەی. ئەخلاقت بۆگەنە و ناردوویانی بۆ ئێرە هەتا کۆمەڵ لە شەڕی تۆ ئاسوودە بێ و بیروباوەڕی خەڵکی دیکە بە تێکەڵاوی دەگەڵ تۆ ژەهراوی نەبێ، کەچی هاتووی لێرە دوکانت کردۆتەوە؟!".

زۆری لەو جۆرە فەرمایشتانە فەرمووە، بەڵام هیچ باسی ئەوەی نەکرد نانێکی نەمرنەژی لەکوێ پەیدا بکەم...

پاشان لە دانیشتنی چاخانەدا بۆم دەرکەوت فەرماندەری پۆلیس چ پیاوەتی‌یەکی گەورەی لەگەڵ کردووم کە بەوجۆرە لە بەڵایەکی گەورەتری ڕزگار کردووم. ناحەزانی من بەجۆرێک زەینی موسوڵمانەکان و باوکی منداڵەکانیان شێواندبوو کە ئەگەر نەیانبردبامە مەرکەز و مەدرەسەکەمیان لێ تێکنەدابام، کۆمەڵێکی کەللەوشک بەخۆم و قوتابی‌یەکانمەوە قەتڵوعامیان دەکردین!!

*

## گرێوی زۆرخواردن

نامەیەکم لە براکەمەوە پێگەیشت، هەر مەپرسە چۆن نامەیەکی نووسیبوو:

"زووتر وەرەوە، نازانی چەندم وەڕەزی کردووی؟!!".

گلەیی کردبوو کە بۆچی لەبیری واندا نیم و بۆچی هێندە بێلوتف بووم، لەداخان دەستم کرد بە فیتوولێدان و گۆرانی‌گوتن.

تازە تێدەگەیشتم کە گۆرانی‌یەکانی ئێمە بۆچی ئەوەندەیان "ئای-ئای و لێلێ و ئەمان" تێدایە. ئەمانە ڕەنگدانەوەی ئێشوئازارەکانی ئێمەن کە بەم هەراوهۆریا و هاتوهاواره لە گەرووماندێنە دەرێ. ئەگەر ئەوانەی لێدەرکەن چیی تێدا نامێنێتەوە.

برایەکەم نووسیبووی "هەرنەبێ دووسێ ڕۆژ ئیجازە وەرگرە و وەرەوە بزانە ئێمە چۆنین!!".

ئەوکاتەی لە بەندیخانەش بووم نامەیەکی وای بۆ نووسیبووم. نازانم کاکم چۆن بیر دەکاتەوە!

ڕەنگە پێی وابێ دەورەی بەندیخانە و دوورخرانەوەی من قوتابخانەیەکی شەووڕۆژییە!!!

"ئەی گەردوون دەستوچاوت خۆش نەبێ، لاوێک کە دەیەوێ بە شەرەف و سەربەرزی بژی، ئاوای ژیان پێ تاڵ دەکەی".

دەستم لە ماڵوهێلانەی خۆم شوتوە!! ئیدی هیوایەکیشم بە ژیان نەماوە... دەبێ ڕاوەستم ماوەی دوورخرانەوەکەم تەواو بێ و بچمەوە ئەستەمبووڵ بزانم چۆن دەبێ!

نامەی برایەکەم دووسێ جار خوێندەوە... ئاگرێکم لە دەروون بەربوو هەرمەپرسە... بە ڕق و ناڕەحەتی‌یەوە گوتم:

"تفوو هەی... بڕوانە چبەڵایەکمان بەسەر هاتوە و تووشی چ-دەوروزەمانێک بووین...".

کابرا پێی‌وایە سێ‌چوار مانگ شتێک نیە... ئیدی چووزانێ هەردەقیقەی بە ساڵێک دەگوزەرێ.

ئەگەر پیاو باخەڵی گەرم بێ ژیان لەو بوورسایەش خراپ نیە، بەڵام ئەوانەی وەک من لە شەووڕۆژێکدا تەنانەت ژەمەنانێکیشیان چنگ ناکەوێ، تەگبیریان چیە؟!!

دیسان ناوی خواردن هات برسیەتی‌یەکەم وەبیر هاتەوە!!

کوڕە ئەگەر بڵێی ئەم زگە شتێکی زۆر بەڵایە... هەرچی بەسەر بنیادەم دێ لەسەر ئەم زگەیە!!

دیوتانە کەسێک کە زگی تێر و باخەڵی گەرمە لە هیچ شارێک و هیچ وڵاتێک غەریب نیە؟

پێم‌وایە ئەمە عەیبێکی تێدا نیە کە ئەمن بەپانەوە دەنووسم: "برسیمە". ئەگەر ئەمە عەیبێکی تێدا بێ تاوانەکەی لە ئەستۆی ئەو کەسانەیە کە ئەم چاڵەیان بۆ من هەڵکەندوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چوومە کۆڵانێک پارەکەی گیرفانم ژمارد. هەمووی پەنجا قرۆش بوو. بۆچەکی کەبابخانەی ئەسکەندەر هەموو شەقامەکەی پڕکردبوو... بێ-ئیختیار دڵم تێکهەڵات:
–ئەی کە ئەم لووتەی بنیادەم چەند چڵێسە!
نانێکی قیمەدارم کڕی [شتێکە وەک کەڵانە–وەرگێڕ–].
چوومە چاخانەیەک دانیشتم...
نانەکەم دەگیرفانم نابوو، وردەوردە دەرم دێنا و بەچای شیرنەوە دەم-خوارد.
بۆ بەدبەختی، بەو نانە تێرم نەخوارد هیچ، زیاتریش ئیشتیام کرایەوە!!
ئازارێکی زۆرم لە گەدەمدا هەست پێکرد.
مێزەکەی تەنیشتم زۆر قەڵەباڵغ بوو.
چەند کەسێک باسی زۆرخواردنیان دەکرد و دەیانەویست لەسەر زۆرخواردن گرێو بکەن!
یەکی زەلامەیان تێدا بوو کە بە قەڵافەتیڕا دیار بوو وەرزشکارە. دەیگوت:
"لەسەر گرێو بیست کەلانە و بیست هێلکەو کیلۆیەک شەکرلەمە دەخۆم".
برادەرە باریکەڵانەکەی دەیگوت:
–پێت ناخورێ؟
–دەیخۆم.
–ئاخر چۆن ئەو هەمووە لە گەدەتدا جێی دەبێتەوە؟
–جێی دەکەمەوە.
–ئەگەر نەتخوارد چی؟
–لەسەر پەنجا لیرە.
–کردمان.
–پارەی خواردنەکە لەسەر کێ؟
–ئەگەر خواردت ئەمن دەیدەم، نەشتخوارد لەسەر خۆت.
–قبووڵمە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەختێک پیاو برسیەتی، پێیوایە ئەوەندە هەر هیچ نیە و دوو هێندەشی پێدەخورێ.
کاتێک ناوی خواردنەکانیان دێنا، دەتگوت لەپێشم دانراون و دەیانخۆم، تامەکەیانم لەبنی ددانمدا هەست پێدەکرد.
هەستێکی سەیر پاڵی پێوە دەنام خۆی تێڕاکەم و ببمە خەنیمی ئەو قارەمانەی زۆرخۆری! بەڵام لەپڕ وەبیرم دەهاتەوە ئەگەر بۆم نەخورا تەگبیرم چیە!
بۆخۆم دەمزانی لەدەستم نایە، بەڵام نازانم چبەدبەختی‌یەک بەرۆکی گرتم کە لەنەکاو بەخۆم نەبوو هاوارم کرد:
کاکینە، ئەمن ئامادەم دوو هێندەی ئەو برادەرە بخۆم. وەک بۆمبایان لەنێو تەقیبێ هەموویان بێدەنگ بوون و ئاوڕیان دایەوەسەر من. قارەمانی زۆرخۆری کە خەنیمێکی سەرسەختی لەبەرامبەر خۆیدا دەدی، چاوی پێ دەرپەڕین و ماوەیەک بە حەبەساوی سەیری قەدوقەوارەی منی کرد و بە زمانێکی پڕ لە سەرسوڕمان و گاڵتەپێکردن و تانووتەوە گوتی:
—کوڕی باش! ئەتۆ بە چقەدوقەڵافەتێکەوە ئەم ئیددیعایە دەکەی؟
ئەمنیش کە تاز پێوە ببووم و ڕێگای کشانەوەم نەمابوو، لەجیاتی ئەوەی قسەکەی خۆم بخۆمەوە و فیزماڵکی بدەمێ، زۆر بە دەخۆڕادیوی بەرامبەر قارەمانی زۆرخۆری وەستام و گوتم:
—ئەگەر قاوڵتیم نەکردبایە سێ ئەوەندەشم دەخوارد. بەڵام دوو قاپ شۆرباو و سێ دانە سەروپێم خواردوە و ئێستا نەختێک بەری دڵم گیراوە!
هێندەی نەمابوو چاویان دەرپەڕن... ئاخر ئەو شتانەی ئەمن ئیددیعام دەکرد دەیانخۆم چیی وایان لە نیوەی قورسایی خۆم کەمتر نەبوو.
بەڵام ئەمن ئەوندە قایمم قسە دەکرد کە هەموویان سەریان سوڕما و بەرەبەرە خەریک بوون بکشێنەوە... بۆخۆشم لەو هەموو چاوڕاوە ناڕەحەت بووم... بەشی زۆریش لەوە دەترسام کە پەژیوان ببنەوە... بۆیە بۆئەوەی زیاتر هانیان بدەم گوتم:
—ئەگەر نەمخوارد پێنسەد لیرە دەدەم ئەگەر خواردیشم پارەم لێتان ناوێ بەڵام بەمەرجێک.
—چمەرجێک؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-چل شووشە لیمۆنادیشیان دەگەڵ بخۆمەوە.
قارەمانی زۆرخۆری پتر خۆی پێڕانەگیرا و نەڕاندی:
-ئەی نەحلەت لە بابی پیاوی درۆزن... چل شووشە لیمۆناد لە کووپە بکەن دەتەقێ!!!
یەکی دیکەشیان جنێوێکی "ئاودار"ی حەواڵەی پیاوی درۆزن کرد.
بانگمان کرد لەپێشدا چل کەلانەیان لەسینییەکی گەورەدا هێنا و لەپێشیان دانام.
بەربوومە کەلانەکان، کەلانەی یەکەمم بەئیشتیاوە خوارد!
لە دووەمیشدا ئیشتیام باش بوو، بۆسەری سێیەی گەدەم نەیبرد... شووشە لیمۆنادێکم کردەوە و هەڵم دا... نەختێک گەدەم کرایەوە!! کەلانەی چوارەم هەر پارووەیەکم بۆ لێخورا و ئیدی گەدەم هیچی دیکەی نەبرد... گوتم:
کوڕینە ئەم کەلانانە زۆر چەورن..! قیمەیان زۆر تێکراوە!
کاتێک دووەم لیمۆنادم خواردەوە، پارووەیەکی دیکەشم لە کەلانەکە خوارد... ئیدی هێندەی نەمابوو بڕشێمەوە.
گوتم:
-برایان! ڕۆنی ئەم کەلانانە خراپە، ئەمن ئەوەندەش کەمخۆر نیم...
-جاران دوو کەلانەی وام دەکردنە پارووەیەک... بەڵام ئەمانە ناخورێن.
ئەو کەلانانەی لەپێشم دانرابوون، لە بەر چاوم بوونە کێوێک، هەر پارووەیەک لە زارمدا بەقەد گابەردێک گەورە بوو.
گوتم: ڕۆنەکەیان خراپە... پێموایە لە پیوێ دروست کراون... هەمووان دایانە فیشقەی پێکەنین. گوتم:
-براینە قسەی خۆم وەردەگرمەوە...
قارەمانی زۆرخۆری قەڵەمبازێکی دا و دوایە بەقەو گوتی:
-پێنسەد لیرەکە دەرێنە بزانم...
دەستم کرد بە پشکنینی گیرفانەکانم و گوتم:
-ئەی بۆ خاتری خوا! جزدانی پارەکەم پێنەماوە!... ناکا گیرفانیان بڕیبم!!
-ئەم فێڵوتەلەکانەی ناوێ، ئێمە لەو سەرەوە دێینەوە...

خوێنەری خۆشەویست! لە کورتیی دەبڕمەوە... ئەگەر بۆت نەچۆوە سەر یەک کە سەرەنجامی ئەم داستانە بە کوێ دەگا، هەر ئەوەندە بزانی بەسە کە ئەوەندەم لێدان بەرکەوت بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا چلوهەشت سەعات لەجێدا کەوتم و نەمتوانی لەجیی خۆم ببزووم.

*

## بەخۆم نەزانی بەسەریاندا دام

شەوێکیان لە ژووره ساردوسڕەکەی هوتێل دانیشتبووم. دەچوومە نێو جێگاکەم بۆئەوەی گەرمم بێتەوە، دڵم تەنگ دەبوو، دەهاتمە دەرێش لەسەرمان هەڵدەلەرزیم.

لەدڵی خۆمدا گوتم: "چەند خۆش بوو هەتا ماوەی دوورخرانەوەکەم تەواو دەبوو خەوم لێ کەوتبایە، ئەودەم وەخەبەریان هێنابام! خوایە گیان چدەبوو ئەگەر تەواوی ماوەی دوورخرانەوەکەم لە خەودا بام!".

توخوا تەماشا، کارەکان چەند پێچەوانەن، ئەو وەختەی دەمخوێند و تەنانەت پێش دوورخرانەوەکەشم کە شەوانە شتم دەنووسی، بەجۆرێک خەو بەلای‌دا دێنام کە ناچار دەبووم چەندجار نووکەدەرزی دەلەشی خۆم-ڕاکەم.

بەڵام ئێستا کە هیچ کارم نیە و خواخوامە شەووڕۆژ بنووم، خەو لەلام باری کردوە!!

لەو فکرانەدا بووم لەسەرمانیش ددانم ددانی نەدەگرت، بەسپایی لە دەرگایان دا... نەمدەزانی کێیە: "هەرکەس هەیە بەخێر بێ، خۆ ئێمە بەمیوان قەڵس نیین!". بەدەنگێکی بەرز گوتم:

"فەرموو".

پیاوێکی قەڵەو و کورتەباڵا لە تەمەنی خۆمدا وەژوور کەوت. سەروسیمای ئاشنا دیار بوو، بەڵام هەرچی کردم وەبیرم نەهاتەوە لە کوێم دیوە.

کتێبفرۆشێکی ئاشنام ناوونیشانی منی دابوویە...ناوی خۆی پێگوتم، یەکێک لە لایەنگرانی من بووا هەموو بەرهەمەکانی منی خوێندبوونەوە و لەڕووی نووسینەکانمەوە پڕبەدڵ ئاشقم ببووا چەندین ساڵ گەورەترین ئارەزووی ئەوە ببوو لە نزیکەوە بمبینێ!

فکری لێبکەنەوە، نووسەرێک کە لەسەر نووسینەکانی دوور خراوەتەوە ئێستا لە شوێنی دوورخرانەوەکەی دەبینێ یەکێک کە بەرهەمەکانیی خوێندۆتەوە ئاوا ئاشقانە خۆشی دەوێ، چەندەی پێ خۆش دەبێ! ئەو خۆشی‌یەی ئەو ڕۆژە هاتە دڵمەوە قەت لە گێڕانەوە نایە. بەکورتی ئەو شەوە و چەند دانیشتنێکی دیکە کە دەگەڵ ئەو دۆستە ڕاستەقینەیەم بەسەرم برد لەو ماوەیەی دوورخرانەوەمدا نوختەیەکی ڕووناک و بیرەوەری‌یەکی شیرنە کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە! لەنێو قسەکانی‌دا گوتی:

–پێم وایە جەنابتم لە جێگایەک دیوە.

گوتم:

–وەڵڵا سیمای تۆش بۆمن زۆر ئاشنایە.

یەک لێرە، یەک لەوێ، بۆ بە هاوپۆل دەرنەچووین؟

نزیکەی بیست ساڵ پێشتر لە پۆلێکدا پێکەوەمان خوێندبوو. کەوتینە باسی بیرەوەری‌یەکانی ئەو سەردەمە. میوانەکەم گوتی:

–ئەتۆ هەر ئەودەم لە ئەدەبیاتدا بێوێنە بووی و هیچکەس دەستی تۆی پێنەبوو.

ئەو دۆستە تازەیەم ئەوەندە بەخۆشەویستی و مێهرەبانی‌یەوە قسەی دەکرد دەتگوت لەگەڵ یەکێک لە گەورەپیاوانی وڵات یان یەکێک لە پێشەوایانی ئایینی دەدوێ.

ئەو برادەرە خۆشەویستەم لە یەکێک لە ماڵەکانی بوورسا کە کەوتبووە سەر ڕووبار و دیمەنگایەکی زۆر جوانی هەبوو، ژوورێکی بۆ بەکرێ گرتم...و لە هوتێلەوە گوازتمەوە  ئەو ماڵە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەبەر ئەوەی زۆرم چا پێخۆش بوو، کترییەکو پەرەمێزێکیشی بۆ کڕیم و نەختێک پارەشی دامێ. پەرەمێزەکە بە گاز کاری دەکرد.

ژوورێکی ژیکەڵە و جێوبانێکی گەرمم هەبوو، و هەرزانتریش دەژیام، بەڵام چۆن؟ برادەرەکەم هەر بەدووسێ شەو جارێک بەخۆی و پاکەتێک قەندوچاوە دەهاتە لام. چەند دەقیقەیەک پێکەوە دادەنیشتین، چامان دەخواردەوە و بیرەوەرییە کۆنەکانمان بۆ یەکتر باس دەکرد.

برادەرەکەم ژنومالی هەبوو... شەوێکیان دانیشتبووین چامان دەخواردەوە قسەمان دەکرد...

لەسەر پلیکانەکان دەنگێک هات... هەتا ویستمان هەستین بزانین چ-باسە، دەرگای ژوورەکە کرایەوە، ژنێکی کەڵەگەتی ڕەقەڵە کە ئاگری لە چاوان دەباری وەژوور کەوت و دەستی کرد بە جنێودان و قسەی سووک بە برادەرەکەم... ئەو ژنە خێزانی برادەرەکەم بوو... ژنێکی نەجیب و خانەدان دیار بوو.. بەڵام قسەی وا دزێو و ناشیرینی دەکرد کە پیاو باوەڕی نەدەکرد... کەوتبوومە حاڵەتێکی سەیرەوە:

"تف لەو شانسە... ئیستا لەگەڵ ئەم ژن و مێردە تەگبیرم چیە؟".

هەوڵم دا ژنەکە نەختیک ئارام بێتەوە:

"خاتوونی بەڕێز... تکات لێدەکەم".

ژنە نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم، قیژاندی:

"ئەتۆ بێدەنگ بە... قسە نەکەی!".

"خوایە گیان! چبەدبەختییەکە... تازە خەریک بوو ژیانم نەختێک سەروسامان پەیدا بکا".

نازانم ئەو ژنە لە کوێ زانیبووی مێردەکەی ژووری بۆ بەکرێ گرتووم و یارمەتیم دەدا... توخوا تەماشای، بەڵای چۆنم بەسەر دێ!

ژنەکە وەک فەرماندەرێک بەسەر مێردەکەیدا نەڕاند:

"هەستە وەپێشم کەوە... بچینەوەماڵێ".

زیاتر لەخۆم بۆ برادەرەکەم ناڕەحەت بووم... دیسان هەوڵم دا ژنەکە ئارام بکەمەوە، نەمدەویست لەسەر من ژیانیان لێ تێکبچێ. بەڵام چما خانم لە کەری شەیتان دەهاتە خوار؟!

برادەرەکەم گوتی:

-خاتوونی بەڕێز ئەمن کارم بەو دۆستە لەمێژینەیەمە... ناتوانم ئێستا بێمەوە...

ژنەکە زۆر بە سووکایەتی‌یەوە جوابی دایەوە؛

-کارت هەیە، نیە، چاوت دەرێ، یاڵڵا وەپێشم کەوە، بەخۆڕایی قسەی قۆڕ مەکە.

-ئەتۆ بڕۆ دوایە دێمەوە.

-نابێ، دەبێ پێکەوە بچینەوە و جارێکی دیکەش هەقت نیە بێیەوە ئێرە.

وەختێک برادەرەکەم گەیشتە ئێسکانی و بڕیاری دا لە بەرامبەر ژنەکەی‌دا تەسلیم نەبێ، خانم ئاخرین چەکی وەکار خست و لە پڕمەی گریانی دا، وا بەسۆز دەگریا دەتگوت منداڵی مردوە!

بەگریانەوە گوتی:

-یان ئەو یان ئەمن؟

ئێستا ئەرکی من قورستر ببوو، لەلایەک بە ژنەکەم دەگوت:

"خاتوونی بەڕێز تکات لێ‌دەکەم بێدەنگ بە.

لەلایەکی دیکەش لەبەر برادەرەکەم دەپاڕامەوە:

"بیکە بەخاتری خوا هەستە بڕۆ، هەستە لەسەر من ژیانی خۆت تێک‌مەدە". زۆر بەوە ناڕەحەت بووم کە خەریک بوو ژن و مێردێک بەهۆی منەوە هێلانەیان لێ تێک‌چێ. ویستم ڕاست وەبم و خۆم بەسەر پێڵاوی ژنەکەدا بدەم و داوای لێبووردنی لێ‌بکەم، بەڵام بێ‌سوود بوو، ژنەکە منی هەر بە بنیادەم نەدەزانی. برادەرەکەم وەجان هات و نەڕاندی:

"یاڵڵا بڕۆوە ماڵی، ئەگینا...".

ژنەکە کە دیتی شەپکە توندە! بەگریانەوە لەکاتێک‌دا قسەی سووکی بەمن دەگوت وەدەر کەوت و ڕۆیشت. خوا دەزانێ بەڕاستیمە لەگەڵ ئەوەی ژنی برادەرەکەم زۆری قسەی کاڵ پێ‌گوتم دڵم نەیەشا، پێم‌وابوو هەقیەتی. ئەو باشی دەزانی مێردەکەی چیاری‌یەکی پڕمەترسیی دەست پێ‌کردوە. ژنان "بۆن"ێکی تایبەتی‌یان هەیە... زۆر زووتر و باشتر لەپیاوان هەست بە مەترسی دەکەن...

ئەو دەیەویست مێردەکەی لەو بەڵایە ڕزگار بکا، نەهێڵێ ئەویش بە ئاگری منەوە بسووتێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەمزانی برادەرەکەم بگاتەوە ماڵێ هەرایەک ساز دەکا، پێمگوت:
"ئەمن کەوتوومە چاڵەوە، ئەتۆ تێمەکەوە! هەقیەتی بترسێ، بەقەد عەرز و عاسمان هەقی هەیە. چما نازانی چلەبارەی منەوە دەڵێن!.
هێندێ جار بۆخۆشم لەخۆم وەشک دەکەوم. قوڕبەسەرە ژنی برادەرەکەم چگوناحێکی هەیە، ئاخر چۆن ئەو لێمنەترسێ و لێم وەشک نەکەوێ؟!
ژنی برادەرەکەم هەرچەند بەشی خۆی ڕووناکبیر بوو، بەڵام لەوکارەی مێردەکەی تووڕە بوو.
چەند ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، ئێستاش هەر پێم وایە ژنی برادەرەکەم هەقی بوو... هیچ کاتێکیش چاکەی ئەو دۆستەم لەبیر ناچێ.
*

## هەر کەسە شتێکی قابیلە

دەڵێن (قەل وەقەل، کۆتر وەکۆتر). ئەمنیش پاش ماوەیەکی زۆر یەکی وەک خۆم پەیدا کرد. ئەو دۆستە تازەیەشم وەک خۆم دوورخراوە بوو. لەکۆنەوە بۆرە ناسیاوی‌یەکمان پێکەوە هەبوو... کاتێک لە غەریبایەتی یەکترمان گرتەوە پێکەوە نووساین.
لەو ماڵەی لێیبووم ژوورێکیشم بۆ ئەو بەکرێ گرت، ئەو دۆستە خۆشەویستەم نەختێک وەنێو کەوتبوو، بەپێچەوانەی من ساغ و بەخۆوەش نەبوو. ئەوەندە لەڕولاواز بوو هەر سەرما لێیدابایە وەک مێژۆکە دەلەرزی.
بۆ نەگبەتی زستانی ئەو ساڵەش ئەوەندە سارد بوو هەر مەپرسە. ئەو برادەرەم لەسەرمان هەمیشە لەنێو نوێنەکانی‌دا ڕادەکشا و هەرکاتێک کاری دەرێشی هەبایە لەترسان نۆبەتێ دای‌دەگرت!! ئاخرەکەی ئەویش هاتە ژوورەکەی من.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژوورەکەمان نە مەقەڵیی تێدا بوو، نە سۆبە... تەباخێکمان پەیدا کردبوو کە بە گاز کاری دەکرد. هەروەخت پووڵوپارەیەکمان هەبایە چامان لەسەر لێدەنا، گڕی لەرزۆکی تەباخەکە چاومانی گەرم دەکردەوە، پەرداخی پڕلە چا دەستمانی گەرم دەکردەوە و چای گەرمیش گەدەمانی گەرم دادێنا!!

لەگەڵ ئێوارە دادەهات برادەرەکەم دەجێی دەخزا و هەتا بەیانی لەسەر یەک کەلەکە لێی دەخەوت... وەختێک هەتاویش دەکەوت هەرچی لێفە و بەتانی و باڵتۆمان هەبوون بەشانی خۆیدا دەدان، گۆرەویە کۆنەکانیشی لەجیاتی دەستەوانە لەدەستی دەکرد و کتێبێکی فەڕانسەیی یان ئەڵمانیی بەدەستەوە دەگرت و هەتا بانگی ئێوارێ کتێبی دەخوێندەوە.

ئەگەر وەختێکیش ویستبای بچێتە دەرێ لەپێشدا هەڵمی زاری لە هەوادا تاقی دەکردەوە. ئەگەر هەوا سارد با و هەڵمی زاری دیار بایە مێوژە ڕەشەت دابانێ لەژوورێ وەدەر نەدەکەوت. ئەگەر هەواش خۆش بایە سەرێکی شەقامی دەدا و دەهاتەوە.

لە بوورسا جێگایە کمان پەیدا کردبوو بەناوی یانەی شاخەوانان (نادي متسلقي الجبال، باشگاه کوهنوردان). ئەو مشتەریی زۆر هەبوو، بەشەو مێزی بەتاڵی لێ چنگ نەدەکەوت. بەڵام کە ئێمە دەچووینە ژوور، هەموو مشتەرییەکان سەریان وەردەگێڕاو لەبنەوە بەترسەوە تەماشایان دەکردین. ڕاست دەتگوت جندۆکەیان لە حەمامێدا دیوە. ئێمەش کە ئەوەمان دەزانی، وەختێک دەچووینە ژووری یانەکە چاومان دەگێڕا... هەر مێزێکمان پێ خۆش بووایە، یەکسەر دەچووین لێی دادەنیشتین.

ئەوانەی لە پشت مێزەکە دانیشتبوون هەر کە چاویان بە ئێمە دەکەوت هەڵدەستان و دەچوونە جێیەکی دیکە! دیارە ئەمە لەبەر حورمەتی ئیمە نەبوو، بەڵام لەوە دەترسان ئێمە لە سەر مێزەکەیان دابنیشین و تووشی شتێکیان بکەین، بۆیە نەک هەر ئەوان ڕایان دەکرد، بەڵکوو مێزەکانی تەنشتیشمان چۆل دەبوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر مشتەریی مێزەکانی تەنیشتیان زۆر ئازاو بەجەرگ بان کورسییەکانیان وەردەگێڕاو پیشتیان تێدەکردین!

دەتگوت شاگردەکانیش هەر لەوە دەترسن کە بێنە سەر مێزەکەی ئێمە، چونکە جاری وا هەبوو نیوسەعات و بگرە زیاتریش دادەنیشتین، ئەمجار یەکێکیان دەهات. ئێمەش لەخوامان دەویست درەنگتر بێن، چونکە داوای شتێکی هێندە گرنگمان نەدەکرد... زۆر زۆرمان ئەبلەخەرجی کردبایە داوای سەرو چایەکمان دەکرد...

ڕۆژێکیان تاووساو و خۆش بوو، چووین لەبەر هەیوانی یانەی شاخەوانان دانیشتین، دەمانەویست سەرو چا بخۆینەوە نەختیک سەیری دیمەنەکان بکەین.

بەپێچەوانەی هەموو جارێک شاگردەکە هات و بێ ئەوەی داوای شتێکمان کردبێ، سینییەکی کە بەدەستیەوە بوو دایگرت و چوار پەرداخی لە سەر سینییەکە هەڵگرت و لەسەر مێزەکەی ئێمەی دانان. گوتم:

ـ ئەوانە هی ئێمەنین.

ـ هی ئێوەن.

ئەو چوار پەرداخە دوویان وەک ئاو دەچوون و دووشیان ڕەنگیان زەرد بوو تا ئەودەم بێجگە لە ئارەق و شەراب و بیرە هیچ مەشرووبێکم نەخواردبۆوە.... ئەوانی دیکە هەر ناوم بیستبوون.

جارێکی دیکە بانگی شاگردەکەم کردو گوتم:

ـ کاکە بەهەڵە چووی ئەمانە هی ئێمە نین.

شاگرد بەتووڕەییەوە وەڵامی دایەوە:

ـ هی ئێوەن!

سەرم سوڕ مابوو... مەشرووبێک کە نازانین چیە چۆنی بخۆینەوە. پارەکەی کێ دەیدا؟ بابایەکی دوورخراوە هەقی ئەم غەڵەتانەی چیە؟ گیرفانمان لە پارەی چایەکی زیاتر تێدا نەبوو...

شاگردەکە خەریک بوو بڕوا، داوێنم گرت و ڕامکێشا:

"ئێمە داوای شتی وامان نەکردوە، ئەمانە بەرەوە چامان بۆ بێنە"

شاگردەکە ژنیکی نیشان داین کە لەسەر مێزێکی دیکە دانیشتبوو، گوتی:

ـ ئەو بۆی داوا کردوون.

شاگردەکە ڕۆیشت... ئێمە تەماشایەکی یەکتریمان کرد.

لە برادەرەکەمم پرسی:

ـ مەسەلە چیە؟

ئەویش شانێکی هەڵتەکاند:

ـ چووزانم.

چوار پەرداخەکە هێشتا لەسەر میزەکە بوون و دەستیان لێ نەدرابوو. لە دڵی خۆمدا گوتم:

"باش پێوە بووین".

بەدبەختی‌یەکە لەوەدابوو کە نەماندەزانی ئەمانە چۆن دەخورێنەوە؟ ئەوەی وەک ئاو دەچێ چیە... ئەو زەردەیان چیە؟

هەرچی خۆم هێناو برد سەرم لێ دەرنەکرد... لە دۆستەکەمم پرسی:

ـ ئەم مەشرووبە چۆن دەخورێتەوە؟

برادەرەکەم هەر وا کە چاوی لە پەرداخەکانەوە بڕیبوو گوتی:

– پێموایە ئەمەیان هەر وەک (مەستەکی) لەگەڵ ئاو تێکەڵ دەکەن، ئەمەشیان هەر وا دەخۆنەوە!

–دەترسم ئابڕوومان بچێ... ئێمە کەسی وامان نیە مەشرووبمان بۆ بکڕێ... دەترسم کەڵەکێک لە گۆڕێدابێ... لەو غەریبایەتی‌یە ژنێک لە کوێ ئێمە دەناسێ تا میوندایمان لێبکا.

زیاتریش لەوە دەترسام کە مەشرووبەکەیان بۆ کەسێکی دیکە داواکردبێ و شاگردەکە بە هەڵە بۆ ئێمەی هێنابێ. ئەگەر بخۆینەوە باش پێوە دەبین.

کاتێک شاگردەکە دووبارە بە تەنیشتماندا تێپەڕی بانگم کرد:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـــ کـوڕی چـاک بە هەڵە نەچـووبی، دەترسـم ئەم مەشـرووبە بـۆ کەسێکی دیکە داوا کرابێ!

–نا کاکە، هی خۆتانە... ئەو ژنەی لەسەر ئەو میزە دانیشتوە گوتی بیدە بە عەزیز نەسین.

لە شاگردەکەم پرسی:

ـ ئەمە چیە؟

شـاگردەکە پێـی وابـوو گـاڵتەی پـێدەکەم. بە پێکەنینێکـی تـایبەتەوە گوتی:

ـ ڤۆدکایە.

دیــارە ئەو خــاتوونە لــوتفی بزووتــوەو میوانــداریی لــێکــردووین، ڤۆدکای بە قابیلی ئێمە زانیوە. لە کۆنەوە گوتوویـانە "هەر کەس شتێکی قابیلە".

برادەرەکەم سەری هێنایە پێشەوە و بەسپایی گوتی:

ـ وەرسووڕێ تەماشایەکی ژنەکە بکە، بەڵکەم ناسیاو بێ.

هەرچەند تینم بۆخۆم هێنا کە سەرم وەرسووڕێنم و تەماشـای بـکەم، دەخۆمڕا نەدی. گوتم:

ـ ئەمن ناتوانم...ئەتۆ هەر جۆر بووە سەیرێکی بکە.

سەرەنجام نە ئەو توانیی سەیری بکاو نە ئەمن. پاش مـاوەیەک وەک ئەوەی بمەوێ سەیری دەوروبەری خۆم بکەم، بەسپایی سەرم وەرگێڕا:

"ئەی خــوایە چ ناســک و نــازدارێکە!" چەکــمەی ســپیی دەپــێدایە. پـانتۆڵی درێـژی دەپـێ کـردوەو بـاڵتۆیەکی کەوڵـی بەقیمەتـی دەبەردایە. پیاوێکی پیریشی لە تەنیشت دانیشتوە وەک حاجیئاغـاو کۆنە ئیـداری و شتی وا دەچێ.

بە برادەرەکەمم گوت:

ـ چەند جوانە. دیارە ئەوانەش مامی و بابی یان...

قسەکەمم بڕی و پرسیم:

ـ بەبڕوای تۆ ئێستا چ بکەین؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـ دەیخۆینەوە.

ـ وەڵڵا ئەگەر بیخۆمەوە!

براەرەکەم سەری هاویشتە سەرم:

ـ ئەمن ڤۆدکاکان دەخۆمەوە ئەتۆش پەرداخە ئاوەکان بخۆوە.

– ئەگەر چاویان لێبێ ئەمن ئاوێ دەخۆمەوە گاڵتەمان پێدەکەن.

کچەکە دیارە تەماشامان دەکا.

ـ مەترسە هیچ نابێ... پەرداخەکە تاودەیە و هەڵی دە!

بۆ نەگبەتی ئێمە پەرداخە سپییەکان بە ئاو تێگەیشتبووین و پێمان وابوو پەرداخە زەردەکان ڤۆدکایان تێدایە. تۆمەز پەرداخە سپییەکان ڤۆدکان و ئەوانی زەرد ئاوی لیمۆن.

ـ بۆیە برادەرەکەم ئاوی لیمۆی هەڵگرت و ئەمنیش ڤۆدکا.

ـ دۆستەکەم گوتی:

– لە کاتی خواردنەوەدا سەرت بۆ لای کچەکە وەرسووڕێنە، پەرداخەکەت هەڵینەو دوایە بیخۆوە.

هەر وەک برادەرەکەم گوتبووی پەرداخەکەم بەرز کردەوەو سەرم بۆلای کچەکە وەرسووڕاندو ئیکلامێکم بۆ کێشا. کە باش وریای ئێمە بوو، پێکەنینێکی شیرینی هاتە سەر لێوان.

ئەمن بە جۆرێک نەشەم بزووت کە وەک قارەمانی زۆرانبازی و شەڕەمست هەستم بە توانایەکی سەیر دەکرد!

بە جارێک گڕەشینکەیەکم لە چاوان بەرز بۆوەو وەک مستێکیان پۆلوو لە گەرووم کردبێ، لە سەری زمانم هەتا تەختی گەدەم گڕی گرت. دیتم هێندەی نەماوە تێک چم. بە برادەرەکەمم گوت:

ـ زووکە با بڕۆین... ئێستا کارەکە پیس دەبێ!

وەختێک هەستاین بڕۆین دەتگوت لەسەربانی کەشتی پیاسە دەکەم، هەر بەملاو بەولادا دەکەوتم.

کاتێک بە تەنیشت مێزی کچەکەدا تێپەڕیم. ئەو پیاوەی لەسەر کورسییەکەی تەنیشتی بوو دەیگوت:

"ئەی ماڵی بابت خەرابێ هەی!"

چاوت لێ بوو یەکبەین ئەو پەرداخە ڤۆدکایەی چۆن هەڵدا!؟ پاشان قامکی بۆ لای من ڕاداشت و گوتی:

ـ ئەم قوڵەبنەیەیان دەڵێم ها!!!

*

## وەڵڵا عەزیز نەسین خۆمم!؟

بەدبەختی لێرەدایە کە بووینە "گیانداری کۆمەڵایەتی".

ئەگەر ڕاستوڕەوان پڕوپاتاڵ باین هیچ نەبێ تەکلیفمان ڕوون بوو!

نە کارمان بە کاری یەکتر بوو نە کەسیش چاوەڕوانیی هیچی لێمان هەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی گیانداری کۆمەڵایەتیین و گەورەترین جیاوازیمان لەگەڵ پڕوپاتاڵ قسەکردنە، لە دەردی دڵ و سکاڵای یەکتر حاڵی دەبین و چار ناچار جۆرە هاودەردییەک دەرحەق بەیەکتر هەست پێ دەکەین و دەبینە دۆست و ئاشنای یەکتری.

یەکێک لەو دۆستانەی پەیدام کردبوون کاک "گ" بوو. ئەم کاک "گ"ە لە کۆنەوە بۆرە ناسیاوییەکی لەگەڵ برادەرە دوورخراوەکەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەبوو، و لەبەر ئەوەی خۆشی پیاوێکی ڕووناکبیرو دنیادیدە بوو، لەو شاری غەریبایەتی‌یەدا زۆر زیاد لە ئەندازە لەگەڵمان مێهرەبان بوو.

ئەم دۆستە تازەیەش هەر وەک خۆمان خەڵکی بوورسا نەبوو لە یەکێک لە شارە بچووکەکانی ئەنەدۆڵ لە دایک ببوو، هەر لەوێش گەورە ببوو، چەند ساڵێک پێشتر باوکی دوور خرابۆوە ناردبوویانە بوورسا. ژن و منداڵی لەگەڵ خۆی هێنابوو، و لەوێ مابۆوە.

زەمانی قەدیم هەموو شتێک لەگەڵ ئێستا فەرقی هەبوو. دوورخراوەکانیش لە ئێستا خۆشبەختتر بوون. سوڵتان عەبدولحەمید بەو ئاسانی‌یە کەسێکی دوور نەدەخستەوە. ئەو کەسانەی بە قەولی خۆیان زۆریان "چەنەبازی" دەکرد لە پێشدا پارە و پلە و پایەی دەدانێ. ئەگەر کابرا کەللەڕەق بایە و دیسان بێدەنگ نەبایە، دەیکردە سەرۆک و بەناوی والی یان بەڕێوەبەری شارەوانی یان سەرۆکی پۆستخانە دەی-ناردە شارێک! ئەگەر بەوەش هەر چاری نەکرایە ئەودەم دووری دەخستەوە.

لەبەر ئەوە حکوومەتەکان زۆریان حورمەتی ئەو دوورخراوانە لەلا بوو، دەیانزانی کەللەڕەق و چاونەترسن. بۆیە شتێکیان بۆ دەبڕینەوە و ئەگەر کەموکوڕی‌یەکیشیان هەبوایە بۆیان جێبەجێ دەکردن!

وەک کاک "گ" دەی‌گێڕایەوە لەسەردەمی دوورخراوەیی باوکی‌دا ڕۆژی دوو کیلۆ گۆشت، دوو کیلۆ برنجو کیلۆیەک قەندو هەموو پێداویستی‌یەکیان بۆ دەناردن!

بێجگە لە حکوومەت پیاوماقووڵانی شاریش یارمەتی بە دوورخراوەکانیان بە جۆرە پیاوەتی و شەخسیەتێک دەزانی!

بە تایبەتی ئەگەر دوورخراوەکە خوێندەوار بووایە پیاوماقووڵەکان زۆر هەوڵیان دەدا کوڕەکانیان لای ئەوان بخوێنن و "شت" فێربن!

بە کورتی دوورخرانەوەش شانسێک بوو کە خوا بە نسیبی هەموو کەسی نەدەکرد... کەسێک دوورخرابایەوە نانی دەڕۆنی دەکەوت. بەڵام

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێستا هەمووشتێک بەرەکەتی لێ هەڵگیراوەو دوورخراوەکەش وەک من لێقەوماوەو بە دوو ڕۆژ ژەمەنانێکی چنگ ناکەوێ!

ئێمە کەس یارمەتیمان نادا هیچ، هەر کە زانیشیان دوورخراوەین، دووڵاقیان هەیە، دووی دیکەشی پێوە قەرز دەکەن و لەبەرمان هەڵدێن!!

ئاخر ئەم ڕۆژانە دوورخرانەوە هەر بۆ پیاوە سیاسییەکان نییە. قاچاخچی و کلاوباز و چەقۆکێشەکانیش دوور دەخەنەوە. کاتێک یەکێک ئێمە دەبینێ بەچیڕا بزانێ ئێمە لە کامانەین... لەوانەیە پێی وابێ چەقۆکێشین!!

هێندێک لەو قاچاخچییانە ئێستا فێری فێڵێکی باش بوون. ئەمانە بە ئەنقەست کارێکی وا دەکەن کە دووریان بخەنەوە بۆ شارە سنووری-یەکان... پاشانیش لەبەر ئەوەی لەگەڵ دوو پۆلیس بەڕێیان دەکەنو کەس شکیان لێ ناکاو کاری پێیان نیە، بە کەیفی خۆیان ماڵی قاچاخ لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ شوێنی دوورخراوەکەیان!!!

ناسیاویپەیداکردنەکەم لەگەڵ کاک "گ" زۆر خۆش بوو، ڕۆژێکیان لەگەڵ برادەرەکەم لە چاخانە دانیشتبووین کە کاک "گ" وەژوور کەوت... چاک و خۆشیی لەگەڵ برادەرەکەم کردو لەلامان دانیشت. دۆستەکەم ناوی منی پێ گوت: (عەزیزی کوڕی نەسین) کاک "گ" چاوی پێ زەق بوون، چاوێکی لێکردمو گوتی:

ـ چۆن، ئەتۆ کوڕی نەسینی؟ ماشەڵڵا چەند گەورە بووی؟

دەستی بە تاریفی بابم کرد. بابمی بردە ئاسمانی حەوتەم. دەیگوت:

ـ ئەی چ قەڵەمێکی هەبوو... چەند باشی دەنووسی!

دەستی کرد بە تاریفی ئەو داستانانە کە ئەمن نووسیبوومن! ناوی دەبردن... ئەویان چەند باش بوو... بە ڕاستی ئەویان شاکار بوو...!

ئەو منی لەگەڵ باوکم لێ گۆڕابوو، پێیوابوو ئەو داستانانە بابم نووسیونی!! قسەکانیم زۆر پێ خۆش بوو. دەمەویست بزانم ئاخرەکەی دەگاتە کوێ! برادەرەکەم هەر پێدەکەنی... کاک "گ" ئاوڕێکی وەسەر من دایەوە:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئیشـــەڵا تــۆش وەک بابــت دەبــی، وڵات زۆر پێویســتی بەو جــۆرە نووسەرانە هەیە!

برادەرەکەم خۆی پێ ڕانەگیراو گوتی:

ـ نووسەرە بەناوبانگەکە ئەمەیە نەک باوکی!

کاک "گ" سەرێکی ڕاوەشاند و گوتی:

ـ گاڵتە دەکەی.

–وەڵڵا بەڕاستمە.

ـ نا، بابە!

ـ وەڵڵا خۆیەتی.

کاک "گ" بە چاوی گاکڕین سەیرێکی سەرتابەخواری منـی کـرد. نەی-تـوانی لەو قەدوقەوارە نـاقۆڵایەدا! قەڵافەتـی "عەزیـز نەسـین"ی نووسـەر ببینـی! ئـاخر باسـی جلـوبەرگ بکەی لە گۆڕێدا نەبوو، بەژن و بـاڵاش ماشـەڵڵا هەر دەبـێ بڵێـی لە چـاوی پـیس بە دوور بـێ، دەڵێـی خـیگەیە لەوێت داناوە! هەقیشی بوو باوەڕ نەکا. گوتی:

ـ بەخوا باوەڕ ناکەم، ئەتۆ گاڵتەم پێدەکەی.

ئاخرەکەی بە هەزار سوێند و قورئان پێم سەلماند کە عەزیز نەسینی نووسەر خۆمم! بەڵام تا دواڕۆژەکانی دوورخراوەییم دیـار بـوو بە تەواوی بــاوەڕی نەکــردوەو هەر لە شــکوگومــاندایە. ئــاخر ڕۆژیــش کە مــاڵ-ئاواییمان لێ دەخواست پرسی:

ـ بەڕاستی عەزیز نەسین خۆتی؟

– زۆر سەیر بوو نەک هەر کـاک "گ"، زۆر کەسـی دیکەش باوەڕیـان نەدەکـرد کە ئەمـن عەزیـز نەسـینم. ڕۆژێـک لەو چاپخــانەیە بــووم کە ڕۆژنامەم لێ چاپ دەکرد، کچێکی جوانی باڵابەرز هاتە مەکتەب و گوتی:

ـ دەمەوێ عەزیز نەسین ببینم.

ـ خۆمم، فەرموو.

ـ کچەکە پێی سەیر بوو:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–بەڕاستی ئەتۆی؟ ئەمن لە خەیاڵی خۆمدا وام دانا بوو کە ئەتۆ لاوێکی جوان چاک و باڵابەرزی کە تەمەنت دەگاتە دەوری٤٥ ساڵ و تازە مووی لاجانگت ماشوبرنجی بوون.

گوتم:

–بەداخەوە وەک تۆ بیرت لێ کردۆتەوە وانیم و ئەوەم کە لە پێش چاوتم!

کچەکە وەک فریو درابێو یەکێک کڵاوی لەسەر نابێ بە ناڕەحەتی‌یەوە هەستایە سەر پێ و لێی دا ڕۆیشت!..

*

## دوکتۆری نەخۆشیی ژنان

یەکێک لەو پیاوە بەناوبانگ و ناسراوانە کە لە بوورسا لەگەڵ من بوونە ئاشنا دوکتۆرێکی نەخۆشیی ژنان بوو.

ئەم جەنابی دوکتۆرە لە بوورسا ماڵێک و عەیادەیەکی گەورەی هەبوو. وەزعی ماڵی و کار و کاسپی‌یەکەی زۆر باش بوو. هەر کەس لەم دنیایەدا ببینی چەشنە ماخولیایەک یان نوختەیەکی لاوازی و خوویەکی نائاسایی هەیە. بەڵام ئەم جەنابی دوکتۆرە سەرتاپای نائاسایی بوو. دەربارەی ئەخلاق و ئاکارو کرداری چیتان عەرز کەم؟!

وەخێکیش بڵاو کرایەوەیەکی چەند لاپەڕەیی دەردەکرد. لە ڕاستی‌دا پارەکەی دوکتۆر دەیداو کارەکەش خەڵکی دیکە دەیانکرد... لەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڵاوکراوەیەدا هێندێک شیعری خۆشی چاپ دەکردن! لە مۆسیقاشدا دەستی هەبوو... نیگارکێشیی دەکرد، شتیشی دەنووسی و لەهەمووی خۆشتر پێی وابوو گۆرانیبێژی چاکیشە!!

لە کتێبخانەکەیدا میوانداریی لە ئێمە کرد... کتێبخانەی چی؟ عەینەن دەتگوت دوکانی ئاسنەواڵەفرۆشانە. لە هەر چواردەوری ژوورەکەی هێندێ کتێب بەتێکەڵی بەسەر یەکدا هەڵەڕژابوون.

لە سووچێکی ژوورەکەی دوو ویێلۆن(کەمان)یکۆن دانرابوون کە هەموو سیمەکانیان پچڕابوون... بەدیوارەکانەوە چەند (تابلۆ)ی دەستکردی خۆی بە چەشنێکی ناڕێک هەڵواسرابوون... پیانۆیەکیشی هەبوو ئەوەندەی کتێب و خرتوپرت لە سەر هەڵڕشتبوو، کەس نەیدەزانی پیانۆیە.

ئەو جەنابی دوکتۆرە عەیبێکی گەورەشی ئەوە بوو کە قسەکردنی وەک هەموو زمانێک دەچوو وەک تورکی نەبێ!..

بێجگە لە ژمارە و فیعلەکان لە نێو قسەکەنیدا تاق تاق وشەی تورکی بەرگوێ دەکەوتن... لەبەر ئەوە کەم کەس لە قسەکانی حاڵی دەبوون!..

هۆی ئاشنایەتییەکەی لەگەڵ دوو بابای دوورخراوەی وەک ئێمەش ئەوە بوو.. چونکە ئێمە زمانی عەرەبی و فارسی و پنتۆ و ئینگلیزی و فرانسەییمان دەزانی لە قسەکانی حاڵی دەبووین.

ئەگەر جاروباریش لە قسەکانی حاڵی نەبووایەین لە کتێبی فەرهەنگدا دەماندۆزیەوە... جەنابی دوکتۆر کرداری "کردن"ی بەکار نەدەهێناو لە جیاتی ئەو "فەرموون" یان "ئەنجامدان"ی بە کار دێنا!

بۆ نموونە دەیگوت: "ئارەق مەیل فەرموون" یا خود "تکات لێ ئەنجام دەدەم" لەگەڵ ئەوەدا کە بۆخۆی لە دەپازدە شێعر زیاتری لەبەر نەبوو، هەر کاتێک دەچووینە لای ناچاری دەکردین بەقەد چوار دیوانی شێعر بۆ بخوێنینەوە!

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەختێک شێعریشمان بۆ دەخوێندەوە قیافەیەکی دەگرت کە ئێستاش پاشی چەندین ساڵ هەر کاتێک وەبیرم دێتەوە پێکەنینم دێ..!

جەنابی دوکتۆر بۆ هەر شێعریک کە بۆمان دەخوێندەوە پێکێک ئارەقی پاداش دەداینێ... پاشانیش بۆ ئەوەی زانایی خۆی دەربخا دەی-پرسی:

–ئەم شیعرە (مصفا)یە هی ندیم شاعیری بە قیمەت و پایەبەرز نیە!؟

ـ نەخەیر هی عارف حیکمەتە.

جەنابی دوکتۆر بۆ پووشبەسەرکردنی مەسەلەکە پێکێکی دیکەشی ئارەق بۆ تێدەکردین:

"ئیلتیفات بفەرموون نۆشی گیانی بفەرموون".

جەنابی دوکتۆر هەرچەندە ئارەقەکەی باش بوو، خواردنەکانی زۆر بێتام بوون،بەوەش ناچار بووین ئارەقەکە بە بەتاڵی بخۆینەوە! تەنیا وەختێک کە لە برسان زگمان قوورەقووڕی وێ دەکەوت شتێکمان لە خۆراکەکانی دوکتۆر دەخوارد. جەنابی دوکتۆر عەیبێکی دیکەشی هەبوو، پێکی یەکەم و دووهەم و سێهەمی دەخواردەوە، نەدەگەیشتە چوارەم پێک کە سەرخۆش دەبوو، وەختێک سەرخۆشیش دەبوو، بە فەوجێک سەرباز باشاری نەدەکرا.

تاوی دەدا ڤیۆلۆن و دەستی دەکرد بە لێدانی، ئیتر دوژمن لە ماڵێت نائومێد بێ... ئەمنێک کە لە ژیانمدا ئەو هەموو کوێرەوەرییەم چەشتوەو ئەو هەموو ناڕەحەتییەم دیوە بە ڤیۆلۆنلێدانەکەی وەجان دەهاتم، جا دەبێ خەڵکی دیکە چۆن بووبن.

لە ترسی ئەو ڤیۆلۆنلێدانانەی دوکتۆر، هەتا ناچار نەبایەین و برسیایەتی تینی بۆ نەهێنابایین سەرمان نەدەدا!

هەر وەختێکیش لە ماڵەکەی وەدەردەکەوتین هەستم دەکرد چل ساڵ پیرتر بووم!

ئەو دۆستە هونەرمەندەمان سەرباری ئەو هونەرانە دەیەویست ببێتە وەکیلیش!

دیارەئەم ڕۆژانە هەر کەس ببینی حەز دەکا ببێتە وەکیل! ئەگەر هەموو پاڵێوراوەکان بە ئارەزووی خۆیان گەیشتبان، دەبوو پارلەمان ئەوەندە گەورە بکرێ کە بەشی نیوەی خەڵکی وڵات بکا! خۆ زۆریش خراپ نەدەبوو... نفووسی وڵات دەبووە دوو بەش، نیوەیان وەکیل دەبوون و نیوەکەی دیکەشیان وەکیلگرو هەر وەکیلەی لانیکەم وەکیل-گرێکی دەبوو!

ئێمە هەموو جارێ بەڵێنی هاوکاریمان پێدەدا و قەرار و مەدارمان دادەنا کە هەردووکمان دەنگی بۆ دەدەین... پێتان وا نەبێ درۆمان لەگەڵ دەکرد، نا... لە قووڵایی دڵەوە ئەو بەڵێنییەمان پێ دەدا. خۆ تا ئێستا لە هیچکوێیەک دەنگی ئێمە حیساب نەکراوە، با نۆش بێتە سەر دەی!

هیچ نەبێ ئەم دوکتۆرە دەپازدە شێو و نیوەڕۆی داوینێ و لەو بارەیەوە حەقێکی گەورەی لەسەر ئێمە هەیە.

بەڵام هەروەختێک دوکتۆر ڤیۆلۆنی لێدەدا هێندە ناڕەحەت دەبووم، قەولوقەرارەکەم لەبیر دەچۆوەو لە دەنگبۆدانەکەی پەژیوان دەبوومەوە.

تەنانەت بڕیارم دەدا جارێکی دیکە نەچمەوە ماڵی دوکتۆر. بەڵام کە برسیەتی تینی دێنا بێئیختیار لەگەڵ برادەرەکەم ملی ڕێگامان دەگرت بۆ خزمەت دوکتۆر. ڕاستە کە گوتوویانە: "هەرچی بەسەر بنیادەم دێ یان لەسەر زمانیەتی یان بۆ زگی".

*

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## حەزرەتی خدر فریامان کەوت!

یەکی دیکە لە ئاشنایەکانی بوورسام لاوێک بوو کە زگماک خۆی بە هونەرمەند و ئەدیب و شاعیر دەزانی!!

جا خۆتان بیری لێبکەنەوە لەو بوورسای وا گەورەدا ئێمە چجۆرە ئاشنایەکمان لێ پەیدا دەبوون!

ئەویان بەناوی داستان‌نووس بە من ناساند. هێشتا دەورەی ناوەندیی تەواو نەکردبوو، بەڵام ئەقڵی بستێک لەسەری بەرەژوورتر دەفڕی.

پاش ئەوەی دووسێ قسەمان پێکەوە کردن ڕاستوڕەوان گوتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمن کارەکانی تۆم هیچ بەدڵ نین، ئەو بەرهەمانەی تۆ هیچ شێوازێکیان نیە.

وەڵامم دایەوە:

"ڕەنگە وابێ".

پاش ئەوەی منی باش شێلا، بەربووە گیانی ئەوانی دیکەو بەبێ هیچ گیروگرفت و دەردی سەرێک هەروا بەسەری زمانی هەموو نووسەر و شاعیرەکانی وڵاتی لە پیر و لاو و ڕووناکبیر و کۆنەپەرست و نوێخواز و پێشڕەو بە هیچ دانا.

لێم پرسی:

"ئەتۆ چدەخوێنیەوە".

"چهەیە بیخوێنمەوە!!!".

"حەیفە پیاو وەختی خۆی بە خوێندنەوەی ئەو شتە بێسەروبەرانەوە بەفیرۆ بدا. بەرهەمی هیچکام لە نووسەر و شاعیرەکانمان کەلکی خوێندنەوەیان نیە!".

ڕۆژەکانی پێشدا پێم وابوو بەڕاستی شتێکە! و هێندێ شتی خوێندۆتەوە و لە چاپەمەنیی ئێرەدا چەند بەرهەمێکی بڵاو کردوونەوە. کەوتمە پرسیاران، بەڵکوو نموونەی بەرهەمەکانی پەیدا بکەم و کارەکەی ببینم. بەڵام هیچم دەست نەکەوت. داوام لە خۆی کرد کە نموونەیەکی بەرهەمەکانیم بۆ بخوێنێتەوە!

دەتگوت خەڵاتی نۆبێلی وەرگرتوە، نەختێک نێوچاوانی تێک نا و گوتی:

–حەیف نیە پیاو شت بۆ ئەو خەڵکە بنووسێ!

–ڕاستە، بەڵام مەبەستم ئەوەیە نموونەیەکی ئەو بەرهەمانەم بۆ بخوێنیەوە کە ئەتۆ نووسیوتن و تێیان‌نەگەیشتوون.

ـ ئەمن هەتا ئێستا هیچم نەنووسیوە.

گوتم:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– ئەتـــۆ کە هێشـــتا هیچـــت نەنووســـیوە چـــۆن لەوە دڵنیـــای کە نووسینەکانی تۆ شاکارن و هی خەڵکی دیکە پەسند ناکەی!؟

بەڵام ئەو گوێی لەو جۆرە قسانە نەبوو! نووسەریی بە بەهرەیەکی خوایی دەزانی و لەو باوەڕەدا بوو خوا ئەو بەهرەیەی لە دنیادا تەنیا بە چەند کەسێک بەخشیوە کە یەکێکیان حەزرەتی جەنابیەتی!!

بـۆ نمـوونە چەنـد شـاعیر و نووسـەرێکی بێگـانەی بـۆ هەڵـدام کە نەچوونە قوتابخانەو مامۆستایان نەدیوەو کاری زۆر گەورەشیان کردوە!

گوتم:

"کـاکی خـۆم! ئەویٚ ئەمریکـایە ئەمریکـا... ئەو جێیەی ناویـان نـاوە نیۆیۆرک، ئەگەر دەست لە گیرفانـت ڕاکەی و بە شـەقامەکاندا بگەڕێـی و سەیری خانووبەرەکان بکەی، چـاوو گوێـت پـڕ دەبـن لە زانیـاری، بەڵام لەم بوورسایە ئەگەر سەد ساڵ لە شـەقامەکاندا غارغـارێن بکەی چ فێـر دەبی؟!

هەر کاتێک وەبیرم دێتەوە کە چەند سـەعاتم وەختـی خـۆم لەگەڵ ئەو کـوڕە شـێتوشـوورە بەسـەر بـردوە، ڕقـم هەڵدەسـتیٚ و لەبەر ئەو کـارە گەوجانەیەی خۆم ناڕەحەت دەبم. بەڵام ئەگەر باش بیـری لـیٚ بکەنەوە، زۆریشم خەتا نەبوو. لە شارێکی غەریبایەتیداو بەبیٚ هـاودەم و هـاوڕاز پیاو حازرە دۆستایەتیی کەسی زۆر لەوە گەوجتریش بکا!

پاش ماوەیەکی زۆر ڕۆژێک ئەو لاوە داستانێکی نووسیبوو بۆی هێنـام بیخوێنمەوە!

ـ داستانەکەم چۆن بوو؟

گوتم:

– وەختێک مەبەستەکە دێـتەوە سـەری دێـر، دەبیٚ بە خەتـی درشـت بنووسی.

شانێکی هەڵتەکاندو گوتی:

ـ ئەو جۆرە قەیدوبەندانەی بۆچیە؟ بۆچی ئێمە خۆمـان بکەیـنە دیلـی ئەو قانوونە پڕوپووچانە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوتم:

– کاکی برا هەر وەک ئاسنگەری، مسگەری و ڕادیۆسازی و هەموو هونەر و پیشەیەک قایدەو قانوونێکی هەیە، لە کاری نووسینیشدا ڕێوشوێنێک هەیە کە دەبێ ڕەچاو بکرێ...

ـ لەم قسانە گەڕێ... ئەمن چۆنێک پێمخۆش بێ وا دەنووسم.

–دەتوانی... لە وڵاتی ئێمەدا ئازادی هەیە! هەر کەس چۆنی پێ خۆش بێ دەتوانێ بنووسێ! بەڵام ئەگەر بتەوێ ڕێوشوێنی نووسین ڕەچاو بکەی دەبێ خۆت زەحمەت بدەی، ڕێوشوێنەکە فێر بێ. تەنانەت لەبەرچاوگرتنی نیشانەکانیش لە داستاننووسیندا زۆر گرنگە.

بە گاڵتەوە سەرێکی لێ ڕاوەشاندم:

–ئێوە چەند مرۆڤێکی مەکینەیین! ئەمن تەواوی ئەو قانوونانە دەخەمە ژێر قۆندەرەکەم،تف لە هەموویان دەکەم! ئەمانە ئیتر کۆن بوون!

گوتم:

– نوکتەو ئیشارەکانیش غەڵەتن! ئەتۆ دەڵێی نیگارت کێشاوە ویرگوول (فاریزە) و نوختەکانت لە هەر کوێیەک کەیفت لێبووە داناون. ئاخر ئەم نیشانانە بۆ خوێنەر هەریەکەی مانایەکیان هەیە، ئەتۆ چۆن هەموویانت وەلاناوە!؟

گوتی:

ـ هیچ کەس لە نووسینەکانی من ناگا!

سەرم ڕاوەشاندو لە دڵی خۆمدا گوتم:

"ڕاست دەکەی هیچ کەس سەر لە نووسینەکانی تۆ دەرناکا!"

ئەو دۆستە ئەدیب و زانایەم! هونەرێکی دیکەشی هەبوو...

ئەودەم نەخۆشییەکی گەورەی ئەخلاقی تووشی هێندێک لە لاوان ببوو، کە بوولێڵی ئێوارێ دادەهات، پەیژەیەکی کورت و تەنافێکی سەر بە قولاپیان هەڵدەگرت و بەرەڵای کووچەو کۆڵانان دەبوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە هەر ماڵێــک هەســـتیان کردبـــا دەنـــگ و باســـێک هەیە، لە دیوارەکانەوە یان لە دارەکانی شـەقامەوە یـان لە دارتەلەکـانەوە خۆیـان دەگەیاندە پشت پەنجەرەی ژوورەکان و سەریان پێدا دەگرت.

زۆریان لەسەر دار و دیوارەکانەوە بەربوونەوە و نەقوستان بوون.

هێندێکیش لە سەر دارتەلەکان کارەبا لێی دابوون و کوشتبوونی.

بەو حـــاڵەش دەســـتیان هەڵنەدەگـرت و ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیـــان پتـــر دەبوو.

وردەوردە نەک هەر لاوەکان، بەڵکوو پیاوانی وەنێوکەوتـوو و خـاوەن ژن و منداڵیش تەنانەت هێندێ کەسی ناسراو و سەربەدەرەوەش دوچـاری ئەو نەخۆشی‌یە ئەخلاقی‌یە بوون.

بەڵێ ئەو دۆستە ئەدیبەمان ئەو نەخۆشی‌یەی لەگەڵ بوو.

داستانی سەیر و سەمەرەی لەو شەوگەڕی و بنپەنجەرەپشکنینانە بـۆ دەگێڕاینەوە. خۆشـی‌یەکەی ئەوە بـوو زۆر جـاریش داوای لە ئـێمە دەکـرد کە لە گەڵی بچین و لەو شەوگەڕی‌یەدا بەشدار بین!

بە پێشنیارەکەی پێکەنینم دەهات:

"ئێمە تاوانباری سیاسین، ئێستا ئەگەر پۆلیس لەسەر دیـوار و پشت پەنجەرەی خەڵکی بمـانبینـێ چهەنگامەیەک بەرپـا دەبـێ؟!! ئەگەر بڵێـین هاتووینە گەڕان و هەواگۆڕین! چیمان جواب دەداتەوە! خـۆ ئەگەر بشـڵێین دەمانەویست ڕابکەین ئەوە تەکلیفمان ڕوونە!"

ئەو ڕۆژانە زۆرم هەوڵ دەدا ئەو ئەدیـــبە! لاوە تـــێبگەیەنم کە ئەمە کارێکی باش نیە. بەڵام ئەو گوێی لەو جۆرە قسانە نەبوو.

بۆیە دەستم لە دۆستایەتی و هاتوچۆی هەڵگرت.

شـەوێکی سـاردی زسـتان ئەمـن و بـرادەرە دوورخـراوەکەم لە قـوژبنی ژوورەکەمـان ڕاکشـابووین و لە سـەرمان و لە برسـان وەک مێـژۆکە هەڵ-دەلەرزیین.

قەندمان نەمابوو... پارەمـان نەبـوو نەوتـی پـێبکـڕین... چاومـان لە پەنـجەرەکە بڕیبـوو بـزانین کەنگـێ ڕۆژ دەبێـتەوە؟ هـیچ نەبـێ سـەرێکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوکتۆری نەخۆشیی ژنان بدەین و بەخوێندنەوەی چەند شێعرێک ژەمێک نان و دووسێ پێک ئارەقی لێ بستێنین...

برادەرەکەم زۆر ناڕەحەت بوو، و سکاڵای بەدبەختی و ڕۆژڕەشیی خۆی دەکرد.

گوتم:

ـــ هەوڵ بدە خەوت لێ بکەوێ... پیاو کە نووست هەست بە برسیایەتی ناکا! دۆستەکەم پێکەنینێکی تاڵی هاتێ و ددانی دەچیڕەوە بردن:

ـ پیاوی برسی چۆن خەوی لێدەکەوێ؟!

بۆ ئەوەی ناڕەحەتی‌یەکەی نەمێنێ بە گاڵتەوە گوتم:

ـ بخەوە بەڵکوو حەزرەتی خدرت لە خەو بێ!

بە ناڵێنەوە گوتی:

–ئەی حەزرەتی خدر... وەرەو پیاوەتی بکەو لە هاوارمان وەرە... حەزرەتی خدر ئەگەر ئێستا لە هاوارمان نەیەی چرۆژێک بە کەلکی ئێمە دێی؟!

نیوەشەو بوو دەردی خۆم لە لایەک و وڕێنەی برادەرەکەشم لە لایەک زیاتر ناڕەحەتیان دەکردم.

گوتم:

ـ دەبخەوە... با خەوت لێبکەوێ...!

ـ ئاخر بابە چۆن بخەوم، لە سەرمان و لە برسان خەوم لێناکەوێ.

گوتم:

بڕۆ شوکری خوا بکە... هێچ نەبێ ژوورێکمان هەیەو لە ژێر میچێکدا خەوتووین... ئێستا ئەگەر بوومەلەرزەیەک بێ و میچەکەشمان بەسەردا بڕووخێ قوڕی کوێ بەسەردا بکەین؟

برادەرەکەم قاقا پێکەنی:

لەو پێکەنینەماندا لە پڕ لە دەرگایان دا... هەردووکمان سەرمان سوڕما. بێئیختیار هاوارم کرد:

"بەو نیوەشەوە کێیە لە دەرگا دەدا!؟".

برادەرەکەم سەرێکی لە بن لێفەکەی وەدەرناو پرسی:

"پێت وایە کێیە؟"

بە پێکەنینەوە گوتم:

"حەتمەن حەزرەتی خدرە هاتۆتە فریامان!"

"ئێمە ئەو شانسەمان نیە... ڕەنگە عیزرائیل بێ!"

ئەوەی لەپشت دەرگا بوو زۆری پەلە دەکرد بێپسانەوە لە دەرگای دەدا... لە پلیکانەکان هاتمە خوارو دەرگاکەم کردەوە. پێتان وایە کێ بوو؟

هەمان شاعیری شەوگەڕ بوو.

سڵاوی کردو بێئەوەی خوڵقی بکەم هاتە ژوور...

چووینە سەرێ... برادەرەکەم کە چاوی پێکەوت گوتی:

–وەختێکی باش هاتووی، ئێمە خەومان لێناکەوێ و ئامادەین بچینە سەر دیوارو پشت پەنجەرەی خەڵک!

شاعیری لاو پاکەتێکی بەدەستەوە بوو بۆی ڕاداشتم:

ـ کێکم بۆ هێناون!

ـ برادەرەکەم لە خۆشی‌یان پێکەنینێکی درێژی کردو گوتی:

ـ دیوتە حەزرەتی خدر چۆن دێ!

دۆستە شاعیرەکەمان باوەڕی بە قسەی برادەرەکەم کردبوو، پێی چەقاندبوو کە سێ بەسێ بچینە شەوگەڕ! بەڵام ئێمە هەموو فکر و خەیاڵمان ئەوە بوو کە ئەومان لە کۆڵ بێتەوە و بەربینە کێکەکە!

سەرەنجام شاعیری لاو سەری سووک کردین و ڕۆیشت...

ئێمەش وەک لە قاتی ڕزگارمان بووبێ، پەلاماری کێکەکەمان دا. کاتێک پارووی چوارەمم خستە دەممەوە، بۆنێکی تایبەتم لێکرد... لە برادەرەکەمم پرسی:

ـ ئەم بۆنە چیە!؟

ئەرێ بەڕاست وا بزانم بۆنێکی لێ دێ!

-نا بابە... بخۆ پێت خۆش دەبێ... پارووی چوارەمیشمان خوارد.

ئەمجارە برادەرەکەم گوتی:

ـ ئەرێ بەڕاست تامێکی تایبەتییشی هەیە!

ئێستا نۆرەی من بوو ڕەخنەی لێبگرم، گوتم:

-خۆت لێگۆڕاوە بەو نیوەشەوە حەزرەتی خدر کێکی بۆ ناردووی، ئێستا لێدەبینەوە.

کاتێک پارووی پێنجەممان خوارد برادەرەکەم کە لە من پیرتر و لاوازتر بوو،چاوی لێلوپێڵ بوون، ڕەنگ و ڕووی تێکچوو. پاشانیش دەستی بە زگیەوە گرت و دەستی کرد بە ناڵەناڵ... ئەمنیش هەستم بە جۆرە دڵپێکداهاتنێک کرد، بەڵام بەوحاڵەش پرسیم:

ـ چ بوو؟

برادەرەکەم لە سەر زەوی ڕاکشابوو، گینگڵی دەدان. هاواری دەکرد:

ـ دەرمانداو بووین.

گوتم:

ـ بۆچی دەرمانداومان دەکەن؟

ـ نازانم بۆ؟... بەڵام دەرمانداو بووین...

راستیشی دەکرد... ئەمنیش تێکچووم... ئەمنیش کەوتم و بە جووت دەستمان بە ناڵین کرد. برادەرەکەم گوتی:

ـ ئەگەر نەختێکمان ماست دەست کەوێ باشە!

ـ سیریشت دەوێ؟

ـ ئەگەر هەبێ زۆر باشە.

سیر و ماست باشترین دەرمانی دەرمانداوبوونە!

ـ کوڕە تۆ دەڵێی چی... بەو نیوەشەوە سیر و ماستی چی!؟

دۆستەکەم جوانوقازاخ دەستی کرد بە تازیە خوێندنەوە:

-لەو غەریبایەتی‌یە بە زەلیلی دەمرین و لاشەکەشمان بۆگەن دەکا. کەس نابێ بمانێژێ!

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کاتێکدا بۆخۆم خەریک بووم بخنکێم دەستم بە دڵخۆشیدانەوەی دۆستەکەم کرد:

ــ هیچ نابێ برام! ناڕەحەت مەبە... قامک بنگێوە با لە ژێڵلابێ! چاک دەبێ.

هەردووکمان کەوتینە قامکئەنگاوتن... ئەمن بۆ ئەوە حەساسیەتم زۆرە.

ـئەگەر لە دەریادا بە حاڵوباڵ شەپۆلێک هەبێ دەڕشێمەوە، تەنانەت هەر کاتێک سواری (تراموای)* دەبم مەعیدەم تێک دەچێ!

بەڵام ئەو شەوە هەر هەرچی کردم و کراندم نەڕشامەوە. قامک هیچ، هەموو پەنجەم ڕۆهێشتە گەرووی خۆم سوودی نەبوو. دیارە گەدەشم ئەوەندەی کوێرەوەری و ناڕەحەتی دیوە کە لە ژیان بێزار بووە!

برادەرەکەم بە ناهومێدی گوتی:

ــ تەگبیرمان چیە؟ دەمرین...

ـچبکەین. هەڵبەت ئاو و گڵی بوورسامان بە نسیب بووە، ئەوش قیسمەت!

---

*جۆرە پاسێکی هاتوچۆی نێو شارە، بە کارەبا ئیش دەکاو لە سەر هێڵی ئاسندا دەڕوا. ــ وەرگێڕـ

بەڕاستی لەو قسەیەی خۆم هەموو گیانم دەلەرزی. منداڵەکانم هاتنە پیش چاو. کچە حەوتساڵەکەم و کوڕە پێنجساڵەکەمم بە چاوی فرمێسکاوییەوە هاتنە پێش چاو. ئەوەندە ناڕەحەت بووم هێندەی نەمابوو شێت بم... بێ ئیختیار هەتا هێزم تێدا بوو مستێکم لە زگی خۆم دا... زگم ئەوەندە ئێشا کە فرمێسکم لە هەردوو چاومەوە لووزەوی بەست.

برادەرەکەم گوتی:

-نەمگوت ئێمە ئەو شانسەمان نیە حەزرەتی خدر بێتە لامان و عیزرائیل زووتر دێ!

هەردووکمان چاومان لە دەرگاوە بڕی و چاوەڕوانی عیزرائیل بووین... لە ئێش و ئازاری خۆمان بێهۆش بووین و ئیدی نەمانزانی چ-بوو!

بڕوانە ئەو بەدبەختی‌یە! پاش دەدوازدە سەعات بێهۆشی هەردووکمان لەو خەوە تێکەڵ بە مەرگە وەخەبەر هاتین... دەرکەوت دەرمان داوبوونیش بە ئیمە ناوێرێ و مردنیش لەبەرمان هەڵدێ... وەخەبەر هاتین، بەڵام چ وەخەبەر هاتنێک؟ هەردووکمان تووشی ژانەزگ و ڕەوانی‌یەکی سەخت بووین کە هەتا حەوتوویەک بەری نەدایین.

*

دەسەسڕەی وەک بەفر سپی

وەختێک ناوی بوورسا دێ، پیاو قوماشی ئاوریشم و بەڕووە خاسەک و گەرماوەکانی وەبیر دێتەوە.

ئەوانی پێشەوە لێگەڕێ، چونکە دەست مەمانان ناکەون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام داخوا دەتوانین بچینە گەرماوەکانی؟

سەرنجام توانیم گەرماوی بوورساش ببینم، هەروەک بۆ فرۆشتنی بەتانییە کۆنەکەم هەموو بوورسام پشکنی تا بازاڕی کۆنەفرۆشانم دیتەوە.

دوایەش جاروبار بۆکڕین و فرۆشتن دەچوومە وێ.

کڕین؟ چت عەرز کەم!

ئەمە هەر بۆ وەزنی شێعرە، ئەگینا ئەمن نەمدەتوانی هیچ بکڕم.

کاری من هەر ئەوە بوو کە هەرچیم هەبوو دەمفرۆشت.

لە بازاڕی کۆنەفرۆشان لەگەڵ پیاوێکی پیر بوومە ئاشناو زوو بووینە برادەری یەکتر، یادی بەخێر، پیاوێکی زۆر باش بوو، هەرچەند هیچ شتێکمان وەک یەک نەدەچوو، بیروباوەڕمان بەتەواوی پێکەوە دەگونجا.

لەبوورسا ئەو پیرەپیاوە کۆنەفرۆشە یەکێک لە باشترین کەسانێک بوو کە لەگەڵیان بوومە ئاشنا.

وەبیرم دێ سەردەمی لاوەتیم ئەو کاتەی لە ئەستەمبووڵ سەروسامانێکم هەبوو، لەگەڵ کچێکی جوان و لەبەردڵان بوومە ئاشنا. کچەکە زۆری پێخۆش بوو بچینە سینەما.

لەشوێنی کارەکەم کە لە (تەقسیم) بوو هاتینەدەرو ملی شەقاممان گرت بەرەو سینەما.

هەروا کە تەماشای بەرنامەی سینەماکانمان دەکرد بە ڕێکەوت تووشی چەند کەسی ناسیاو بووین و سڵاویان لێکردم.

کچەکە بەشێویەکی سەیر تەماشای کردم و گوتی :

-چەندت دۆست و ئاشنا زۆرە! هەموو هەر سڵاوت لێدەکەن! بەقسەی کچەکە نەختێک فیزم بزووت و گوتم :

ـ ئەی چۆن؟ هەموو کەس من دەناسێ....

کچەکە پێکەنی و بە دەنگێکی بە ماناوە گوتی :

ـ بەڵام ئەوانەی سڵاویان لێکردی، پیاوێکی پیاویان تێدا نەبوو!

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر ئەو سەلام و کەلامە بووە هۆی ئەوە کە دۆستایەتیی من و کچەکە زۆر نەخایەنێ و خاتوون تێگەیشت کە ئەمن بەکەلکی ئەو نایەم!

بەڵام دۆستایەتیی من و پیری کۆنەفرۆش لەگەڵ ئەوەی هەموو شتێکمان لێک دوور بوو ڕۆژبەرۆژ بەهێزتر دەبوو. بەتایبەتی ئەو زۆری خۆش دەویستم و زۆر هەوڵی دەدا چاکەیەکم لەگەڵ بکا.

هەموو کەس ماخولیایەکی هەیە. کەس پەی بە ماخولیای خۆی نابا، بەڵام زوو ماخولیای خەڵکی دیکەی بۆ دەردەکەوێ.

ماخولیای پیری کۆنەفرۆش خەمخواردن بۆ کچی گەڕاوەوە و پیاوی پیری ڕەبەن بوو. نازانی چەندیان پێوە ماندوو بووا!! ئامادە بوو داروونەداری خۆی خەرج بکا، بۆ ئەوەی قەیرە کچێک بەشوو بدا، یان ژن بۆ پیرەپیاوێکی ڕەبەن بێنێ!! با ئەوەش بڵێم کە ژنەکەی خۆی پێش ماوەیەک دوای نەخۆشی‌یەکی دوورودرێژ مردبوو، و مامەپیرە بەدوای یەکێکدا دەگەڕا کە منداڵەکەی بۆ بەخێو بکاو بۆخۆشی جێوبان تازە بکاتەوە.

تەنیائارەزووی ئەوە بوو کە دەزگایەکی ژن بەشووودان دامەزرێنێ!

ئەودەم ئەو چەشنە فکرانە بەشێتی دادەنران، کێ دەیزانی لەوانەیە ڕۆژێک دابێ کە دەوڵەت بۆ خۆی ئەو جۆرە دەزگایانە دامەزرێنێ.

بەکورتی ئەو دۆستە ڕووناکبیرە دەرفەتی چوونی من بۆ گەرماوی بوورسای ڕێک خست.

ئەو ڕۆژەی قەرار بوو ئەمن و برادەرە هاومەنزڵەکەم لەگەڵ پیری کۆنەفرۆش بچینە گەرماو، بڕیارم دا جلە کۆن و چڵکنەکانیشم بەرم و لەوێ بیانشۆم.

جلشوتن لە بوورسا بۆ ئیمە ژانەسەرێکی گەورە بوو، پارەمان نەبوو بیاندەین بە جلشۆر. نە ئەو خانووەی تێیدا بووین ئاوی گەرمی هەبوو، نە خۆشمان هیچمان هەبوو ئاوی تێدا گەرم بکەین، بێجگە لەوەش، هیچمان نەبوو جلی تێدا بشۆین. کەوابوو، چلەوە باشتر کە بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تیرێک دوو نیشانە بشکێنین، هەم کەلک لە قازانجی تەندروستیی گەرماوەکە وەرگرین و هەم جلەکانیشمان بشۆین.

لەدڵی خۆمدا گوتم: خوا ئەو گەرماوەی بۆ ئێمەی دوورخراوەی لێقەوماو دروست کردوە؛ هەم نەخۆشی‌یەکانمان چاک بکاتەوەو هەم جلەکانمانی تێدا بشۆین.

جلە چڵکنەکانم پڕی بوخچەیەکی گەورە بوون. جلشۆرێکی ئازا لە بەیانی‌یەوەتا ئیوارێ خەریکیان بایە، بەزەحمەت بۆی دەشۆران.

لە کتێبەکان‌دا خوێندبوومەوە کە گەرماوی بوورسا زۆری کەرەسەی مەعدەنی تێدایەو لە هەموو بارێکەوە دەڵەمەندە. (رایۆن ئیکس) و (تیشکی مینگتن) و(ئوڵتراڤایۆلێت) و سەدان چەشنە ڤیتامینی تێدایە.

دەمەویست ئێستا کە پاش چەندین‌ساڵ دەرفەتم بۆ ڕێکەوتوە، لە هەموو خاسیەتەکانی ئەو نیعمەتە خوایی‌یە کەلک وەربگرم.

نازانم ئەم داستانەتان بیستوە یان نا! "پیاوێکی هەژار چەند ساڵ بەئاواتەوە بوو بچێتە قەراخی دەریا خۆی بداتە بەر هەتاو. پاش ماوەیەک کە ئاواتەکەی هاتە دی، ئەوەندە لەنێو ئاوی دەریا مایەوەو خۆی دایە بەر هەتاو کە هەموو پێستی لەشی سووتاو هەتاو بردی. چەند مانگێک لە جێدا کەوت و سەرەنجام عومری درێژی بۆ ئێوە بەجێهێشت".

ئەمنیش ئەو دەردەم بەسەر هات... هێندێ کەس کە کاری گەوجانە دەکەن لەڕووی نەزانی و بێخەبەری‌یەوە نیە، بەڵکوو بێپارەیی پێیان دەکا. گەیشتمە شوێنی گەرماوەکە. لەنێوەڕاستی مەیدانێکی گەورەدا کە گومبەزێکی بەرزیان لە سەر دروست کردبوو ئاوەکە لەزەوی هەڵدەقوڵی.

لە چواردەوری ئەو حەوزە گەورەیە هێندێ حەوزی چووکەڵەیان دروست کردبوون کە ئاوێکی لێڵی ڕەنگ سەوزیان تێدابوو.

هەڵمێکی خەستی وەک دووکەڵی سیگار لە حەوزە چووکەڵەکان هەڵدەستاو هەوایەکی قورس بۆشایی پڕ کردبووەوە. بۆنێکی تایبەتی لووتی بنیادەمی ختووکە دەدا. دەمزانی ئەو بۆنە کە زۆریش نەبوو،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرهەمی تەرکیباتی فسفۆرو زیوو قورقوشم و گۆگردە. حەمامکردن لەو ئاوە مەعدەنییەدا سوودی یەکجار زۆرە.

دەیانگوت ئادەمیزادی شەل و ئیفلیج ئەگەر بچنە نێو ئەم ئاوە بە ساخ و سلامەتی دێنەوە دەرو دەتوانن سەما بکەن !

دیارە وەختێک ئەمن لەو ئاوە دێمە دەرێ، بەبالان دەفرم!

پیرەپیاوە کۆنەفرۆشەکەو دۆستە هاوژوورەکەم چوونە نێو ئاو.

ئەمنیش لە تەنیشت حەوزێکی چکۆلەوە دەستم کرد بە جلشوتن. دەمەویست لەپێشدا گۆرەوی و دەسەسرەکانم بشۆم، دوایە بۆخۆم بچەمە نیو ئاوەکە. لە خۆشیی ئەوەی دوای خۆشتن لەو ئاوە گەرم و مەعدەنییەدا ژانی پێ و نارەحەتیی دەمارەکانم هێدی دەبێ، هەر ئەوەندە بوو هەلنەدەپەریم.

(تیشکی رایۆن ئیکس)، (گوگرد)، (زیو)، (قورقوشم).

نازانم چەندی پێچووبوو، ئەمن هەروا خەریکی شیووکول بووم، برادەرەکەم گوتی:

ــ ئێمە خەریکین دێینە دەرێ بۆچی خۆت ناشۆی؟

هێشتا لە شوتنی گۆرەوی و دەسەسرەکانم نەببوومەوە گوتم:

ــ ئەمن دوایە خۆم دەشۆم.

هەوالەکانم لە ئاوەکە هاتنەدەر، جلەکانیان لەبەر کردەوەو چوون تەماشای دەرێ بکەن.

ئەمن هەر وا خەریکی جلەکانم بووم و بۆ ئەوەی باشتر خاوێن ببنەوە پتر تینم دەدانێ.

حەمامچییەکە هات و گوتی:

ــ هەوالەکانت چاوەرێتن.

جوابم دایەوە:

ــ بلێ کەمێک راوەستن ئێستا دێم.

ــ بۆ ئەوەی کارەکەم زووتر تەواو بکەم، زیاتر تینم تێکرد.

کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

–پشووم سوار ببوو و بە هانکەهانک تینم دەدا جلەکان بۆ ئەوەی باشتر خاوێن ببنەوە.

–جارێکی دیکەش هەواڵەکانم بە دوایاندا ناردم، هەرچەند جاری ئەوان وەڵامیان دەدا بێ بابڕۆین، پترم تین دەخۆم دەکرد...

ـ لە دڵی خۆمدا دەمگوت:

"کوڕە غیرەت وەبەر خۆت نێ، تیشکی ئێکسەها! دەی ڕووحم بی، زیو... گۆگرد... ها... دەی ڕۆڵە... زووکە".

لە پڕ هەستم کرد سەرم گێژ بووە، بەری چاوم تاریک بوو. لە هۆش خۆم چووم و ئیدی نەمزانی نەشەوە نە ڕۆژە. ببوورن، خەریک بووم دەرپێیەکەم دەشوت. ئەو دەرپێیەم وا توند لەنێو هەردوودەستمدا گرتبوو هەرچی هەوڵیان دابوو لە دەستمی دەربێنن بۆیان نەکرابوو. ئاخر هەتا دەگا بە بێهۆشی، ئەگەر بشمردبایەم دەرپێیەکەم لە دەست نەدەهاتە دەر.

ڕاستە کە ئەمن زۆرم ناڕەحەتی کێشاوە، بەڵام هیچ شتێک وەک بێ-دەرپێبوون ناخۆش نیە!

پاش ئەوەی ماوەیەک برادەرەکانم هەڵیان گلۆفیبووم و پەڕۆ کۆنیان لە بەر لووتم سووتاندبوو، وەهۆش هاتمەوەو لەو مەترسیە گەورەیە ڕزگارم بوو. هەر کە چاوم هەڵینان پرسیم:

ـ جلەکانم کوان؟

دەوروبەرەکەم پێکەنین و دەستیان بۆ لای دەستەکانم ڕاداشت:

ـ ئەوەتا بەدەستتەوە!

ماوەیەک سەیری دەرپێیەکەم کرد و پرسیم:

ـ ئەوانی دی کوان؟

چوون جلە تەڕەکانیان بۆ هێنامەوە،ئەمن هێشتا هەر وڕێنەم بوو: "ڤایۆلێت... یۆد... گۆگرد... تیشکی ڕایۆن".

ئەمەش داستانی چوونە گەرماوەکەم، پاش ئەو هەموو زەحمەتەو دوای چەند مەنگ ئارەزوو کە گۆیا بچم خۆم لە گەرماو هەڵکێشم ، نەک

هەر نەمتوانی خۆم بشۆم، بەڵکوو هێندەشی نەمابوو ببمە قوربانیی تەرکیباتی گەرماوەکە!

ئەو چوونەگەرماوە تەنیا قازانجێکی بۆ من هەبوو، سێ دانە لە دەسەسڕەکانم باش خاوێن ببوونەوە وەک بەفری سپی‌یان لێهاتبوو.

ڕەنگە ئێوە نەزانن دەسەسڕە بۆ پیاوی دوورخراوە چەند شتێکی پێویستە!

بەڵێ... بۆ بابایەکی دوورخراوە دەسەسڕە لە هەموو شتێک پێویستترە.

هەم بۆ ئەوەی فرمێسکی چاوی پێ وشک کاتەوە هەم بۆ ئەوەی دەم و لووتی خۆی پێ بسڕێ.

*

## بنکڕی بیرەوەری‌یە تاڵەکان

دەمەوێ دوارۆژەکانی دوورخرانەوەم لێرەدا ببڕمەوە.

بیرەوەری‌یە تاڵەکانم وەلا نا. ئەوانی خۆش و پێکەنینهێنم بۆ ئێوە جیا کردۆتەوە!

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنیا دۆستێکم کە تـا دوارۆژەکـانی دوورخـراوەییم لەگەڵـم گەرم بـوو پەیکەرتاشێک بوو کە ناوی حیکمەت بوو. هەرچەند کـارەکەی زۆر پوخـت بــوو، پەیــکەری زۆر جــوانی دروســت دەکــردن، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئەســتەمبووڵ نەیتوانیبــوو بەو کــارە ژن و منــداڵەکەی بەخێــو بکــا، خەزووری بەزەیی پێدا هاتبۆوەو ناردبووی لە بوورسا ببـووە دەرکەوانـی خانوویەک.

لەڕاستیدا حیکمەتیش دوورخراوەیەک بـوو. بەڵام ئـێمە دوورخـراوەی سیاسی بووین و ئەم لەبەر هەژاری و نەداری دوور خرابۆوە.

لەوەندە بەولاوە هـیچ شـتێکمان وەک یەک نەبـوو. هەر ئەوەنـدە لەو بوورساگەورەیەدا دوو کەسی نەدیوو نەناسیاوی پێکەوەکردبـووە بـرادەر. کاتێک دەردی حیکمەتم زانی، دەردی خۆم لە بیر چـۆوە. کاروبـاری خـۆم وەلا نـابوو، دەگەڕام مشـتەری بـۆ حـیکمەت پەیـدا بکەم کە پەیـکەری پـێ دروست بکەن. زۆرم مشتەری بـۆ دۆزیەوە. دیـارە حـیکمەت لە دەرکەوانـی نەجاتی بوو، بەڵام بە زیانی تەواو بوو. هەمیشە بیر لـەوە دەکەمەوە:

"ئەگەر ئەو حیکمەتە پیاوێکی پارەدارو کارزانیش بایە دیسـان ئـامـادە بوو خزمەتی ئێمە بکا!"

ئەم جۆرە فکرانە هەمیشە گیانی ئـادەمیزاد ئـازار دەدەن و دەرهەق بە کۆمەڵ ڕەشبینی دەکەن. بەڵام چ بکەم، بە دەست خۆم نیەو هەمیشـە هەر خراپم هاتۆتە ڕێ!

لە بوورسا دۆستێکی دیکەشم پەیدا کرد لە خۆم شێت و ماخولیـادارتر بوو. قرۆشێک پارەی لە گیرفاندا نەبوو. بەڵام ئەوەندە خـۆش بـوو پیـاو بە قسەکانی دەپچڕا لە بەر پێکەنین! هەمیشە دەیگوت:

ــ ئاخ چەند خۆش دەبوو پار پێکەوە ببایـنە ئاشنا!

ساڵێک پێشـتر بـابی مردبـوو، پەنجـاهەزار لیـرەی میرات بـۆ بەجـێ مـابوو. بـێویـژدانە بە سـاڵێک هەمـوو پـارەکەی هەڵلووشـیبوو، و بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جارێک نابووت ببوو. ئێستا هەر ئەوەندە مابوو باسی پارەکەیمان بۆ بگێڕێتەوە:

-ئاخ پار لەگەڵ تۆ دەبوومە ئاشنا دەمگوت: "بگرە ئەمە دەهەزار لیرە" سەد بریا پار یەکترمان ناسیبایە!

هەر وەختێک چاومان بەیەکتر بکەوتایە ماوەیەک ئەم قسانەی دەکردو بۆ بەدبەختی هەموو ڕۆژێکیش دەمدی!

ئەوەندەی لەو قسانە بۆ هەڵڕشتبووم کە دەتگوت ئەمن پارەکەم لێ‌ئەستاندوەو پێی قەرزدارم! ئەگەر ئەمن پار لە بوورسا بووایەم پارەکەی بەفیڕۆ نەدەداو ئێستا کە لەوێ نەبووم خەتابارم!

وەختی شێو و نیوەڕۆیان هەر لەگەڵ سفرەمان لێک دەکردەوە، برادەرەکەمان وەژوور دەکەوت و داستانەکەی دەست پێ‌دەکردەوە:

ـ ئاخ، پار لە کوێ بووی؟

ئێمەش ناچار بووین خوڵقی بکەین:

"فەرموو پاروویەکمان نان لەگەڵ بخۆ"

برادەرمان بێ شەرم و شکۆ دادەنیشت و داستانەکەی دووپات دەکردەوە:

"حەیف کە درەنگمان یەکتر ناسی".

چوار پێنج ساڵ دواتر ڕۆژێک لە ئەستەمبووڵ چاوم پێی کەوتەوە، دیسان هەر ڕووت و نابووت بوو. دوای ڕۆیشتنی من لە بوورسا میراتێکی دیکەشی پێ بڕابوو، بێویژدانە کلکی ئەویشی هەڵکەندبوو. هەر کە چاوی پێم کەوت گوتی:

-براله ئەتۆ لە کوێ بووی؟ ئەمن دیسان نابووت بوومەوە، نازانی چەندەت بە دوادا گەڕام! ئەگەر پار دەستم بکەوتایەی چەند باش دەبوو!

لە دڵی خۆمدا گوتم:

"ئەمن چ کارێکم لە وەختی خۆیدا کردوە کە ئەمە ببێتە دوو. هەر کەس من دەبینێ میراتەکەی خواردوە!.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکێک لە دۆستەکانی من لە بوورسا کە قەت لە بیرم ناچێتەوە منداڵێک بوو. ئەو منداڵە کوڕی دراوسێیەکی ئێمە بوو، تەمەنی دەوری پێنج ساڵێک دەبوو. مووزەرد و خوێنشیرن و ڕەزاسووک بوو، زۆریش وەک کوڕەکەی خۆم دەچوو. هەموو بەیانییەک لە ماڵێ دەهاتەدەرو لەبەر دەرگای حەوشەکەیان چاوەڕوانی منی دەکرد.

هەر کاتێک ئەوم دەدی کوڕەکەی خۆمم بیر دەکەوتەوە، بۆیە هەموو ڕۆژێ پێنج قرۆشم لە خەرجی خۆم دەگێڕایەوەو بەیانییان کە چاوم پێی دەکەوت دەمبردە دوکانی بەقاڵەکە و چوکلێتێکم بۆ دەکڕی.

رۆژێکیان بەیانی کە لە ماڵێ دەرکەوتم، هەر کە دۆستە چکۆلانەکەم غاری داو دەستی کردە ئەستۆم دەنگێکی زبر لە دواوە بانگی کرد.

باوکی بوو. لەبەردەرگا ڕاوەستابوو. کوڕەکە لە ترسان سپی بوو. سەری داخست و چۆوە لای باوکی. کابرا منداڵەکەی دایە بەر زللەو زۆری جنێو پێدا:

"بۆچی لەگەڵ کابرایەکی دوورخراوە قسە دەکەی!".

لەوە بە دواوە قسەم لەگەڵ ئەویش نەکرد. هەموو بەیانییەک کە وەدەردەکەوتم منداڵەکەش لەبەر دەرگای خۆیان چاوەڕێم بوو. هەردووکمان تەماشای یەکترمان دەکرد. منداڵەکە سەری دادەخست و ئەمنیش هەر وەک منداڵی خۆم بێ و نەیانهێشتبێ بیدوێنم، بە دڵپڕی تێدەپەڕیم و وەدوای کار (!)ی خۆم دەکەوتم.

زۆربەی ڕۆژەکان کاتی خۆم لە کتێبخانەکانی بوورسا بەسەر دەبرد. ڕۆژێکیان لە کتێبخانەی "گەل" بە دەم خوێندنەوەوە سەیرێکی دەوروبەری خۆمم کرد.

دەستەیەک سەرگەرمی کتێبخوێندنەوە بوون. لە نێو ئەماندا دوو کوڕی لاو نەک هەرکتێبیان نەدەخوێندەوە، بەڵکوو بە هەموو قەوەتی خۆشیان قسەیان دەکردو گاڵتە و پێکەنینی بێتامیان دەست پێکردبوو!

هەموومـان نـاڕەحەت بـووین، هەرچـی تەماشـام دەكـردن، بێـدەنگ نەدەبوون. لە دین دەرچووبـووم... سـەرەنجام خـۆم پـێ ڕانەگیـراو ڕووم كردە ئەوەیان كە زیاتر پێی لێ هەڵێنابوو.

گوتم:

"برایان! ئەمن ڕستەیەک چەند جار دەخوێنمەوە نـازانم دەڵـێ چـی... دەكرێ نەختێک بێدەنگ بن!".

ئەوان پتـر دەنگیــان هەڵێنــاو دەســتیان بە ئــۆیندەرهێنــان كـرد! بەتووڕەیی لە كتێبخانە وەدەر كەوتم. لە جادە هەستم كرد یەكێک بەغـار بەدوامدا دێ و بـانگم دەكـا. ئـاوڕم دایەوە دیـتم یەكێـک لەو كـوڕانەیە كە گاڵتەیان پێ دەكردم و ئەمنیش خۆم لێ تووڕە كردن. پێم وابـوو دەیەوێ سووكایەتیم پێ بكا، توندتر ڕۆیشتم.

كـوڕەكەش تونـدتر غـاری داو خـۆی گەیانـدمێ... وەختێـک لە پەنـام ڕاوەستا گوتی :

ــ ئەتۆ عەزیز نەسینی ؟

ــ بەڵێ.

ئەمجارەیان بەشەرمەوە سەری داخست و گوتی :

-زۆر ببـوورە. لە دەفـتەری كتێبخـانەدا نـاوی تـۆم دی، بـۆیە هـاتم داوای لێبووردنت لێبكەم !

چـاوم پـڕ بـوون لە فرمێسک... تێگەیشـتم هێشـتا كەسـێكی وا هەیە لەبەر خاتری ناوەكەم حورمەتم بگرێ...

سـەردەمی دوورخراوەیـی مـن هەرچەنـد زۆر نـاخۆش گـوزەرا، بەڵام وەک عومری دوژمن كورت بوو!

وەختێـک گەڕامەوە ئەسـتەمبووڵیش تـازە سـەرەتای نەگبەتـیـیەكە بوو، هەرچی لەوێش پـێكمەوە نـابوو هەمـووی تێـک چووبـوو، و دەبـوو سەرلەنۆی دەست بەكار بكەمەوەو ماڵێكی تازە پێكەوە بنێمەوە.

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خـوێنەری خۆشەویست! ڕەنگە زۆر حەز نەکەی بزانـی ئەمـن لەسـەر چی دوور خرامەوە. بۆیە خەراپ نیە بە کورتی هۆیەکەیت بۆ باس بکەم.

ئەودەم تازە دەنگۆی قەرزوەرگرتن لە ئەمریکا داکەوتبوو... دەوڵەت دەیەویست بۆ ڕێکوپێکـکردنی کارەکان پارە لە ئەمریکا قەرز بکا...

لەبەرئەوەی ئەمــن قوتــابیی مەکتەبــی ئەتــاتورکم و یەکێــک لە ئامۆژگاری‌یەکانی ئەو پیاوە مەزنەش بۆ خەڵک ئەوە بوو کە :

"نــاڕەحەتی بچێــژن، بەڵام خۆتــان قەرزدار مەکەن"، بە بیســتنی خەبەری قەرزوەرگرتنـی دەوڵەت زۆر نـاڕەحەت بـووم، و لە ڕووی ئیمـان و بـاوەڕەوە وتـارێکی کـورتم نووسـی و سـەرنجی دەوڵەتـم بـۆ ئاکـامی خراپی قەرزوەرگرتن لە وڵاتانی دەرەوە ڕاکیشا...

لەسـەر ئەم فزوولـی‌یە بێجـێ‌یە! دادگـای خـاوەنسـەڵاحیەت! کە ئەم وتارەمی بە پێچەوانەی سوودو قازانجی نیشتمان دانابوو منـی بە حەپـس و دوورخرانەوە مەحکووم کرد.

لەدوای مـن زۆر کەسـی دیـکەش وتـاری زۆر تونـدو ئاگرینیـان لەو بـارەیەوە نووسـین کە وتـارەکەی مـن لە چـاو ئەوان "هێلکەڕۆنـی سـەر چاوان" بوو. بەڵام عەیبی من ئەوە بوو کە لەدارودەستەی ئەوان نەبووم.

ئەمن لاوێکی سی ساڵەو خۆینگەرم و بەبیروباوەڕ بـووم، بەڵام ئەوان چـت عەرز کەم! گونـاحی مـن ئەوە بـوو کە پـێم لە بەڕەی خـۆم زیـاتر ڕاکێشابوو!

بەبیروڕای ئەوان هەر کەس دەبێ سنووری خۆی بزانێ!

ئەو دەورانی بەندیخانەو دوورخراوەیی‌یە بۆ مـن قـازانجێکی هەبـوو. پاش دە ساڵ ڕەنج و کوێرەوەری تێگەیشتم هەمـوو کەس مـافی ئەوەی نیە نیشتمانپەروەر بێ!

ئەم سیفەتە بەرزەش هەر بۆ دەستەیەکی تایبەتی دانراوە!

یەکەم پرسیار کە لێکۆڵەر لە منی کرد ئەوە بوو کە :

–قورمساخ ئەتۆ هەقت چیە بۆ نیشـتمان بیـر بـکەیەوە؟ چمـا بنیـادەم قات بوون کە ئەتۆ دەتەوێ ئەم نیشتمانە بپارێزی؟؟

ئێستا هەر کاتێک یادی ئەو ڕۆژانە دەکەمەوە، پێکەنینم دێ. نازانم ئێوەش بەم بیرەوەری‌یانە پێکەنینتان هات، یان نا!

*

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەمەگناسین

بە ئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم پڕبەدڵ سوپاسی ئەدیبی بەناوبانگ مامۆستا موحەممەدی مەلا کەریم بکەم کە بەم تەرجەمەیەدا چۆوە و تێبینیی بەکەلکی دامێ. (*)

هەروەها سوپاسی برای بەڕێزم کاک کەریم ئەحمەد سەعید دەکەم کە بە وردی و ئەمانەتەوە بۆی نووسیمەوە.

Commented [A1]:

*

# وتەیەکی پێویست

بۆ ئامادەکردنی چاپی سێیەمی ئەم ڕۆمانە کە ساڵی ١٩٧٩ واتە ٣٨ ساڵ پێش ئێستا کراوە بە کوردی پێم خۆش بوو هەم ڕێنوسەکەی دەسکاری بکەم بۆ ئەوەی لەگەل کارەکانی ئەم دوایی‌یانەم بێتەوە و هەم بەبەر پیت‌چنینی دووبارەیەوە ئەگەر وشەیەکم بەدڵ نەبوو بیگۆڕم ئەو کارەشم کردوە کە بۆخۆم پێموایە ئەو دەسکاری-یە دەقە کوردی‌یەکەی پێ جوان بووە. بەدروستم زانی خوێنەرانیش لەو دەسکاری‌یە ئاگادار بکەم.

ئاوریل (نیسان)ی ٢٠١٧ باشووری کوردستان–کۆیە

عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە

---

(*)بەداخەوە ئێستا کە ئەم ڕۆمانە بۆ چاپی سێیەم ئامادە دەکرێ زیاتر لە مانگێکە مامۆستا کۆڕی ئەدیبانی بەجێ‌هێشتوە و تێکەڵ بە کاروانی نەمران بووە. ڕووحی شاد بێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org